**رۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە بایەخدان بە پرسی جێندەر لە هەرێمی کوردستاندا**

**(ڕاگەیاندنی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان بە نموونە)**

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر کراوە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زانستی تەکنیکی میدیا

لە لایەن

**ئاڤان فارس ئەسعەد جاف**

بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن - زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- 2014

بە سەرپەرشتی

**پ.ی.م. هەردەوان محمود کاکەشێخ**

هەولێر- کوردستان

**2023**

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە ناونیشانەکەی بریتیە لە **(ڕۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە بایەخدان بە پرسی جێندەر لە هەرێمی کوردستاندا-ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بە نموونە)** هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەگ شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.



واژۆ:

ناوی قوتابی: ئاڤان فارس ئەسعەد جاف

ڕێککەوت:23/ 10 / 2022

**پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار**

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆریی ڕاگەیاندن، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژۆ:

ناو: پ.ی.م. هەردەوان محمود کاکەشێخ

ڕێکەوت:٢٣/١٠/ 2022

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژۆ:

ناو: م.ی منصور نورالدین حسن

سەرۆکی بەشی تەکنیکی میدیا

ڕێکەوت:٢٢/٩/ 2022

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

واژۆ:

ناو: کۆسار نجم الدین محمد

بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ

ڕێکەوت:٦/١١/ 2022

## بڕیاری لیژنەی تاقیکرنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو نامەیەی ماستەرنامەیەمان ناونیشانی بریتی بوو لە ( **ڕۆڵی بازارسازیی کۆمەڵایەتی لە بایەخدان بە پرسی جێندەر لە هەرێمی کوردستاندا (ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بە نموونە)** خوێندەوە و قوتابیەکەمان ناوی **(ئاڤان فارس ئەسعەد)** بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقی کردەوە. ئێمە بڕیاردەدەین پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی میدیایی تێدایە.

واژۆ:
ناو:
ئەندام
ڕێکەوت: … / … / 2023

واژۆ:
ناو:
ئەندام
ڕێکەوت: … / … / 2023

واژۆ:
ناو:
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: … / … / 2023

واژۆ:
ناو:
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: … / … / 2023

واژۆ:
ناو:
ڕاگری کۆلێژ
ڕێکەوت: … / … / 2023

## پێشکەشە

- پێشکەشە بەخۆم سەرەرای ئەوەی زۆر کەس ساردی ئەکردمەوە لەسەر ئەو بابەتە بنووسم، بەڵام سووربووم وازی لێنەهێنم.
- بە ئەندامانی خێزانەکەم، بەتایبەت دایک و باوکم.
- سەرپەشتیاری ماندوونەناسم مامۆستا هەردەوان نەقشبەندی، زۆر هاوکار و هەماهەنگ بوو تا کۆتایی نووسین.
- مامۆستایانی بەشەکانی راگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان.
- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- بەرێز:قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان.
- کادیر و کارمەندانی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان، بەتایبەت رێکخراوی ئێمە.
- یەکەی جێندەری لە نووسینگەی جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
- هاورێیانی ئەزیزم(م.ئەرسەلان رەحمان، فەرمان سادق) لە وەرگێرانی بابەتەکان هاوکارییان کردم.
- ئەو کەسانەی هاوکارییان نەکردم.

ئاڤان فارس ئەسعەد جاف

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ (پ.ی.م. هەردەوان محمود کاکەشێخ) ئەرکی سەرپەرشتی توێژینەوەکەمی لەئەستۆ گرت، ڕێزی لە تێبینی و ڕاو بۆچوونەکانم گرت.
- سوپاس بۆ ڕاگرایەتی کۆلێژ و سەرۆکایەتی بەش و مامۆستایانی بەشی تەکنیکی میدیا.
- سوپاس و پێزانینی د.زاهیر حمدامین دەکەم لەسەرەتای دەستپێکردنی خوێندنی ماستەرم بە بەردەوام هاوکار و هاندەر بوو.
- دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژن، ئەوانەی زۆر هاوکار و هەماهەنگ بوون، ئەوانەی هاوکاریش نەبوون، پێزانینم هەیە بۆیان.

ئاڤان فارس ئەسعەد جاف

# پوختەی توێژینەوەکە

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لەو ئامراز و شێوە تازانەی بواری میدیا، کاریگەری و رۆڵی هەیە، لە سەرخستنی هەڵمەتە کۆمەڵایەتیەکان پشتی پێدەبەسترێت، لەبوارە جیاوازەکان لەنێو کۆمەڵگە، بەهۆی فراوانبوونی سەکۆکانی میدیا، دەتوانێت گۆڕانکاری گەورە دروست بکات، ئاڕاستەی رای گشتی بگۆڕێت، بەلەبەرچاوگرتنی رۆڵ و کاریگەرییان، دامەزراوەو رێکخراوەکانی ژنان، پسپۆران شارەزایانی بواری راگەیاندن و جێندەر وەک مشتەی توێژینەوەکە دیاریکراون.

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ریکخراوەکانی ژنان تا چەند گرنگیان بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و ڕیکلامی کۆمەڵایەتی داوە وەک ژانرێکی کاریگەر بۆ پرسی جیندەر لە هەرێمی کوردستاندا.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە زانینی ڕۆڵ و ئاستی پشتبەستنی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەر لەهەرێمی کوردستاندا، هەروەها خستنەڕووی گرنگترین ئەو شێوازانەی ریکلامی کۆمەڵایەتی، کە دامەزراوەو رێکخراوەکانی ژنان پشتی پێدەبەستن لە هەڵمەتی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی.

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بە رێبازی ناوەڕۆک شیکاری بەستراوە، میتۆدی وەسفی، بۆ ئەوەی لە رێی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی چالاکییەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ مشتەیەک لە دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە بواری ژنان لەهەرێمی کوردستاندا، پسپۆران و شارەزایانی بواری راگەیاندن و جێندەر.

لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا، هەریەک لە چەمکەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، جێندەر روونکراونەتەوە و پوختەیەک لە بارەی مێژووی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدان و گەشەکردنی لە هەرێمی کوردستان خراوەتەڕوو. رادەی رۆڵ و کاریگەری بەسەر هەڵمەتەکانی دامەزراوە و رێکخراوەکان، ئاستی پشت بەستنیان روونکراوەتەوە.

لە کردەنینامەی ئەم توێژینەوەیەدا، لە(6) خشتەدا زانیاری لەبارەی چالاکیەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان، لە بەشی کۆتاییدا قووڵە چاوپێکەوتنی پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن و جێندەر خراوەتەڕوو.

لە گرنگترین ئەو دەرنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە بریتیەلە: ئەو ڕێکخراوانەی کاران لەبواری جێندەر ژمارەیان زۆر کەمە، بەشێکی پەیوەندی بە تێنەگەشتن و نەبوونی مەعریفەیە لە بواری جێندەر، بەشەکەی دیکەی پەیوەندی بە ئاڕاستەی سیاسەتی کارکردنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکە هەیە، بەهۆی پاڵپشتی دارایی سەرچاوەکەیان پلان و ستراتیژیی کارکردنیان بۆ دادەرێژرێت، سیاسەتی کارکردنیان روون نیە، هەڵمەتی بازارسازیی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان زیاتر لەبواری یەکسانی جێندەر، پێگەی ژن لەناوەندی بڕیار و هۆشیاری یاساییە، ئەگەرچی زۆرکاتیش لەگەڵ بۆنە و یادە جیهانیەکان بابەتەکان گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، بەڵام بەردەوامیان نەبووە.

شێوازی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژن زیاتر کۆنباوە و کەمتر شێوەی سەردەمی و تازەی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش کاردەکاتە سەر گەیاندنی پەیام و ناوەڕۆکی ڕیکلامە کۆمەڵایەتییەکە، زیاتر لە سەنتەری شارە گەورەکان بڵاوکراونەتەوە و جەماوەری شارۆچکە و قەزاکان لێی بێبەشن.

**-کلیلە وشەکان: ڕۆڵ، بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، بایەخدان، پرسی جێندەر، دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژن.**

**ناوەرۆک**


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| بەڵێننامە | I |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | II |
| بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە | III |
| پێشکەشە | IV |
| سوپاس و پێزانین | V |
| پوختەی توێژینەوە | VI |
| ناوەڕۆک | VII |
| لیستی خشتەکان | XII |
| پێشەکی | 2-1 |
| بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە | 24-3 |
| یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە | 8-3 |
| 1.کێشەی توێژینەوەکە | 3 |
| 2. گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە | 3 |
| 3. ئامانجی توێژینەوەکە | 4 |
| 4.پرسیارەکانی توێژینەوەکە | 5 |
| 5.جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە | 6 |
| 6.کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە | 6 |
| 7. سنووری توێژینەوەکە | 7 |
| 8. رواڵەتە دروستی و جێگریی | 7 |
| 9. ئامرازەکانی توێژینەوەکە | 8 |
| دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە: | 8 |
| سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو: | 9 |
| بەشی دووەم:باسی یەکەم:بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی (پێناسە و مێژووی) | 24 |
| 1-1پێناسەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی | 24 |
| 1-2: قۆناخەکانی گەشەکردنی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی | 28 |
| 1-3: رەگەز و بنەماکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و پرەنسیپەکانی | 33 |
| 1-4: تێگەیشتن لە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی | 37 |
| 1-5خاڵی هاوبەش و جیاوازی لەنێوان بازارسازیی کۆمەڵایەتی و بازارسازیی بازرگانی | 39 |

| | |
|---|---|
| 1-6: ئامانجی سەرەکی لە بازاڕسازی | 39 |
| 1-7: رۆڵ و گرنگی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی | 40 |
| باسی دووەم:تیۆری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و هەڵمەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ سەرخستنی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی | 45 |
| 2-1: تیۆری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بە چەند هەنگاوێکدا تێدەپەڕێت | 46 |
| 2-2: بایەخی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان | 49 |
| 2-3: ئامانجەکانی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان | 50 |
| 2-4: هۆکارەکانی دەرکەوتنی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان | 51 |
| 2-5: چوارچێوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی | 52 |
| 2-6: پێودانگی بنەڕەتی بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی | 57 |
| 2-7: رەگەزەکانی تێکەڵەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی | 58 |
| باسی سێیەم:بواری بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکان لە دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان | 60 |
| 3-1: بەرهەمی کۆمەڵایەتی | 60 |
| 3-2: نرخی کۆمەڵایەتی | 62 |
| 3-3:شوێن یان دابەشکردنی کۆمەڵایەتی | 64 |
| 3-4: بەرزکردنەوەی کۆمەڵایەتی | 64 |
| 3-5: جەماوەر | 65 |
| 3-6 سیاسەتی گشتی لە کۆمەڵگادا | 66 |
| بەشی سێیەم:بایەخدان بە پرسی جێندەر لەنێو دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژناندا | 68 |
| باسی یەکەم:جێندەر(چەمک و پێناسە) | 68 |
| 3-1: چەمکی جێندەر | 68 |
| 3-2: پێناسەی جێندەر | 69 |
| 3-3: جیاوازی نێوان ڕەگەز و جێندەر | 70 |
| 3-4: مێژووی سەرهەڵدانی جێندەر | 72 |
| 3-5: چەمکی ڕەگەز | 74 |
| باسی دووەم:مێژووی سەرهەڵدانی جێندەر لە کوردستان | 77-80 |
| 2-1:مێژووی خوێندنی جێندەر لە کوردستان | 78 |
| 2-2: دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان | 80 |
| 2-3جۆرەکانی دامەزراوە | 81 |
| 2-4:رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە بواری ژن | 82 |
| 2-5: کاریگەری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لەسەر پرسە جێندەرییەکان لە هەرێمی | 84 |

| | |
|---|---|
| کوردستان | |
| باسی سێیەم: جوڵانەوەی فێمینیزم (Feminism) لە جیهان و کوردستان | 88-86 |
| 3-1: فێمێنست کێیە؟ | 88 |
| 3-2: قۆناغ و شەپۆلەکانی تێپەڕینی هزری فێمینیزم | 88 |
| 3-3: شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم | 89 |
| 3-4: شەپۆڵی دووەمی فێمینیزم | 91 |
| 3-5: شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم | 92 |
| 3-6:جوڵانەوەی فێمێنیزم لە کوردستان | 94 |
| 3-7:تیۆری فێمینستی میدیایی | 96 |
| بەشی چوارەم باسی یەکەم: کردەنییامەی توێژینەوەکە | 104 |
| یەکەم: کورتەیەک لەبارەی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان | 104 |
| 1.بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان | 104 |
| 2.ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان | 104 |
| 3.یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | 105 |
| 4.یەکێتی ژنانی کوردستان | 105 |
| 5.ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | 105 |
| 6.ڕێکخراوی ئاسوودە | 106 |
| 7. ڕێکخراوی راسان | 106 |
| 8.ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان | 107 |
| 9. ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی | 107 |
| 10.ڕێکخراوی ئێمە | 107 |
| 11. ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن لە کوردستان-عیراق | 108 |
| 12. فێمێنیزمی رۆشنگەری | 108 |
| 13.ڕێکخراوی ڤایۆلێت | 109 |
| باسی دووەم: خستنەڕووی خشتەی زانیارییەکان | 110 |
| باسی سێیەم: چاوپێکەوتنی پسپۆرو شارەزایانی بواری میدیا لەبارەی رۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی | 117 |
| 3-1: کاریگەری و بایەخی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە گەشەپێدانی جێندەر: | 117 |
| 3-2:رۆڵی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان لە گرنگیدان بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەر | 121 |
| 3-3: شێوازە کاریگەرەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان | 127 |

| | |
|---|---|
| دەرئەنجام | 132 |
| ڕاسپاردەکان | 134 |
| پێشنیاز | 135 |
| سەرچاوەکان | R136 |
| پاشکۆ | A150 |
| Abstarct | A-B |


## ناونیشانی خشتەکان


| ژ. خشتە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| خشتەی(1) | دابەشبوونی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بەگوێرەی سنووری کارکردنیان | 110 |
| خشتەی(2) | ڕێژەی کارکردنی میدیاکاری بەئەزموون و دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لە بەشی ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان | 111 |
| خشتەی(3) | جۆری بڵاوکردنەوەی ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان لەبارەی پرسی جێندەر | 112 |
| خشتەی(4) | سەرچاوەی مرۆیی بەرهەمێنانی ریکلامی کۆمەڵایەتی | 113 |
| خشتەی(5) | جۆرەکانی ریکلامی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ پرسی جێندەر | 114 |
| خشتەی(6) | بڵاوکردنەوەی ریکلام بەگوێرەی ئامانجی شوێن | 116 |

# پێشەکی

پێشکەوتنە بەردەوامەکانی تەکنەلۆژیا و کۆمنیکەیشن و باڵادەستی ئامرازەکانی میدیا بە هەموو فۆرمە جیاوازەکانییەوە، وایکردووە میدیا کاریگەری لەسەر بنیادنان و گەشەپێدانی هەموو پرسە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەبێت، هەر بەنموونە سەکۆکانی سۆشیال میدیا (Social Media Platforms)، ڕێژەی بەکارهێنانیان بەبەراورد بەفۆڕمەکانی دیکەی میدیا بەڕێژەی زۆر زیادیکردووە، بەجۆرێک کە ئەم سەکۆ ئەلیکترۆنیانە، پانتایی گشتی نوێیان بۆ بەکارهێنەرانیان دروستکردووە، بۆ بەشداربوون لەچالاکییە جۆراوجۆرەکاندا بەتایبەت چالاکی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی.

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی فۆڕمێکی کاریگەری میدیایە، کە بەهۆی ستراتیژیەتییەکی درووستەوە، دەتوانرێ تێڕوانینی نوێ و جیاواز دەربارەی پرسە جیاوازەکان و بەتایبەتیش پرسە جێندەرییەکان درووست ببێت. هەرچەندە ئاست و جۆری کاریگەریی و ڕۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتییەکانی زیاتر بووە لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان لەکۆمەڵگە جیاوازەکاندا، بەهۆی کۆمیونیکەیشی کارلێکراو و دوولایەنەوە و توانستی ئاسانیی و خێرایی لەگەیاندنی پەیام و درووستکردنی پانتایی گشتی نوێ لەناو ئامرازەکانی میدیادا، ئەوەش دەرفەتی بەشداری نوێی بۆ خەڵک ڕەخساندووە، لەڕووداو و چالاکیەکاندا و بەتایبەتیش چالاکییە جێندەرییەکاندا.

کێشە جێندەرییەکان لەهەرێمی کوردستان و عێراقدا، بەیەکێک لەپرسە گرنگەکان دادەنرێت و لەماوەیە سێ دەیەی ڕابردوودا پارتە سیاسییەکان چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنیان بنیادناوە بۆ کارکردن لەسەر پرسە جێندەرییەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چەندین نوسینگەیان لەهەرێمی کوردستان کردووەتەوە، پڕۆژەیان دەربارەی پرسە جێندەرییەکان ئەنجامیدەدەن، حکومەت دامەزراوەی تایبەتی بۆ توندوتیژی جێندەری کردووەتەوە، پەرلەمان بەپڕۆژە یاسا کاریکردووە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییە جێندەرییەکان

و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر، تەنانەت لەدەستووری هەمیشەیی عێراق 2005 سیستەمی کۆتا (Quota System) بۆ بەشداری سیاسیی ژنان لەهەڵبژاردنەکان و پرۆسەی سیاسیی و حوکمڕانییەکان جێگیرکراوە، بۆئەوەی هاوسەنگی جێندەری بپارێزرێت.

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازنامەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو. تێیدا گرنگی، ئامانج، پرسیارە سەرەکییەکان، ڕێباز و هێڵە گشتییەکانی ئەم توێژینەوەیە روونکراونەتەوە.

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا لە ڕووی تیۆرییەوە، کە لە سێ باس پێکهاتووە، بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی مەبەست و بەکارهێنانی، پەیوەندی بە هەڵمەتە کۆمەڵایەتیەکان لە پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی خراوەتەڕوو.

لە بەشی سێیەمدا، کە دابەشی سەر سێ باس دەبێت، تێدا باس لە ڕۆڵ و کاریگەری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستاندا، سەرهەڵدانی مێژووی جێندەر و خوێندنی، گرنگی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە گەشەپێدانی جێندەر لە لایەن دامەزراوە و ڕێکخراوەکان، بزووتنەوەی فێمێنیزم لە جیهان و کوردستان ئاماژەی پێکراوە.

لە بەشی چوارەمدا، کردەنیئامەی توێژینەوەکە، لە سێ باس پێکهاتووە، کورتەیەک لەبارەی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان خراوەتەڕوو، بەو پێیەی گۆڕاوێکی ناونیشانی توێژینەوەکەیە، هەر لەم بەشەدا خشتەی زانیاری چالاکی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان روونکراوەتەوە، پاشان شیکردنەوەیان لەلایەن توێژەر بۆ کراوە، بەبەکارهێنانی ئامرازی تێبینی و سەرەنجدان، لە باسی سێیەمدا قووڵە چاوپێکەوتنی پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن و جێندەر خراوەتەڕوو.

لە کۆتاییشدا دەرئەنجام، پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە، خراونەتەڕوو. پاشان لیستی سەرچاوەکان، پوختە بە زمانی ئینگلیزی، پاشکۆی فۆرمی پرسیارەکانی توێژینەوەکە و تێبینی و سەرەنجدان، بڕیاری پەسندکردنی بڵاوکردنەوەی پوختەی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

توێژەر

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی توێژینەوەکە

**یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە**

1-1:کێشەی توێژینەوەکە

2-1:گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە

3-1:ئامانجی توێژینەوەکە

4-1:پرسیارەکانی توێژینەوەکە

5-1: جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە

6-1:کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە

7-1سنووری توێژینەوەکە

8-1:ڕواڵەتە دروستی و جێگریی

9-1:ئامرازەکانی توێژینەوەکە

**دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیە**

**سێیەم:توێژینەوەکانی پێشوو:**

# بەشی یەکەم

# ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

## 1: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### 1-1:کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوە، ئەوخاڵە دەرچە بنەڕەتیەیە، کە توێژینەوەی زانستیی لێوەی سەرچاوە دەگرێ و لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوە لێوەی بنیاد دەنرێت، لەپێناو چارەسەرکردنی پرسی زۆری بواری توێژینەوە، سەرەکیترین کێشەی ئەم توێژینەوەیە، لەوە خۆی دەبینێتەوە "لەگەڵ بوونی ئەو هەموو فۆرم و ئامرازە جیاوازانەی میدیا هێشتا ناڕوونییەک هەیە لە بابەتی ڕیکلامی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەر لە ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان وەک پێویست هەستی پێناکرێت.

لەم سۆنگەیەشەوە توێژەر بەدوای وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی سەرەکیەوە دەبێت لەوانە:-ئایا ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ریکخراوەکانی ژنان تا چەند گرنگیان بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و ڕیکلامی کۆمەڵایەتی داوە وەک ژانرێکی کاریگەر بۆ پرسی جیندەر لە هەرێمی کوردستاندا، ڕۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە بایەخدان بە پرسی جێندەر لەلایەن دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان چۆنە؟

### 2-1: گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە:

بەگشتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە گرنگی زۆری هەیە، لەرۆژگاری ئێستای مرۆڤایەتیدا بابەتێکی گرنگ و هەنوکەییە، بۆ ئێستای هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە، چونکە پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان، کە سەرانسەری جیهانی گرتووەتەوە بەهەمان شێوە لەهەرێمی کوردستان کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسیی و لێکەوتە کۆمەڵایەتی و جێندەرییەکان درووستکردووە.

گرنگی توێژینەوەکە لەسەرچەند ئاستێک:

1. راگەیاندن و بازاڕسازیی: بۆ پسپۆڕانی بواری راگەیاندن گرنگیی تایبەتی خۆی دەبێت و دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت، هەم لەبواری پراکتیکدا، دامەزراوەو کەناڵەکانی راگەیاندن، کتێبخانەی کوردی کەمترین توێژینەوەی لەسەر بابەتی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و پرسی جێندەری تێدایە.
2. دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان: رێکخراوە و دامەزراوەکانی ژن لەکوردستاندا دەتوانن لێی سوودمەندبن، جگەلەوەی رێکخراو و گروپە فێمێنیستیەکان و رێکخراوەکانی بەرگریکردن لەمافی ژنان و هاوسەنگی جێندەری دەتوانن، سود لەم توێژینەوەیە وەربگرن، بۆ شێوازو میتۆدەکانی چۆنێتی پشت بەستن بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ روانگەی جێندەر لەهەرێمی کوردستان.
3. کۆمەڵ و نیشتمان: کارکردن لەسەر بیرکردنەوەو رەفتاری بەکاربەران و جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی و بەڕێوەبردن، درووستکردنی کەمپەینی کاریگەر لەناو فۆرم و ئامرازە جیاوازەکانی میدیادا بکەن لە رێگەی پشت بەستن بە هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی.
4. لایەنی پیشەیی راگەیاندن:دامەزراوەکانی راگەیاندن بەگشتی، دامەزراوەی تایبەتمەند لەبوارە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان دەتوانن سوود لە توێژینەوەکە وەربگرن بۆ سەرخستنی بیرۆکەکانیان.

**1-3:ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوەیە لە "ڕۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لەبایەخدان بەپرسی جێندەر لەهەرێمی کوردستاندا" هەروەکچۆن، ئەم توێژینەوەیە چەندین ئامانج و مەبەستی زانستیی دیکەی هەن، کە گرنگترینیان بریتین لە:

1. روونکردنەوەی چەمکی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی بە بایەخی پرسی جێندەر لە هەرێمی کوردستاندا.

2. زانینی ڕۆڵ و ئاستی پشتبەستنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی وەک ژانرێکی کاریگەری میدیا بۆ پرسی جێندەری لە هەرێمی کوردستان.
3. زانینی ئاستی پشتبەستن بە بەکارهێنانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی (پەیوەندی و کاریگەری) بەرەفتارو بیرکردنەوەو تێڕوانینی دامەزراوە ڕێکخراوەکان بۆ پرسە جێندەرییەکان لە هەرێمی کوردستان.
4. شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیامی ریکلامی کۆمەڵایەتی مشتەی توێژینەوەکە لە دوو ژینگەی جیاوازی کارکردندا.
5. دەرخستنی کاریگەری و گرنگی مشتەی توێژینەوەکە لەسەر بایەخدانیان بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ بایەخدان بە پرسی جێندەر.
6. ناساندن و خستنەڕووی چەمک و ئەو ڕێگا سەرکەوتووانەی بەکاردێت بۆ بایەخدان بە پرسی جێندەر لە ڕێگەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی.

1-4: **پرسیارەکانی توێژینەوە:**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکردووە، تاوەکو لە ڕێگەی وەڵامی پرسیارەکانەوە، رۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە بایەخدان بە پرسی جێندەر لەراگەیاندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژن بخاتەڕوو، پرسیارەکانی توێژینەوەش بریتین لە:

1. ئایا تا چ ڕادەیەک پرسی جێندەر بایەخی پێدراوە لەنێو ڕیکلامە کۆمەڵایەتییەکان، کامانەن؟
2. ئایا دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی بواری ژنان تا چ ڕادەیەک بایەخیان بە ڕیکلامی کۆمەڵایەتی و بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەر داوە؟
3. ئایا بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی بواری ژنان بۆپرسە زیاتر جەختی لەسەر کام بواری جێندەرە؟

4. ئایا ڕیکلامە کۆمەڵایەتییەکانی دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی بواری ژنان بۆ پرسە جێندەرییەکان زیاتر لە کام فۆرمی میدیایەوە بڵاوکراوەتەوە؟
5. ئایا لە بەرهەمهێنانی ڕیکلامە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ پرسی جێندەر پشت بە کام سەرچاوەی مرۆیی دەبەستن؟
6. ئایا ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ئاستی شوێن، گرنگی بە سەنتەری شارە گەورەکان داوە، یان دەرەوەی سەنتەری شارەکان؟

**1-5: جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

**1-5-1: جۆری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، لەجۆری توێژینەوەی وەسفییەکانە، بەو پێیەی باشترین و گونجاوترین جۆری توێژینەوەیە بۆ توێژینەوەکانی بواری ڕاگەیاندن، چونکە وەسفی دیاردە و بابەتەکان دەکەن و ئەنجامێکی دیاریکراو بەدەستەوە دەدەن.

**1-5-2: ڕێبازی توێژینەوەکە:** ڕێبازی توێژینەوەکە شیکاری ناوەڕۆکە، لەرووی چەندێتی و چۆنایەتی بۆ ئەم مەبەستەش مشتەی توێژینەوەکە لەرووی شوێن و کاتی جۆری ئەو بابەتانەی دەستنیشانکراون، لەبەر ڕۆشنایی پێوەر و ڕێکارە ئەزموونکراوەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک تاوتوێکراون.

**1-6: کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە:**

**1-6-1: کۆمەڵی توێژینەوەکە:** پێکدێت لە ڕیکلامی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان، لە هەرێمی کوردستان، ئەوانەی لە بواری پرسی جێندەر کاران و چالاکییەکانیشیان زیاتر لە بواری گەشەپێدانی جێندەرییە.

**1-6-2: مشتەی توێژینەوەکە:** بریتیە لە پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن و جێندەر، کە بەشێوەیەی مشتەی مەبەستدار لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەستنیشانکراون، قووڵە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە.

**1-7: سنووری توێژینەوە:**

**1-7-1: سنووری شوێن:** هەرێمی کوردستان-عیراق. بەشی مەیدانی و پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە لە سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.

**1-7-2: سنووری کات:** لە ماوەی نێوان (01/4/2022) تاوەکوو (1/9/2022).

**1-7-3: سنووری مرۆیی:** دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژن، پسپۆران و شارەزایانی بواری راگەیاندن و جێندەر، هەرێمی کوردستان.

**1-8: رواڵەتە درووستی و جێگیری:**

توێژەر بۆ دەستنیشانکردنی رواڵەتە درووستیی جێگیری، راوبۆچوونی پسپۆڕانی لە بواری راگەیاندن و جێندەری وەرگرت، کە پێنج* مامۆستای بواری راگەیاندن و جێندەر بوون لە زانکۆی سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، رێژەی راستی پرسیارەکان 78%، ئەمەش دەرخەرێکی باشە بۆ راستی و روالەتی پرسیارەکانی چاوپێکەوتن، بەمشێوەی خوارەوە:

بە پێی یاسای هۆڵستی رادەی کۆڵکەی جێگیری دەستکەوتووە:

$$\text{جێگیری} = \frac{\text{ن} \times \text{ناوەندی رێککەوتنی نێوان دوو شیتەڵکارەکە}}{1\left(\text{ن}1\right)\text{ ناوەندی رێککەوتنی نێوان دوو شیتەڵکارەکە}}$$

ن= ژمارەی شیتەڵکارەکان.

بە گوێرەی ئەنجامەکە هاوکۆڵکەی جێگیری، کە توێژەر لە دوو کاتی جیاواز کردوویەتی(0.78%) بووە. ئەمەش ئاستێکی بەرز و پەسندە.

**1-9: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

[1]-لێرەدا ناوی ئەو پسپۆڕە ئەکادیمییانەی هەڵسەنگاندنیان بۆ فۆرمی پرسیارەکانی توێژینەوەکە کردبوو، دەخەینەڕوو:

1- پ.د.نەزاکەت حسێن حەمەسەعید، بەشی ڕاگەیاندن،کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

2- پ. ی. د. حەبیب ماللە ابراهیم، بەشی راگەیاندن، پەیمانگەی زانستی ڕاگەیاندن، زانکۆی رۆر بۆخوم ئەڵمانیا.

3-پ.ی.د.ژیا عەباس قادر،بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

4- پ.ی.د.پاڤێ جەمیل ئەحمەد، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

5- د.عەبدولسەمەد قادر حەسەن،بەشی راگەیاندن، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

1-9-1: **فۆرمی شیکارنامە**: فۆرمێکی تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، کە لە سەرەتای مانگی نیسانی 2022 خراوەتە بەر دەستی پێنج پسپۆڕی بوارەکانی راگەیاندن و جێندەر بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و سەرنجیان بە هەند وەرگیراوە.

1-9-2: **قووڵە چاوپێکەوتن**: بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری و گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە پشتەبەستێت بە ئامرازی چاوپێکەوتن و چاوپێکەوتنەکان لەرێگەی دەستنیشانکردنی مەبەستدارەوە لەسەر بنەمای پسپۆڕێتی و شارەزایی لەبواری (راگەیاندن، جێندەر)، هەروەها ئامرازی کۆکردنەوەی داتا لەوانە فۆڕمی چاوپێکەوتنی قووڵ، ئەنجامدراون.

1-9-3: **سەرەنج و تێبینیکردنی توێژەر**: لە پاڵ ئامرازەکانی دیکەی کۆکردنەوەی زانیاریدا، توێژەر سەرەنج و تێبینیکردنی خۆی خستووەتەڕوو.

**دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

لێرەدا گرنگترین چەمکەکانی ناونیشانی توێژینەوەو گۆڕاوەکانی ڕووندەکرێنەوە:

**2-1: ڕۆڵ**: رۆتینێکە لە پارێزگاریکردن و ئامانج و بیروباوەر و بەها و ئاڕاستە و رەفتاری تاک لە بارێکی دیاریکراو، کە چاوەڕوان دەکرێت لە کەسێک لە هەر بارودۆخێکدا.

(لینتۆن) ڕۆڵی بەم شێوەیە پێناسە کردووە "کۆی کۆی نەخشە کولتوورییەکان کە پەیوەندییان بە ناوەندێکی دیاریکراوەوە هەیە.

**2-2: بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی**: بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بەکارهێنانی پرەنسیپ و تەکنیکەکانی بازاڕکردن بۆ کاریگەری لەسەر بینەری ئامانج بۆ قبووڵکردنی خۆویستانە یان هەموارکردن یان وازهێنان لە ڕەفتارێک بۆ بەرژەوەندی تاکەکان یان گرووپەکان یان کۆمەڵگا بە گشتی.

**2-3:بایەخدان**:بریتییە لە پرۆسەی مەعریفی کە بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو، بۆ چڕکردنەوەی هۆشیاری لەسەر هاندەرێک یان ئەرکێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت. زنجیرە کردارێکی کاریگەرە، وەڵامدانەوەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان چالاک دەکات.

**4-2: پرسی جێندەر:** بریتیە لە جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان نێرومێ، ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتیانەش بە درێژایی ژیان مرۆڤ فێری دەبێت و لە شێوازی هەڵسوکەوتیدا ڕەنگدەداتەوە.

**5-2: هەرێمی کوردستان:** هەرێمێکی سەربەخۆیە، خاوەنی پەرلەمان و حکوومەتی دامەزراوە و قەوارە و ئاڵایە.

**6-2: راگەیاندنی دامەزراوە حکوومیەکانی بواری ژنان:** ئەو دامەزراوانەن کاردەکەن بۆ تواناسازی ژنان و کچان و بەهێزکردنی بەشداریان لە پرۆسەی بنیاتنانی ئاشتی بەردەوام و بەشداریان لە پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا لە هەرێم و لەناوبردنی هەموو جۆرە شێوازێکی جیاکاری لەسەربنەمای جێندەری.

**سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

پسپۆڕانی بواری توێژینەوەی زانستی پێیان وایە توێژینەوەکانی پێشوو سەرچاوەیەکی گرنگ و دەوڵەمەندن کە دەبێت توێژەر بەر لە توێژینەوەکەی لە بارەیانەوە ئاگایی هەبێت، لێرەدا توێژەر لە ئەنجامی گەڕان بۆ سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، بە تایبەت ئەو توێژینەوانەی سەبارەت بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و پرسی جێندەر ئەنجامدراون، توێژەر ژمارەیەک توێژینەوەی دەستکەوتوە کە پەیوەندیدارن بە بابەتی توێژینەوەکەوە، کە لە خوارەوە ئاماژە بە ناوی توێژەر و ناونیشان و ئامانجەکانیان دەکەین.

توێژینەوەکان دابەشی سەر سێ بەش بوون، بەمشێوەیە:-

یەکەم:توێژینەوەکان بەزمانی کوردی.

دووەم:توێژینەوەکان بە زمانی عەرەبی.

سێیەم:توێژینەوەکان بە زمانی ئینگلیزی.

### 1-3: توێژینەوە کوردییەکان:

**1-1-3: توێژینەوەی(ئەحمەد 2003)"جێندەر و کەڵەکەبوونی نایەکسانی سەرمایە لە کۆمەڵگەی کوردیدا)، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەشاری هەولێر".**
**ماستەرنامەی (لاولاو عبدولعەزیز ئەحمەد)، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری کۆمەڵناسی لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی 2003 ئەنجامدراوە.**

توێژینەوەکە باس لە دەرخستنی ئەو نایەکسانییە کۆمەڵایەتیانە دەکات، کە لەئەنجامی جیاوازییە جێندەرییەکان لە ئاستەکانی سەرمایەدا دروستدەبن.

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفیە، مشتەی توێژینەوەکە(مامۆستایان، فەرمانبەران) لە دامەزراوەکانی حکوومەت، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە هەرێمی کوردستان، بەبەکارهێنانی ئامرازی(چاوپێکەوتن، راپرسی) داتاکان کۆکراونەتەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

1. زانینی هەڵوێستی نموونەی توێژینەوە سەبارەت بە هەریەک لە مەسەلەکانی جێندەر، و سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی مرۆیی و سەرمایەی ماددی.
2. دیاریکردنی کاریگەری گۆڕاوەکانی توێژینەوە (رەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، رادەی پابەندی ئایینی و رادەی پابەندی کۆمەڵایەتی) لەسەر تەوەرەکانی توێژینەوە.
3. دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان رەگەز، وەک گۆڕاوێکی سەرەکی توێژینەوە، لەگەڵ هەر یەک لە چوار تەوەرەکانی توێژینەوە (جێندەر و سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی مرۆیی و سەرمایەی ماددی).

**دیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1. هەڵوێستەکان، بەتایبەتیش لە پەیوەندی لەگەڵ جێندەردا، بابەتێکی زۆر کوولتورین.
2. هەڵوێستەکان لە زەمینەیەکی دیاریکراوی کوولتوریدا درووستدەبن، بۆیە زۆرجار ئەو کەسانەی لە کوولتورێکی دیاریکراودا پێدەگەن بە جیاوازی رەگەز، و تەمەن، و ئاستی خوێندەواری و تەنانەت گۆڕاوەکانیرتیش هاوشێوەن لە بریکردنەوەدا، یان هەندێ نزیکی دەبێت لە شێوازی بریکردنەوەیاندا.

3. جێندەر بابەتێکی کوولتوری هەستیارەو رەنگە زۆر بە ئاسانی و خێرایی نەکەوێتەبەر کاریگەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

4. بەشێوەیەکی گشتی، هەڵوێستەکان سەبارەت بە جێندەر و سەرمایە لەجۆری هەڵوێستی مامناوەندین.

**3-1-2: توێژینەوەی(عبدالله2016)."رۆڵی فێمێنیزم لە بەشداری سیاسی ژنان لە هەرێمی کوردستان)، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە".**
**ماستەرنامەی شەهلە سالح عبدالله، پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلیژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین کراوە، لە ساڵی 2016.**

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی ئەکادیمی کاری لەسەر بابەتی فێمینیزم لە هەرێمی کوردستان کردووە، کە پرسێکە لەرووی ئەکادیمەوە زۆر بەکەمی بەتایبەت بە زمانی کوردی کاری لەسەرکراوە.

توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە شیکردنەوەی ناوەڕۆک، بەبەکارهێنانی ئامرازی چاوپێکەوتنی قووڵ، سەرەنجدان، تێبینیکردن، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە هەرێمی کوردستان، مشتەی توێژینەوەکە پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانە. پشت بە داتا و چاوپێکەوتن و سەرنجدان بەستووە بە کۆکردنەوەی زانیاری لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

1. خستنەڕووی پێشکەوتنی دۆخی ژن لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دەکات، ئەو گۆڕانکارییانەی لە هەرێمی کوردستان روویانداوە، شیکردنەوەی شێوازی کارو خواستی فێمێنیزم و کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنی دۆخی ژنان، دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی گەشەسەندنی بزووتنەوەی فێمێنیزمی کوردی و خستنەڕووی گۆڕانکارییەکان لە ئاست رێژەی بەشداری سیاسی ژن لەدوای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

2. ئامانجێکی دیکەی ئەوەیە فیمێنیزم بخرێتە ناو بوارەکانی خوێندن و گرینگی زیاتری پێبدرێت، هەرچەندە لەبارەی جێندەر و فیمێنیزم جاروبار لەبارەی نووسراوە و کاری لە سەرکراوە، بەڵام بەشێوەی ئەکادیمی نەبووە.

3. بەراوردکردن لە نێوان ئاستی جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکانی سەبارەت بە ماف و رۆڵی ژن لەلایەن حزبە سیاسییەکان و دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بوونی راستەقینەیی ژن لە ناوەند و پێگە ی سیاسی و بڕیاردا.

**دیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1. زۆربەی رێکخراوەکانی ژنان (NGO) زیاتر رواڵەتین و خاوەن هێز و کاریگەری وەها نین، کە بتوانن بەردەوام خەمی سەرەکیان باشتربوونی رەوشی ژن، تاڕادەیەک روانگەی لاسایکردنەوەی چۆنیەتی وەرگرتنی ماف و ئازادییەکانی ژنیان لە وڵاتی رۆژئاوا لە خۆیاندا نواندووە و زۆربەشیان بەشێوەیەکی ورد و قووڵ بە چەمکی فیمێنیزم و مانا و مەبەستەکانی ئاشنا نین، بزووتنەوەی ژنیان تەنها کورتکردۆتەوە لە وەرگرتنی مافی کۆمەڵایەتی، ئەوان بە دروشم و بەرنامەی کاری رێکخراوی کارا و پێگەیشتوون، بەڵام کە دێتە سەر ئەرزی واقیع خاوەنی ئەو کاریگەرییە نین کە پێویستە هەبێت.

2. فرە گوتاری و فرەلایەنی فێمینیزمی کوردی و ناڕوونی و شێوازی کارکردنی ئەو کەس و لایەنانەی خۆیان بە فێمینیست و دەمڕاستی ژنان دادەنین لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە بووەتە هۆی درووستنەبوونی بزووتنەوەیەکی راستەقینەی ژنان کە ئامانجی سەرەکی باشترکردنی دۆخی ژنان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە بێت.

3. رێکخراوەکانی ژن سەر بە حزبە سیاسییەکان و چالاکوانەکانیان، داینەمۆییەکی سەربەخۆی کارکردنیان نییە، بەورادەیەی کە لەگەڵ کارکردن بۆ مافەکانی ژنان، ئەوان بە پلەی یەکەم رێکخراوی حزبین و پاڵپشتی حزبەکەیان دەکەن، ئەو رێکخراوانە ناتوانن

بڕیارێک دەربکەن و هەنگاوێک بنێن بە روانگەیەکی سەربەخۆ و کاراوە، ئەگەر پێچەوانەی خواست و بڕیاری سەرکردە پیاوەکانی حزبەکەیان بێت.

### 2-3: **توێژینەوە عەرەبیەکان:**

**1.توێژینەوەی(ابراهیم:مراد2021)."تأثیر اعلانات التسویق الاجتماعي في سلوك الجمهور بخصوص الوقایة من فایروس كورونا".دراسة میدانیة لعینة من مواطني اقلیم كردستان العراق) 2021.**

**توێژینەوەی(حبیب إبراهیم و هێرش رسول مراد)،بەناونیشانی کاریگەری ریکلامی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لەسەر رەفتاری جەماوەر،سەبارەت بە خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، توێژینەوەیەکی مەیدانیە، بۆ مشتەیەک لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان).**

ئەم توێژینەوەیە باس لە کاریگەری ریکلامی بازاڕسازیی کۆمەلایەتی دەکات بۆ سامپڵێک لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، بە بەکارهێنانی رێبازی رووپێوی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە هەرێمی کوردستان، مشتەی توێژینەوەکە هاوڵاتیانی هەرچوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان.

**لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

لێکۆڵینەوەیە لە پێوانەکردنی کاریگەری ریکلامی کۆمەڵایەتی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندن بڵاودەبێتەوە لەسەر رەفتاری هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەم دیاردەییەی راگەیاندن خۆی لە هاندانی ریکلامی کۆمەڵایەتی دەبینێتەوە بۆ هاوڵاتیان، تاوەکو ئاگاداربن و بەدووربن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

**دیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1. کاریگەری ئاشکرای ئامرازەکانی راگەیاندن لە دروستکردنی هۆشیاری جەماوەری لەمیانەی بینینی رێگاکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەلە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندن بڵاوکراوەتەوە.
2. ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان، هاوکاربوون لە زیادکردنی زانیاری لەلای جەماوەر لەبارەی رێگاکانی خۆپارێزی.
3. جیاوازی هەیە لەبەرکەوتنی جەماوەر، بۆ رێکلامی کۆمەڵایەتیەکان بەگوێرەی(رەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن).

**2:توێژینەوەی(هبیر:یحیاوی2020)"دور حملات التسویق الاجتماعی فی تحسین صورة الموسسة الاقتصادیة" دراسة میدانیة علی عینة من الجمهور الخارجی لموسسة سونلغاز، بمدینة ام البواقی، 2020.**

**ماستەرنامەی نضیرة هبیر، هیام یحیاوی"ڕۆڵی هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە باشترکردنی وێنەی دامەزراوەی ئابووری" توێژینەوەیەکی مەیدانیە، لەسەر نمونەیەک لە ئامادەبووانی دەرەکی کۆمپانیای سۆنێلغاز، شاری ئوم ئەلبوغی.**

ئەم توێژینەوەیە باس لە گرنگیدانی کەسی بە هەڵمەتی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی وەک چەمکێکی سەردەمی کە بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکار دەهێنرێت لە دامەزراوەکان، ویست و داخوازی بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە باشترکردنی وێنای دامەزراوەکە، گرنگیدانی خودی بۆ تێگەیشتن لە دامەزراوەی سونلغاز لە چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵمەتی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەکات.

توێژینەوەکی مەیدانییە، پشتی بە ڕێبازی رووپێوی بەستووە بۆ شیکردنەوەی داتاکان، بە بەکارهێنانی ڕاپرسی بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە.

**لە گرنگیترین ئامانجەکانی توێژینەوە بریتیە لە:**

1. تێگەیشتن لە پێگەی هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەی سونلغاز.
2. ئاشکراکردنی سروشتی هەڵمەتەکانی بازاڕسازی کە دامەزراوەی سونلغاز پێی هەڵدەستێت.
3. تێگەیشتن لە ڕۆڵی هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە باشترکردنی وێنای دامەزراوەی ئابووری.

**دیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست دەرئەنجامی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەگونجێ لەگەڵ بنەماکانی بازاڕسازی بازرگانی و بنەما تایبەتەکانی بواری تەندرووستی گشتی.

2. بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە ڕوونیکردەوە کە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دامەزراوەکاندا، بەتایبەتی دامەزراوەی ئابووری.

3. توێژینەوەکە تێگەیشتنی تاک و دامەزراوەکانی لەسەر وێنای دامەزراوەکە ئاشکرا کرد، لەم دواییانەدا بەکارهێنەرانی زیادیکردووە.

**2-2-3 توێژینەوەی(سماش2021)"أثر التسويق الاجتماعى على سلوك المستهلك الجزائرى فى ظل جائحة كورونا" دراسة حالة عينة من طلبة جامعة العربى بن مهيدى، 2021.**
**ماستەرنامەی (أيمن سماش) "کاریگەری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بەسەر ڕەفتاری بەکاربەری جەزائیر، لەسەردەمی پەتای کۆرۆنادا" توێژینەوەیەکی وەسفیە لە ساملێکی کەیسییە، لە خوێندکارانی زانکۆی عەرەبی بن مەهدی 2021.**

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە گرنگترین بابەتگەلی ئابووری سەردەمن و پێویستە سوودی لێ ببینرێت بە مەبەستی بەرزکردنەوەی توانای دامەزراوەکان بۆ گۆڕینی ڕەفتاری بەکاربەر بۆ باشتر، بەو پێیەی مامەڵە لەگەڵ تێگەیشتن لە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و ئاڕاستەکانی بەکاربەر دەکات لە ڕوانگەی ئەوەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە دەستنیشانکردنی ئاراستەی بەکاربەر لە سەردەمی پەتای کۆڕۆنا.

توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، بەبەکارهێنانی ڕێبازی وەرگرتن کەیسی، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەیەکە پشت بە راپرسیی بەستراوە، لەناو خوێندکارانی زانکۆی بن مەهدی.

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوە:**

1. تێگەشتن لەوەی چەندە بەکاربەری جەزائیری درک بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کردووە لە سەردەمی پەتای کۆڕۆنا.

2. چەندە چالاکی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی جێبەجێکراوە لەلایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری هەبووە لەسەر ئاڕاستەکردنی بەکاربەر.

3. زانینی هەموو ڕەهەندەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر.

**دیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1. بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە ڕێکارە نوێگەرییەکان کە بەکار دەهێنرێت لەلایەن دامەزراوەکان بۆ برەودان بە بیرۆکە سەرنجڕاکێش و باشترینەکان.
2. بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی هەوڵدانێکە بۆ گۆڕانکاری بەرەو باشتر چ بۆ دامەزراوەکان بێت یانیش کەسەکان.
3. ڕەفتاری بەکاربەر دەگۆڕدرێت بە کارتێکەرەکانی دەوروبەری.

**3.توێژینەوەی (ناصر2009)."دور حملات التسويق الاجتماعي بالتليفزيون في نشر الوعي لدى الجمهور المصري تجاه قضايا التنمية" دراسة ميدانية، كلية الاعلام، جامعة القاهرة 2008-2009.**
**توێژینەوەی(نهى السيد احمد ناصر). "ڕۆڵی هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە تەلەفزیۆن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێو خەڵکی میسردا، سەبارەت بە پرسەکانی گەشەپێدان" توێژینەوەیەکی مەیدانیە.**

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لایەنێکی تری بەبازاڕسازی بازرگانییە، کە ئامانجی هێنانەدی گۆڕانکاری یان دەستکاریکردنە لە بۆچوون و هەڵوێست و هەڵسوکەوتی تاکەکان و بەرەوپێشبردنی هەندێک بیرۆکە بۆ بەرژەوەندی تاکەکان لەلایەک و کۆمەڵگا لەلایەکی تر، کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە چاودێریکردنی ئەو ڕۆڵەدا سەرهەڵدەدات کە هەڵمەتە جۆراوجۆرەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کە لە تەلەفزیۆنەکاندا پیشان دەدرێن دەتوانن بیگێڕن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە نێوان هاوڵاتیان لە پرسەکانی گەشەپێدان.

توێژینەوەیەکی مەیدانیە، بەبەکارهێنانی ڕێبازی ڕووپێوی، توێژەر نموونەی مەبەستداری هەڵبژاردووە بۆ مشتەکەی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی شاری ئەسکەندرییەی میسرە.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە:**

1. چاودێریکردنی گرنگترین ئەو پرسانەی کە لەلایەن هەڵمەتەکانی بازاڕسازییەوە چارەسەر دەکرێن، لە تەلەفزیۆن لە ماوەی توێژینەوەکەدا.
2. دۆزینەوەی یەکدەنگی ئەو پرسانەی کە ئەم هەڵمەتانە باسی دەکەن، بەو هۆکارانەی کە ئەندامانی کۆمەڵگا داوای دەکەن بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە پرسە تایبەتەکان.

3. چاودێریکردنی ڕۆڵی تەلەفزیۆن وەک یەکێک لە ئامرازەکانی پەیوەندی گشتی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە پرسەکانی گەشەپێدان.

**دیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1. ڕێژەیەکی بەرزی بینینی هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی نیشانداوە بە بەراورد بە ڕیکلامەکانی تر.
2. .سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە پرسە تایبەتەکاندا، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە تێکەڵکردنی کۆمەڵێک فاکتەرەوە هەیە کە دیارترین و گرنگترینیان: ئەو ناوەڕۆکەیە کە لەلایەن ئەم هەڵمەتانەوە پەرەی پێدەدرێت، بەهۆی گرنگییەکی زۆری لە زیادکردنی فاکتەری متمانە و متمانە بەو پەیامەی کە دەیگرێتەبەر.
3. توێژەر چاودێری سەرکەوتنی سێ هەڵمەتی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کرد کە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەو پرسانەی وەریدەگرێت لە پێشەوەی ئەم هەڵمەتانەدا هەڵمەتی (سوپاس دایە) توێژەر هۆکاری سەرکەوتنی ئەم کەمپەینە بۆ ناوەڕۆک لە پلەی یەکەمدا، دواتر کاتی پەخشی کەمپەینەکە دەگەڕێنێتەوە.

**4-2-3 توێژینەوەی(لعبادی:بوعبدالله2020)."التسويق الاجتماعي للقضايا البئية عبر مواقع التواصل الاجتماعي" دراسة مسحية بولاية الوادي، 2019-2020.**

**ماستەرنامەی هەریەک لە (رميصا لعبادي، زينب بو عبدالله)"بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کێشە ژینگەییەکان لە ڕێگەی سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە" توێژینەوەیەکی رووپێوییە، لە ویلایەتی وادی،2019-2020.**

زیادبوونی خواست لەسەر بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گرنگیدانی زیاتر بە پرسە ژینگەییەکان لە هەمووکات زیاتر، پشتگوێخستن کە پرسە ژینگەییەکان بەدەستییەوە

گیرۆدەن و بازاڕسازییان بۆ نەکراوە، وەستانەوە و کەوتن بەسەر دیاردەی پیسبوونی ژینگە کە وەک دیاردەیەک دەرهاویشتەی بەسەر دەرووربەرەوە هەیە.

توێژینەوەییەکی رووپێوییە، بەبەکارهێنانی رێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ داتاکانی توێژینەوەکە، مشتەی توێژینەوەکە 100 کەس لەسەر سەکۆکانی تۆڕە کۆمەلایەتیەکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ویلایەتی وادی.

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوە:**

1. دەرخستنی رۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی لەخۆگرتنی پرسە ژینگەییەکان لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها چەندە سەرکەوتوو دەبێت لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکان باشترکردنی وێنە گەورەکە بۆ جەماوەری ئامانجدار.
2. ئاڵنگاری بەربەستی گەیشتن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی، بەتایبەت لەگەڵ دەرکەوتنی میدیای نوێ وەک هۆکارێکی پەیوەندی وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
3. زیاتر نیشاندانی پرسە ژینگەییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی پاراستنی دارستانەکان لە سووتان فرێ نەدانی پاشەڕۆییەکان.

**لە گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکە:**

1. توێژەران بەرپرسن لە گەیاندنی بیرۆکەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە پرسە ژینگەییەکان، بەمەبەستی لەبەرچاوگرتنی رەهەندە هزرییەکانی کە پەیوەندارە بە خزمەتی کۆمەڵایەتی بۆ هاووڵاتیان.
2. گرنگیدان بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ پرسە ژینگەییەکان، ئەمەش پێویست دەکات بخرێتەڕوو، هەروەها گەنگەشە بکرێت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
3. بەشدارییەکی گەورە هەبێت لە توێژە تایبەتمەندەکان لە بواری ژینگە و گفتوگۆکردنیان و خستنەڕووی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**4- توێژینەوە ئینگلیزییەکان:**

### 3-1 Irma Martam, Strategic Social Marketin To Foster Gender Equality In Indonesia, 2016.

**-توێژینەوەی ئارما، مارتام، ستراتیژی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ پەرەپێدانی یەکسانی جێندەری لە ئەندەنوسیا،2016.**

ئەم توێژینەوەیە ئاماژەی بەو ئاڵەنگەرییانە داوە کە ڕووبەرووی یەکسانی جێندەری بووەتەوە لە ئەندەنووسیا، لەگەڵ توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر.

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی بەکارهاتووە بۆ بەرزکردنەوەی بەرنامەی یەکسانی جێندەری بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ڕەگەزی لەسەر بنەمای جێندەر.

توێژینەوەیەکی وەسفیە، بەبەکارهێنانی ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، بۆ کاروچالاکیەکانی کۆمەڵێک دامەزراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبواری بایەخدان بە پرسی جێندەر، کۆمەڵگەی توێژیەوەکە بریتە لە ئەندەنوسیا.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

1. گرنگی مەسەلە جێندەرییەکان، ڕۆڵی ژن لە پەیوەندی لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتیەکان یان گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، ئەمە سەرەڕای ئەو کێشانەی وەک بەرزکردنەوەی یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان بەشێکی گرینگن لە لە ستراتیژی بۆ چاکەی کۆمەڵایەتی و ناساندنی.
2. خستنەڕووی بۆ ئەو بێ نوێنەرایەتیە بەرچاوەی ئەو بیروبۆچوون و ڕوانینانە کردووە کە ئەگەر پشت بەستراون بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ئاسانتر یەکسانی جێندەری زامن دەکرا.
3. خستنەڕووی کاریگەری پەروەردە لە گۆڕانکاری ریشەیی لە بواری جێندەر، ئاماژەدان بەو چەمکە کەلتووری و کۆمەڵایەتیانەی کە پەیڕەو دەکرێت. بێ ئەوەی گرینگی بە بەبەرزکرنەوەی تواناکانی کچان و ژنان بکرێت.

**دیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1. باشترکردنی گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان و زیادکردنی مافی سێکسی و مافی وەچەخستنەوە و بەرزکردنەوەی یەکسانی جێندەر.

2. چەمکی جێندەر پێویستی بەوەیە کە وەک چەمک لە ڕێگای بازاڕسازیی کۆمەڵایەتیەوە بناسرێت بۆ گۆڕانکاری لە عەقڵیەتی چەسپاو.

3. ژنان وەک کارەکتەرێکی سیاسی ڕۆڵیان هەیە لە ناو زۆربەی سێکتەرەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، بەڵام لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەش زۆر جار ڕۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ چەمک و بابەتەکان پشتگوێخراوە کە پاڵنەری سەرەکین بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتیە هەنووکەیی مەودا درێژەکان.

## 3-2: 2kirsten Roberston, Jessica Davidson, Gender-Role Stereotypes In Integrated Socail Marketing Communication: Influnce On Attaitudes Towards The Ad,2013.

**توێژینەوەی(رۆبێرستۆن:دەیفسۆن2013)"ڕۆڵی جێندەری بە ستیرۆتایپکراو کاریگەری لەسەر گەیاندنی پەیامی یەکگرتووی بازاڕارسازیی کۆمەڵایەتی".**

ئەم توێژینەوەیە باس لە کاریگەری ڕۆڵی ڕەگەزی کلیشەیی دەکات لەسەر هەڵوێست و ڕەفتارەکان بەرەو پەیوەندی یەکخراوی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی تیۆری جێندەر و مۆدێلی ناوەڕۆکی کلێشەیی سەرمەشق.

توێژینەوەیەکی مەیدانیە، بەبەکارهێنانی ڕێبازی ڕووپێوی، مشتەی مەبەستدار بۆ چوار ریکلامی کۆمەڵایەتی لەبارەی کاریگەری بیرورا چەقبەستووەکانی کۆمەڵگە بووە.

**گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە:**

1. مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕۆڵی هەڵوێستە کاریگەرەکان لە هەڵسەنگاندنی ڕێکلامەکان، کە پەیوەندی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی پرسیاری ئیتیکەوە هەبوو سەبارەت بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی.

2. توێژینەوەکە لەسەر ڕیکلامی میدیایی جەماوەری دواتر بۆ ڕای گشتی لە ڕێگەی پەیوەندی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی یەکخراوەوە.
3. توێژینەوەی ئەزموونی یاخود کرداری (تجریبی) وەڵامدانەوەیەکی گشتیە بۆ وێناکردنەکان، کە بەرەنگاری بیروباوەڕە چەقبەستووەکان دەبێتەوە.

**دیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1. کاریگەری ڕۆڵی جێندەری سەرمەشقکراو لەسەر کاریگەریتی ڕێکلامکردن بۆ ماوەی 30 ساڵی ڕابردوو بایەخێکی بەرچاوی هەبووە، بەشێوەیەک ڕۆڵی ڕەگەزەکان لە ڕێکلامەکان دیاریکراو بووە، بۆ نموونە پیاو ڕۆڵی بازرگان و ئەندازیاری بینیووە، ژنەکانیش لە ڕێکلامەکان ڕۆڵی ژنی ماڵ دیووە بۆ بەرهەمەکانی ناوماڵ و چێشتخانە و تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن ڕۆڵی جێندەری هاوتەریب و سەرمەشق دەکرێت لەکاریگەری ڕەفتار و باری پەیوەندی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی یەکخراو.
2. دیزاینی لێکۆڵینەوەکەیان لەناو بابەتەکاندا بۆ بەراوردکردنی هەڵسوکەوتە مەعریفی و کاریگەرەکانی تاک وەک کاردانەوەیەک کە هاوتەریبی ڕۆڵی جێندەری و ناوەڕۆکی کلێشەیی جێندەری بێت.
3. کارەکتەری ڕێکلامەکان ئاراستەکەری باوکسالاری نەبن، بەڵکو بە ئاراستەی کاریگەری ئەرێنی بن لەسەر بینەر.

### 3-4: Nathaly Aya Pastrana: The Gender Responsiveness Of Socail Marketin Interventons Focsued On Neglected Trpical Diseases,2020.

***توێژینەوەی( پەستارانە2020)."وەڵامدەرەوە جێندەرییەکان، لە ڕێگەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییان لەسەر نەخۆشیە گوزراوەکان".***

ڕەگەز دیاریکەرێکی تەندرووستییە، لەگەڵ چینبەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا دەبڕێت بۆ داڕشتنی تەندروستی و خۆشگوزەرانی دانیشتووان.

سەرەڕای دانپێدانانی ڕەگەز لە کارنامەی تەندرووستی جیهانیدا، بەڵگەی سنووردار هەیە سەبارەت بە یەکخستنی ڕەچاوکردنی جێندەر لە دەستێوەردانەکاندا، لەوانەش

دەستێوەردانەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە گەرمە پشتگوێخراوەکان.

توێژینەوەیەکی مەیدانیە، بەبەکارهێنانی ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، لەرێگەی چاوپێکەوتنی قووڵ، لەبارەی داتا بڵاوکراوەکانی هەڵسەنگاندنی جێندەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، 20 چاوپێکەوتن لە 12 تەوەری جیاواز بۆ پسپۆرانی بواری جێندەر لەچین لە 13 ناوچەی جیاوازدا ئەنجامدراوە.

**گرنگیترین ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:**

1. .ئامانجیەتی تێبگات کە تا چەند دەستێوەردانەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، گرنگی بە نەخۆشییە گەرمە پشتگوێخراوەکان دەدەن، وەڵامدەرەوەی جێندەرن.
2. توێژینەوەکە، زانیارییەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت کە لە پێداچوونەوەیەکی ڕێکخراو کۆکراونەتەوە.
3. ئەم توێژینەوەیە 20 چاوپێکەوتنی تاقیکردەوە کە باس لە هەشت نەخۆشی گەرمی پشتگوێخراو لە 13 وڵاتدا دەکەن.

**لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:-**

1. یەکێک لە دەستێوەردانی شیستۆسۆمیاز کە لە چین جێبەجێکرا وەک وەڵامدەرەوەی ڕەگەز هەڵسەنگێندرا.
2. نەتوانرا وەڵامی زۆر پرسیار لە GAT بدرێتەوە بەهۆی ئەو زانیارییە سنووردارانەی کە لە بڵاوکراوەکانی باسکردنی دەستێوەردانەکاندا ڕاپۆرتکراون.
3. خاڵە بەهێز و سنووردارەکان لە هەموو دەستێوەردانەکاندا دۆزرایەوە لە پەیوەندی لەگەڵ بەکارهێنانی چەمکەکانی ڕەگەز و جێندەر، جیاکردنەوەی داتاکان، ڕەچاوکردنی هۆکارە ژینگەییەکان، و بەشداریکردنی ژنان یان پیاوان لە قۆناغە جیاوازەکانی دەستێوەردانەکاندا.

## 4: تاووتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

ئەگەرچی لەژێر ناونیشانی توێژینەوەکەیدا توێژەر هیچ توێژینەوەیەکی بەرچاو نەکەوتووە بە زمانی کوردی کە باس لە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و ریکلامی کۆمەڵایەتی بکات، بەڵام نزیک لە گۆڕاوەکانی ناونیشانی توێژینەوەی بەردەست لە چەند لایەن و بوارێکەوە ئەو توێژینەوانەی خراونەتەڕوو خاڵی نزیک وهاوشێوەیان هەیە،بۆ سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو 10 توێژینەوەی پێشوومان وەرگرت،

بەگشتی توێژینەوەکان بەسەر سێ ناوچەی جوگرافی پۆلینکراون وەک (توێژینەوە کوردستانییەکان، توێژینەوە عەرەبیەکان، توێژینەوە ئینگلیزییەکان)، لێرەدا توێژەر هەوڵدەدات پەیوەندی و نزیکیان بەتوێژینەوەی بەردەستەوە ئاماژە پێبکات و گرنگترین دەرئەنجامەکانیان بخاتەڕوو کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدات، بەمجۆرە:

1. جـۆر و ڕێبـاز: توێژینەوەکـان زۆربەیـان لە جـۆری وەسـفیین و پشـتیان بە ڕێبـازی شـیکردنەوەی نـاوەڕۆک بەسـتووە. بە گـوێرەی جیـاوازی شـوێنکات، بەڵام مشـتەی توێژینەوەکان جیاوازە.

   لەرووی جۆر و ڕێبازەوە، توێژینەوەکە هاوبەشە لەگەڵ هەریەک لە توێژینەوەی(ئەحمەد، عبدالله، سماش، لعبادی:بوعبدالله، Martam)، جیاوازی ڕێباز و جۆرەکەی لەگەڵ توێژینەوەی هەریەک لە(ابراهیم:مراد، هبیر:یحیاوی، ناصر، Roberston: Davidson، Pastrana).

2. کۆمەڵ و مشتە: توێژینەوەی بەردەست لەرووی کۆمەڵەوە هاوشێوەیە لەگەڵ هەریەک لە توێژینەوەکانی(ئەحمەد، عبدالله، ئیبراهیم:مراد)، مشتەی توێژینەوەکە جیاوازە لەگەڵ سەرجەم توێژینەوەکانی دیکە.

3. ئامانج و دەرئەنجامی توێژینەوەکە: توێژینەوەی بەردەست لەرووی ئامانجەوە خاڵی هاوبەشی هەیە لەگەڵ توێژینەوەی هەریەک لە(ئەحمەد،عبدالله،Martam ، ناصر)،

لەرووی ئامانجەوە خاڵی جیاوازی هەیە لەگەڵ هەریەک لە توێژینەوەکانی(ئیبراهیم:مراد، هبیر:یحیاوی، سماش، بو عبدالله،Davidson: Roberston ).

خاڵە جیاوازەکانیشی لەرووی دەرئەنجامەوە لەگەڵ هەریەکە لە توێژینەوەکانی(ئیبراهیم:مراد،هبیر:یحیاوی،لعبادی:بوعبدالله،Davidson: Roberston ، Pastrana)، خاڵە هاوشێوەکانیش لەگەڵ توێژینەوەی(Martam،ناصر، سماش،ئەحمەد، عبدالله).

## 4.گۆڕاوەکانی توێژینەوە:

4-1:گۆڕاوی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی: هەریەک لە توێژینەوەکانی(ئیبراهیم:مراد،ناصر، سماش،هبیر:یحیاوی،لعبادی:بوعبدالله) لەرووی گۆڕاوی سەربەخۆ هاوشێوەن لەگەڵ توێژینەوەی بەردەست.

4-2:گۆڕاوی جێندەر:هەریەک لە توێژینەوەکانی(ئەحمەد،عبدالله،Martam ، Roberston: Davidson، Pastrana). لەرووی بەکارهێنانی گۆڕاوی جێندەر هاوبەشن لەگەڵ توێژینەوەی بەردەست.

5. لە رووی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، پشتیان بەستووە بە درووستکردنی خشتەی روونکردنەوە بۆ خستنەڕووی ئەو چەمک و دەستەواژانەی، کە لە مشتەی توێژینەوەکە بەکارهێنراوون، کەمتر بایەخیان بە خستنەڕووی زانیاری لە جۆری "تێبینی و سەرەنجی توێژەر" داوە.

6. ئەوەی ئەو توێژینەوانەی پێشوو لە توێژینەوەی بەردەست جیادەکاتەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە، لە گشتێتی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و جێندەر، وردتر ببینەوە، ئەو

چەمکە ورد بکەینەوە بۆ جۆرەکانی بازاڕسازیی و هەڵمەتەکانی، لە ناو جۆرەکانیشیدا، ریکلامی کۆمەڵایەتی،هەڵمەتی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەر دەستنیشان بکەین.

7. لە بیرۆکە و داڕشتنی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، سوود لە پرسیار و شێوازی داڕشتنیان لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە.

8. ئەم توێژینەوەیە لە روانگەی تایبەتمەندێتی بواری میدیا، جێندەر دەڕوانێتە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، جیاواز لە توێژینەوەکانی پێشوو، لە روانگەی بازرگانی یاخود کۆمەڵایەتیەوە لەو پرسە ناکۆڵێتەوە.

# بەشی دووەم

## بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی و سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی

### باسی یەكەم:بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی (پێناسە و مێژووی)

1-1 پێناسەی بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی

1-2: قۆناخەكانی گەشەكردنی بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی

1-3: رەگەز و بنەماكانی بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی و پرەنسیپەكانی

1-4: تێگەیشتن لە بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی

1-5خاڵی هاوبەش و جیاوازی لەنێوان بازارسازیی كۆمەڵایەتی و بازارسازیی بازرگانی

1-6: ئامانجی سەرەكی لە بازاڕسازی

1-7: رۆڵ و گرنگی بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی

### باسی دووەم:تیۆری بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی و هەڵمەتە كۆمەڵایەتیەكان بۆ سەرخستنی بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی

2-1: تیۆری بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی بە چەند هەنگاوێكدا تێدەپەرێت

2-2: بایەخی هەڵمەتە كۆمەڵایەتییەكان

2-3: ئامانجەكانی هەڵمەتە كۆمەڵایەتییەكان

2-4: هۆكارەكانی دەركەوتنی هەڵمەتە كۆمەڵایەتییەكان

2-5: چوارچێوەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی

2-6: پێودانگی بنەڕەتی بۆ سەركەوتنی هەڵمەتەكانی بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی

2-7: رەگەزەكانی تێكەڵەی بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی

### باسی سێییەم:بواری بەرهەمە كۆمەڵایەتیەكان لە دامەزراوە و رێكخراوەكانی ژنان

3-1: بەرهەمی كۆمەڵایەتی

3-2: نرخی كۆمەڵایەتی

3-3:شوێن یان دابەشكردنی كۆمەڵایەتی

3-4: بەرزكردنەوەی كۆمەڵایەتی

3-5: جەماوەر

3-6 سیاسەتی گشتی لە كۆمەڵگادا

# بەشی دووەم

## باسی یەکەم:

## بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی (پێناسە و مێژووی)

### 1-1: پێناسەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی:

وشەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (بەبازاڕکردن)، لە گوزارشتی ڕەسەنی (انگلۆسکسونیە) بە مانای گەڕان بەدوای تایبەتمەندییەکان و جیاوازەکانی بازار بەشێوەیەکی زاستی.

پێناسەی کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ بازاڕسازیی لە ساڵی 1985 ئەوەیە کەکارێکی تایبەتە بۆ نەخشەدانان و جێبەجێکردنی و دروستکردن و وە نرخدانان و ڕەواجکردن و دابەشکردنی بەرهەمەکان کە دەبێتەهۆی تێرکردنی پێداویستیەکانی و هیوایەتی کەسەکان و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەکان(بودیە،قندوز،2016،ص43-44).

بازاڕسازیی کارێکی کۆمەڵایەتییە، دەتوانین لەو ڕێگایەدا لەنێوان کەسەکان وە یان کۆمەڵەکان ئەوەی پێویستیان بێت و بەدەستی بهێنن، وە یان ئەوانەی حەزیان لە گۆڕینەوەی بیروباوەڕ هەیە لەنێوان یەکتر (التمیمی،www.resarchgate.net).

- بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی: بریتیە لە کارلێکراوێکی یان کارێکی نەخشە بۆکێشراو بۆ بەرنامەیەکی چوارچێوە فراوان، ئامانجی کاریگەری دانانە لەسەر هەڵسوکەوتی لە خۆوە بە جۆرێک لە کۆمەڵگە لە جەماوەرێکی دیاریکراودا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو لە جیاتی ئامانجێکی دارایی.

لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی ئەو سوودەی کە جەماوەر ئامانجیەتی، لابردنی کۆسپەکان کە ڕووبەرووی دەبێتەوە، بەکارهێن بۆ کارلێکی لەسەر بیرۆکەی جەماوەر بۆ ئەوەی هەلسوکەوت بکات بەشێوەیەکی باش و ئەرێنی(زناد،2011،ص5).

سەنتەری نەتەوەیی بۆ بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی (NSMC)بەمشێوەیە پێناسەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەکات:-جێبەجێکردنی پەیڕەو پرۆگرامێکی دیارە بۆ تێگەیشتن و

پێشکەوتنی بازاڕسازی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی هەڵسوکەوتی دیاریکراو کە پەیوەندیدارە بە بەرژەوەندی کۆمەڵایەتیەوە.

کوتلرو زەلتمان لە ساڵی 1973 بەمشێوەیە پێناسەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەکەن، دارشتن و بەرنامەسازی بۆ جێبەجێکردنیەتی، بەشێوەیەک کاریگەری هەبێت بەسەر بیرۆکەکە بۆ ئەوەی وەرگر بە ئاسانی لێیان تێ بگات، گریمانەی نەخشەدانانی بەرهەم و وە نرخاندن و یەک لەدوای یەک و دابەشکردن و لێکۆلینەوەیان، پێناسەیەکی دیکەیان بۆ کردووە، بەمشێوەیە:-

جێبەجێکردنی تەکنیکی بازاڕسازیی و بازرگانی لە شیکردنەوە و نەخشەدانان و جێبەجێکردنیەتی، هەڵسەنگاندنی بەرنامە بۆ داریژراوەکە بۆ کارکردنە سەر هەڵسوکەوتی جەماوەر.(سەعید، 2014،ص14).

پێناسەی سەنتەری نیشتمانی بەریتانی بۆ بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بریتیە لە:- جێبەجێکردنی پرۆگرامە بۆ تێگەیشتن و تەکنیکی بازاڕسازی بۆ گەیشتن و بەدەستهێنانی ئامانج و هەلسوکەوتە دیاریکراوەکان لە پرسە کۆمەڵایەتیەکان. (الناجم،2016،ص66).

کوتلەر(Kotler) بەمشیوەیە پێناسەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەکات:-

بە ئاراستەکردنیکی کارگێڕی دادەنرێ، کارێکی جەوهەرییە بۆ دامەزراوەکە، بە دیاریکردنی پێویستیەکان و خواستەکانی جەماوەر، ئامادەکردنی دامەزراوە بۆ بەدەستهێنان و تێرکردنی خواستەکانی جەماوەر، بە چالاکی و کاریگەری بەرزتر. (simon&Alicia,2003,p326).

پێناسەی (Don): بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کارێکی نەخشە بۆ داریژراوە بۆ کاریگەری دانان لەسەر چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و رودانی گۆڕانکاری پێویست یان ئامانجدار، ئەمەش ریگایەکی نوێیە بۆ بیرکردنەوە لەبارەی کێشەکانی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی لە دەرهاوێشتە کۆمەڵایەتیەکان بێت، کەلەسەر دامەزراوە وە پاشان چرکردنی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لێرە لەسەر چۆنیەتی روداوەکان کاریگەرییەکانی و باوەڕپێهێنان و ئامادەکارییەکان وە

بەدەستهێنانی رازی بوون لە نێوان خەڵکدا لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەکانیان، یان روداوە کۆمەڵایەتیەکان کە زۆر پێویستن. (Don,2011,p23)

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، بیرۆکەیەکە ئامانجی گۆرینی هەڵسووکەوتی جەماوەرە بە بەبەکارهێنانی تەکنیک و شێوازی بازاڕسازییەکەی وە هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ دروستکەری بڕیاردەران و تایبەتمەندی گرنگی پێدەدەن لەنێوان بەرنامەی و ئامانجی روودانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. (Alan,1994,p4).

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کۆتلەر و زەلتمان (١٩٧١) " بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بە کارهێنانی پرەنسیپ و ئامرازەکانی بازاڕکردنە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەسەندە کۆمەڵایەتیەکان، واتە قازانج بۆ کۆمەڵگا وەک هەمووی نەک بۆ قازانج یان ئامانجی تری رێکخراوەیی نرخدانان، پەیوەندییەکان و توێژینەوەی بازاڕ ئەندریاسن (١٩٩٥) " بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای بازاڕسازی بازرگانی بۆ شیکردنەوە و پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆگرامانەی کە بۆ کاریگەری لەسەر ڕەفتاری ئارەزوومەندانەی بینەرانی ئامانج دانراوە بۆ باشترکردنی خۆشگوزەرانی تایبەتیان و کۆمەڵگاکەیان کۆتلەر، ڕۆبێرتۆ لی (٢٠٠٢) " بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی پرەنسیپ و تەکنیکەکانی بازاڕکردنە بۆ کاریگەری لەسەر بینەری ئامانج بۆ قبوڵکردن، هەموارکردن، یان وازهێنان لە ڕەفتارێک بۆ بەرژەوەندی تاکەکان، گرووپەکان، یان کۆمەڵگا وەک هەمووی".( Shaw, (Alina,2012,P23

(دافید وزیو)، وایدەبینن بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بریتیە لە ستراتیژی چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە رێگەی گۆرینی ئاڕاستەی خەڵک لەسەر جۆری گوزەرانیان بە مەرجێ باوەڕپێهێنانیان بە پیویستی ئەم گۆڕانکارییانە.

دافید وزیو، بەمشێوەیەش وەسفی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەکەن:- بەکارهێنانی تەکنیک و بنەماکانی بازاڕکردن بۆ کاریگەری لەسەر جەماوەری بە ئامانجکراو، وەریدەگرێت لە

خۆیەوە یان ڕەتی دەکاتەوە یان ڕاستی دەکاتەوە یان وازدەهێنێ لە هەڵسوکەوتەکان لە بەرژەوەندی تاک یان کۆمەڵەکان یان کۆمەڵگە هەموویان.

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ئەمانەش دەگرێتەوە:-(Alan,2002,p23).

1- ستراتیژی پلان بۆ دارێژراو بۆ گۆڕینی هەڵسووکەوتی تاک یان کۆمەڵ.

2- کاراکردنی پلانە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی بەهۆی چاودێریکردنی جەماوەر بەدەست دێت.

3- چاودێریکردنی ئەو کەسانەی کە تەنها ئامادەیی گۆڕانکارییان هەیە لەبەرامبەر ڕوداوەکان.

4- کردارێکی تەواو کارگێرییە بە بەکارهێنانی دەستکەوتە بەدەستهاتووەکان.

- بازاڕسازی کۆمەڵایەتی
- تەنها ئاگادارکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بازرگانی نییە.
- تەنها دروشم نیە.
- مەرج نییە بگاتە هەموو کەس و تاکێکی کۆمەڵگە.
- لە بۆشاییەوە نایەت، بەڵام گوزارشت لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەکات و دەیەوێت چارەسەرییان بۆ بدۆزێتەوە بە ڕێگەیەکی زانستیانە.

لە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی (کۆمەڵگە) سەرەتا هەڵدەستێ بە ڕێکخستن و دەستنیشانکردنی پێویستیەکان و خواستەکانی بازاڕی بە ئامانجکراو بەدەستهێنان و ڕازیبوونیان بە کاراو تواناییەکی بەرز لە ڕووبەڕووبوونەوە کە وا بکات دۆخی وەرگرەکانی کۆمەڵگە ئەمەش فەلسەفەی کۆمپانیاییە، تا چەندە پابەندە بە یاسا بۆ وەرگرتن و ڕەچاوکردنی لێپرسینەوەی کۆمەلایەتی لە دروستکردنی بڕیار، گرنگیدەدات بە بەدەستهێنانی قازانج.(Kotler,2014,p14).

**2-1: قۆناخەکانی گەشەکردنی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی**

لەسەر دەستی زانا(Baran&Davis) دامەزرا، رەگ و ریشەی هزری بۆ بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوەکانی (کوتلر و لیفی) بۆ جێبەجێکردنی رێکخستنی خێزان لە شەستەکاندا، لە چوارچێوەی بازاڕسازی ئەکادیمی تاوەکو 20 ساڵ قۆناخەکانی پێشکەوتنی چەمکی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ئەمانەن:-(عبدالحميد،2004،ص354)

1. قۆناخی دۆزینەوە سەرەتاییەکان-1952-1970:
2. قۆناخی سەرهەڵدان-1971-1980:
3. قۆناخی بڵاوکردنەوە-1981-1990:
4. قۆناخی پێگەیاندن و جێگربوون-1990-2000:

   قۆناخی راپەڕاندن و راستەقینە و پێگەیاندن دوای رێکەوتن لەنێوان خوێندکاران و ئارەزوومەندان و ستراتیژییەتی کارا.
5. قۆناخی دۆزینەوەی گەڕان بەدوای چوارچێوەی نوێ-2001- تاوەکو ئێستا:

لێرەوە دەستکرا بە گەڕان بەدوای چوارچێوەی زانستی بۆ شیکردنەوەی رەهەندەکاندا و گەڕان بەدوای چوارچێوەی نموونە بتوانن تەواوکرد و تێکەڵاوکردن لەنێوان (چەمکی پەیوەندی بازاڕکردنی تەواو، رەگەزەکانی هەڵمەتی کۆمەڵایەتی لێرەوە پێشکەوتن و بەرفراوانبوونی چەمکی بازارسازی تەنها ئاڵوگۆڕکردنی ماددی و قازانج لەنێوان دام و دەزگاکاندا و جەماوەرد، بەڵکو جۆرەکانی گۆرینەوەی لەنوان کۆمپانیاکاندا.

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو سەریهەڵدا. کاتێک زانا فیلیپ کتلر و گیراڵد زاڵتمان (1970) درکیان بەوە کرد، هەمان ئەو بنەمایانەی لە بە بازاڕکردنی بازرگانی هەن و بەکاردەهێنرێن بۆ فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنەران و

بە ئامانجگیراوەکان، دەکرێت بەکار بهێنرێن بۆ فرۆشتنی بیر و چەمک و هەڵوێستە و نۆرمەکانی رەفتاری پەسند لە لای تاک و خێزان.( Ward, J. c. and R.P. Hill, 1985,p81)

کتلەر واندرسین، لەو بڕوایەدا بوو، کە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی جیاوازە لە رووی ئامانج و کەسانی بە ئامانجگیراو، چونکە ئامانجەکانی گشتیین و لە هەمان کاتدا دەیەوێت کاریگەری لەسەر نۆرمی رەفتاری کۆمەڵایەتی درووست بکات بە بێ ئەوەی بیەوێت قازانجی دەست بکەوێت. ئەو باوەڕی وابوو، بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ئامانجی ئەوەیە سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنێت وەک ئەو هەڵمەت و پرۆگرامە نێودەوڵەتیانەی هەن بە مەبەستی باشترکردنی رەوشی تەندرووستی وڵاتانی جیهانی سێیەم دانراون.( Andreasen ,Alan R,1995,p67)

بواری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە میانی کارکردنی دەستە نێودەوڵەتییەکانی وەک فریاگوزاری و خاچی سوور و مانگی سوور زۆر پێشکەوتنی بە خۆوە بینی، ئەوان چەندین پلان و پرۆگرامیان پێشکەش کرد بۆ هاوکاریکردنی کەسانی پێویست، لە ناوچەی جیاجیای جیهاندا ئەو کەسانەی پێویستیان بە خزمەتگوزاری تەندرووستی و خواردن و پێداویستییە سەرەکییەکان بوو بۆیان دابین کردن.

پێشبینیدەکرێت هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە سەدەی بیست و یەکەمدا بوارەکانی ژیانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاجیا بگرێتەوە وەک کێشەی بێکاری و هەژاری و چۆنیەتی چارەسەرکردنی و هاندانی زۆرێک لە توێژەکان بۆ کارکردن لە بوارە نوێیەکان بە ئامانجی کەمکردنەوەی رۆشنبیری نەنگی زانین کە باوە لە ناو هەندێک لە کۆمەڵگەکاندا.

ئەو قبووڵکردنە ئەرێنیە لە لایەن توێژەکانی گەنجانەوە هاتووەتە دی، وای لێهاتووە لە هەر بوارێکدا کار بکەن تا ئەو کاتەی کارێکی گونجاویان بۆ رێک دەکەوێت و دەگونجێت لەگەڵ توانا و بەهرەکانیان، بە تایبەتی زۆر دەرفەتی کار هەیە لە وڵاتانی تازەگەشەکردوو، ئەو گەنجانەی خوێندەواریان هەیە نایانکەون.

پرۆگرامی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی پێویستە ئاراستە و رووی لە پرۆگرامێکی زانستیی بێت بە مەبەستی رازیکردنی گەنجان بەوەی کار بکەن لە هەر بوارێکدا کە دەتوانن و بەرهەمی گشتیی وڵاتان زیاد بێت.

لە پرۆگرامە بازاڕسازییەکان و کۆمەڵایەتییە توێژینەوە کراوەکاندا هاوکاریکردنی ئەو گەنجانە و باوەڕپێکردنیان بەوەی لەو بوارانەی دەرفەت هەیە کار بکەن گرنگە و هەرچەندە کارەکەش لەگەڵ خواست و توانا و بەهرەکانیان بەکنەگرێتەوە.( Glanz, K, F. Lewis and B. Rimer,1997,p98)

لەنێوان چەرخەکانی حەفتا و یەکی سەدەی بیستەمدا، وا سەیری بازاڕسازی دەکرا کە چالاکی کۆمپانیاکانە بەشێوەیەکی بنەڕەتی، بەڵام لە ڕاسیتدا وا نەبینرا، سەبارەت بە بازاڕسازی زۆریک وایدەبین کە هەموو شتێکە تەنها چالاکی بازرگانی نەبێت. (Ciszewski,1995,p81-83)

لە کۆتایی حەفتاکاندا (Eugene J. Kelley) داوایکرد بۆ  لێکۆلینەوەی زیاتر لەبارەی بازاڕسازی بکرێت، خۆی بەدوورگرت لە گفتووگۆکردن، زیاتر گرنگی دا بە لێکۆڵینەوە لە بارەی رۆڵی بازاڕسازیی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگەی نوێدا، وە بایەخی زیاتری دا بە زانین لەبارەی بنەماکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی کە توانای گواستنەوەی هەبێت بۆ رێکخراوەکانی بازاڕسازی، کەسەکان و بیرۆکەکان و وروژاندنی ئامانجەکانی کوتلەر و لیفی، گفتووگۆیەکی زۆر لەماوەی پێنج ساڵدا بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و ئامانجەکان، هیچ کار و فرمانێکی لەخۆوە دەرنەکرد، بەردەوام بوو لەسەر دەوڵەمەندکردنی بیرۆکەکەی بۆ ئەوەی سوودی هەبێت بۆ کۆمەڵگەکەی.(Mohammad,et al,2015,p70)

بازارسازی واش دەناسرێتەوە کە بریتیە لە گەیاندن و تێرکردنی پێویستیەکانی پایەکانی خەڵکە لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانیان.(النجار،2006،ص28).

سەرەتای دەرکەوتنی چەمکی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کە زیاتر لە کۆنفراس و کتێبە وەرزییەکان بەکارهاتووە، لە ساڵی

1994 زیاتر لەلایەن UN بەکارهاتووە لە هەڵمەتە تەندروستیەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایدز بانکی جیهانی بەرنامەکانی پەروەردەو فێرکردن، وە بەشێکی زۆر لە وەزارەت و سەنتەرەکانی هۆشیارکردنەوە لە ئەمەریکا پەنایان بۆ بازارِسازیی کۆمەڵایەتی بردووە.(البکری،2011، ص8).

بازارِسازیی کۆمەڵایەتی، بە واتای بەرجەستەکردنی پێشکەوتن لە زانستی کۆمەڵایەتی گشتی و کۆمەڵناسی و پەیوەندی، بە ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵایەتی، هەروەها هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی:-

1- گۆڕینی داب و نەریت و رەوشتی خراپ.

2- چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان.

زاراوەی (بازارِسازیی کۆمەڵایەتی) لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت بۆ بنیاتنانی فکری، جەخت لەسەر چۆنیەتی بەرجەستەکردنی هێزی کاریگەر لە پێناوی بازارِسای بەرهەمەکانیدا. (عرجان، 2010،ص35).

هەندێکیتر لەپسپۆران پێیان وایە سەرەتای دەرکەوتنی بازارِسازیی کۆمەڵایەتی لەسەر دەستی لێکۆڵەر (فیلیب کوتلر)،لە حەفتاکانی سەدەی بیست بوە، ئامانجی ئەوە بوو کاریگەری دروست بکات لەسەر ئاراستەکانی هەڵسوکەوتی بەرکاربەر (المستهلك) کۆتایی یان کریارەکان، بەبێ ئەو ستراتیژە سنووودارەی بۆ راستکردنەوەی هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی.

لە ساڵی 1975 (کوتلر) پێناسەیەکی گشتگیرتری بۆ بازارِسازیی کۆمەڵایەتی کرد، (تێگەیشتنی زیندووە لەبارەی بیرۆکەو ئامرازەکانە بۆ جێبەجێکردنی لە بوار و دۆزە کۆمەڵایەتیەکان). (ابراهیم،2009نص68).

مێژوو بیرماندەخاتەوە کە بازارِسازی چالاکیەکی زانستیە لە سەدەی رابردوو بەچەند قوناخێکدا تێپەڕیووە، پێشکەوتووە، لە تێگەیشتنە فەلسەفەیەکدا ئەوە دەردەکەوێت کە بازارِسازی بەکاربەر لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بۆ بازارِسازیی پیشەسازی لە شەستەکاندا، لە ساڵی حەفتاکاندا بازارِسازیی کۆمەلایەتی کە ئامانجی دەستکەوتنی قازانج

نییە لە پیشکەشکردنی خزمەتگوزاری‌یەکان، پاشان لە هەشتاکاندا و نەوەدەکان بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی تاوەکو ئێستاش گەشەی زۆری بەخۆوە دیووە گۆڕانکاری زۆر لەبواری تێگەیشتنی بنەڕەتی بەخۆوە دیوە تاوەکو ئێستاش لە پێشکەوتندایە. (برکات، و اخرون، 2011،ص1).

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی شایەتحاڵی ئەم هەموو پێشکەوتنە بەرچاوەیە کە بەمشێوەی کە ئێستا بەرزبۆتەوە لە گۆڕەپانی دونیادا، بەچەند ئاڕاستەیەکی نوێکاریدا.

بۆ نموونە لازر و کیللی (Lazer and Kelley) وایدەبین کە پێویست ناکات بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی تەنها گرنگی بە بنەماکانی بازاڕسازی بدەن لەگەڵ شێوازەکانی بەمەبەستی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، پێویستە پشت بە پێوەری کاریگەر ی کۆمەڵایەتی لە هەڵمەتی بازاڕسازی کە ئەمەش پێچەوانەی یەکێک لە چەمکەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی نوێیە.

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ئەو زانستەیە کە گرنگی دەدات بە جێبەجێکردنی شێوە و ئامرازەکانی و زانست و تێگەیشتنەکانی بازاڕسازی بۆ باشترکردنی ئامانجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەروەها گرنگیدەدات بە شیکردنەوەی دەرئەنجامە کۆمەلایەتیەکان لە سیاسەت و بریاردان و چالاکیەکانی بازاڕسازی.

پێناسەیەکی دیکەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بەمشێوەیە کردووە، ئەو ئاڕاستەیە کە گرنگیدەدات بە دەرئەنجامی کۆمەڵایەتی بازارسازی، بازاڕسازی کۆمەڵایەتی نەخشەیە کە ئەمەش سەرچاوەی گرتووە لە گرنگیدانی بە دەرئەنجامە کۆمەڵایەتیەکانی بۆ جیاکردنەوە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە جۆرەکانی دیکەی بازاڕسازی. ((Glenane,2003,p45

**3-1: رەگەز و بنەماکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و پرەنسیپەکانی:**

مولینر (Moliner) وایدەبینێ بازاڕسازیی کۆمەلایەتی درێژکراوەی ئەو بازاڕسازییە کە لێکۆلینەوە لەو پەیوەندییە دەکات کە گۆڕانکاری لەسەر داڕشتووە لە کاتێکدا بەرهەمهێنەر بیرۆکەی یان هۆیەکی کۆمەڵایەتی بێت.

وە تیشک دەخاتەسەر رازیبوون یان راستکردنەوە یان گۆڕانکاری یان دامەزراندن یان وازهێنان لە بیرۆکە بیروباوەڕە سەرکەوتوو و بەهاکان و پراکتیزەکردنی هەڵسووکەوتەکان. (دونوفان و هیلی 2010).

ئەو ئامانجە تەنها هاندانی هەڵسووکەوتی نەرێنی نیە لە تاکەکاندا و گۆڕانکاریشدا کە یارمەتی ئاسکاریکردنی دەدات بۆ ئەم گۆڕانکاریانەی تاک پێی هەڵدەستێ.

(Hastings and Domegan 2014) وایدەبینن  کە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کارا پێویستی بە چوار رەهەندی سەرەکی هەیە ئەوانیش:-(ئاڕاستەی کریار، ئاڕاستەی داهێنەرانە، رەهەندی بەکۆمەڵ، ئاڕاستەی پێشبڕکێکارانە). (سامی عبدالعزیز،2013،ص79)

زانایان پاڵپشتی ئەو ئاراستانە دەکەن بۆ ئەوەی پراکتیزەی بیرۆکەکان بکەن و لە لێکۆڵینەوەیان سوودی لێوەربگرن لە بواری بازاڕسازی کۆمەڵایەتی، وە سوودی لێوەردەگرن بۆ بیردۆزەکانیان، وێڕای نموونەی گۆڕانکاری هەڵسووکەوت.( Helena, Mercedes,2019,p3-4).

دەتوانین لە جیاوازی نێوان بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و بازاڕسازی بێ قازانج زیاتر وردبینەوە لە گرنگی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی، کە هەندێ کات وادادەنرێت لقێکە لە لقەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە بازاڕسازی دامەزراوەکان بێ قازانج گرنگی دەدەن بە بەڕێوەبردنی بازاڕسازییەکانی رێکخراوەکان و لەبواری نەبوونی قازانج (نەخۆشخانە، رێکخراوە خێرخوازییەکان، دامەزراوە پەروەردەییەکان...هتد)

لێرە دەتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو چالاکیانەی کە لەناو ئەو کۆمەڵانە دەکرێت کە چاویان لە قازانج نییە گرنگی دەدەن بە سەرکەوتن و مانەوەی کۆمەڵەکەیان، بەڵام

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی گرنگی دەدەن بەو گۆڕانیکارییانەی کە روودەدەن لەسەر جەماوەری دەستنیشانکراو و بەئامانجکراو.(زناد، 2011، ص4).

بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی گرنگی دەدات بە جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئەو بیرۆکانەی کاریگەرە بەسەر بەدەستهێنانی بیرۆکەی کۆمەلایەتی گونجاو لەبارەی دانراوە، لەوانە(پلاندانانی بەرهەم، نرخەکان، پەیوەندیکردن، دابەشکردن، توێژینەوەی بازاڕسازی و ئەمیش دوو جۆر لە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە بازاڕسازی نیشاندەدات. (الصمیدعی،2012،ص4).

أ- کێشەی بازاڕسازی، پاڵنەرەکانی بازاڕسازی:- بەدەستهێنانی دانپێدانانی و پاڵپشتیکردنی بیرۆکەی کۆمەڵایەتی، بۆنموونە (پلاندانانی خێزان، چاودێری دانیشتوون، وە پێویستە چاودێری رەوشی کۆمەڵایەتی بکەین و هەڵمەتی کۆمەڵایەتی لە رێگەی بازاڕسازی بۆ کەین.

ب. بازاڕسازی بەرنامەبۆدارێژراو، بە بەرنامە:خستەگەڕی تواناکان بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری و بەشداریکردن بەرنامەی تایبەتمەند بۆ برەودان بە بیرۆکەی گشتی.

بەڵام ئەو رەگەزانەی کە دەتوانین پشتی پێببەستین لە بواری بازاڕسازی کۆمەڵایەتی ئەمانەن:-(مجاهیدی، واخرون،2017،ص188).

1- تێگەیشتن لە پێداویستیەکانی کریار: ئامانجی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کۆڵنەدانە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک یان چەند کۆمەڵگەیەکی بە ئامانجکراو، بۆ ئەوەی دەست بکات بە کارلێکردن و کاریگەری و گۆڕانکاری بکات لە بیرۆکەی کۆمەڵایەتی هەڵسوکەوتی کەسەکان.

2- کەناڵەکانی دابەشکردن: هۆیەکانی راگەیاندنی جەماوەری، راگەیاندنی جەماوەری هۆکارێکی گرنگی گەورەیە لە زیندووکردنەوەی تێگەیشتن، لە بەرهەمەکانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بە خستنەسەر دابەشکردنی بەرهەمە هەست پێنەکراوەکان، (بەچاو نابینرێن)،

بەڵام کاریگەری ڕاگەیاندنی جەماوەری جیاوازییەکی زۆری هەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە.

3- نرخاندن: ئامانج لە سیاسیەتی نرخەکاندا، بەدەستهێنانی گەورەترین ژمارەی بەدەستهاتووی کەسەکانە بۆ بەرهەمەکان و خزمەتگوزاری‌یە کۆمەڵایەتیەکان کە نیشانیدەدرێن بە کەمترین نرخ و بەخۆرایی.

4- گرنگی کۆمەڵایەتی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی: پێچەوانەی ئەو ڕۆڵەی کە بازاڕسازی دەیگێڕێت لە بەڕێوەبردنی چالاکی بازاڕسازین پلەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری یان دواکەوتووی و کاریگەری ئابوورییانە بۆ بازاڕسازی لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ کە هەڵیدەگرێ لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییدا کاریگەرە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کاریگەرییە کردارییەی گۆرینە لەنێوان کۆمەڵگە و بازاڕسازی.

چالاکی بازاڕسازی کاردەکات لەسەر ئاستی ژیان بەزیادکردن و بەجۆرکردنی، چاککردنی، بەهاوکاری هەندێک کەلوپەلی خزمەتگوزاری پێشکەشدەکات بۆ کۆمەڵگە، لە ڕێگەی کارلێکردنی ڕاستەوخۆ لەسەر شێوازی لەناوبردنی دیاردە باوەکانی کۆمەڵگە، لەلایەکی دیکەوە بازاڕسازی لەبەرچاودەگیرێت کاریگەری کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنێت، پێکهێنان و دیاریکردنی کەمووکوڕییەکان لەنێو کۆمەڵگە کاریگەری چینایەتی و پاڵەپەستووی خێزانی و ئاستی ڕۆشنبیری و پاڵنە باوەکان لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە بە گشتی.(سعید، 2014، ص28-29).

چوار ڕەگەزی سەرەکی و بنەڕەتی لە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی هۆکارن بۆ سەرکەوتن و ڕێگاکانی پلاندانان و جێبەجێکردن.

1. گۆڕینی ڕەوش و هەڵسووکەوتی تاکەکان: لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ڕێگاکانی فێرکردن کە کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر تاک بۆ ئەوەی ئەو ڕەوشت و هەلسووکەوتەی لەسەری ڕاهاتوون، پەیڕەوی دەکەن لە ژیانی ڕۆژانە، ڕەنگدانەوەی

هەیە بەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی ئاڕاستەی تاک لە کۆمەڵگە، فیرکردن بەشێوەیەک کە پلانی بۆ دابنرێت ڕۆڵ دەبینێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان.

2. باوەڕپێهێنان(الاقناع): گۆڕینی بیروباوەڕ کە تاک لەسەری ڕاهاتوو کارێکی هێندە ئاسان نییە، پێویستی بە پلان و ستراتیژی درێژخایەن هەیە، بەتایبەت ئەو ڕەوشتە دیاریکراوانەی کە تێکەڵ بە بەها و ڕەوشت بوونە، لە نەریتەوە وەرگیراوە ڕۆچۆتە کەلتووری مامەڵەکردنی کەسەکان، زۆرکات کۆمەڵگە هێزی پێداون بەتایبەت ئەو خوانەی کە بەها و کەلتووری کۆمەڵگە لە ڕێگەی سەرچاوەمانی باوەڕەوە وەرگیراون بۆ نموونە ئاین، لە وڵاتە مەزهەبیەکان بە پیاوانی بەخشیوە.

3. گۆڕینی ڕەوشت:کارکردن و ڕاهێنان بۆ ئەوەی تاکەکان هەنگاو بنێن بەرەو ڕەوشتی باش یەکێکە لە ڕەگەزەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەم گۆرینە پێویستی بە کات و هەڵمەتی بەردەوامی گۆڕانکاری هەیە لە ڕێگەی بازارسازی بۆ بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و بەرەنگاربوونەوەی لە پێناو بنەبڕکردنی.

4. کاریگەری کۆمەڵایەتی: لایەنگرانی ئەم ڕەگەزە، ڕایان وایە باشترین میکانیزمی کارا بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە، هەڵمەتە لەپێناو گۆرینی پرەنسیپی کۆمەلایەتی، بەڵام زۆر ئەستەمە تەنا لەسەر ئەم میکانیزمە کاربکرێ، بۆیە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی پێویستە، پێشنیار لەسەر گروپیکی دیاریکراو لە تاک، لە کۆمەڵگە دواتر بەدواداچوون دەکات لە ڕەفتار و ڕەوشتیان، ئەم جۆرە ڕەگەزە بەکاردەهێنرێت، کاتێک:

- بابەتە کۆمەڵایەتییەکان پەسەند و ڕوون بێت.
- فشارخستنەسەری بەشێوەیەک بێت کە هەماهەنگی و ڕێکەوتن بەهێزتر بێت.
- ئەو ڕەفتارەی کە کاری لەسەر بکرێت ڕوون و دیار بێت.

لەگەڵ ئەوەش چەندین بنەماو ڕەگەزی دیکەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی هەن جێگەی بایەخن لەوانە:- (العوادلی،2011،ص21)

- بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بایەخ و گرنگی بە کێشەو بیروڕای کۆمەڵایەتی دەدات، لەکاتێکدا هەر کەسێک دەسەڵاتدارە یان پێگەیەکی هەیە لەناو کۆمەڵگە ڕێگەپێدراوە ڕەفتاری تاک بگۆڕێت بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە.
- بەرنامەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دارێژراوە بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕەفتاری مرۆڤایەتی لەبوارێکی فراوان لە کۆمەڵگە.
- پێوەری ماددی نابێتە مەرج بۆ سەرکەوتنی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی.
- هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بە جەماوەر دەست پێدەکات و کۆتایی دێت.
- بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی هەمان میکانیزمی بازاڕسازیی بازرگانی بەکاردەهێنێ.

### 1-4: **تێگەیشتن لە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی**

سەرەڕای ئەو سەرکەوتنانەی لە ڕێی پلاندانان و جێبەجێکردن و ئاراستەکردنەوە بە دیهاتوون و ئەوانەی بڕوایان بە مەودای بایەخ و سوودی جێبەجێکردنی ڕەگەزەکان و بنەماکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە بوارە جیاجیاکانی وەک تەندرووستی، چاودێری کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئەوانی دیکە هەیە، بەڵام هێشتا گومان و پرسیار لە بارەی توانای ئەو چەمکە بۆ کارکردنی دەرەوەی چوارچێوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەریتی و توانای لە هێنانەدی لە ژینگەیەکی بەردەوام گۆڕاودا هاتووەتە ئاراوە.

هەر بۆیە ئەوانەی کار بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەکەن، دەستەوەستانن لە پەی بردن بە سەرجەم هۆشیاری و زانیاریانەی یارمەتیان دەدات لە پلاندانان و جێبەجێکردن و ئاراستەکردنی هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کە دانراو و سەرەڕای ئەوەش پێویستی بەدەستهێنانی لێهاتوویی و پەیوەندی پێویست کە پێویستن بۆ هێنانەدی نەرمی و گونجاوی و داهێنان لە میانی پێشکەشکردنی بیرۆکە و جێگرەوەی زانستی و داهێنەرانە.

هەر بۆیە بەردەست بوونی ئەو خەسڵەت و لێهاتووییە تایبەتانە هاوکارن بۆ دانان و جێبەجێکردنی ستراتیژی باوەڕپێهێنەر، بۆ جەماوەری بە ئامانجگیراو لە لایەک و بەدیهێنانی سەرکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ژینگەی تەکنۆلۆجی گۆڕاو لە لایەکی دیکەوە.

(حەمەسەعید،2020،لا51)

کتلەر و زاڵتمان (1970) وای دەبینین بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بە سادەیی بریتییە لە هەوڵێکی جددی بۆ جێبەجێکردنی چەمکە بنەڕەتییەکانی بە بازاڕکردن لە پرسە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییە دیاریکراوەکاندا. بەڵام بازاڕسازی بازرگانی دەکرێت بەوە پێناسە بکرێت: کە سەرجەم ئەو رێکارانەیە ئامانج لێیان ساغکردنەوە و فرۆشتنی کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەکە کە پێداویستی و خواستی دیاریکراوی لای هەندێک تاک و دامەزراوە لە بارەی جۆر و نرخی گونجاویان هەیە. هەروەها بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی جیاوازە لە بە بازاڕکردنی بازرگانی لە رووی ئەو ئامانجانەی کەسانی دامەزراوەکان هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن، کە زیاتر ئامانجەکە درووستکردنی کاریگەرییە لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی و مەبەست لێی گۆڕینی ئەو رەفتارەیە.(Kotler,&Zaltman,1971,p31)

هەروەها بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی رەهەندی سەردەمیانەی هەیە و خۆی لە جێبەجێکردنی پرۆگرامی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵە ناڕەسمییەکان یان دامەزراوە رەسمییەکان دەبینێتەوە و دەکرێت پلانی تایبەت بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە لایەن دامەزراوەی قازانج نەویستەوە دابنرێت وەک ئەو کۆمەڵانەی تایبەتن بە پاراستنی مافی بەکاربەر و ژینگە.

ئامانجی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ئاراستە ناکرێت بۆ بەبازاڕکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری بە تەنیا، بەڵکو ئامانجەکەی درووستکردنی کاریگەرییە لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی ئەو لایەنانەی کراونەتە ئامانج. بۆ نموونە هاندانی تاکە جگەرە کێشەکان بۆ وازهێنان لە جگەرە کێشان و هاندانی شوفێران بەوەی پێویستە پابەندی رێنماییەکانی هاتوچۆ بن و خێرایی کەم بکەنەوە و پشتوێنی سەلامەتی ببەستن.(Andreasen,1997,p7)

ئامانجی سەرەکی پلانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پێشخستن و چاککردنی رەوشی ژیانی تاک و خێزان و کۆمەڵە و کۆمەڵگەکان و هیچ قازانج و سوودێکی ماددیی راستەخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ماوە کورتدا ناخوازێت. (Backer ,1992,p18)

به كورتی: بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی ئامانجەكانی زیاتر گشتیین بە بەراوردكردنی لەگەڵ بە بازاڕكردنی بازرگانی كە ئامانجی دەستنیشانكراو و وردن.

بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی هەوڵی باشكردنی رەوشی ژیانی تاک و خێزان دەدات بە بێ ئەوەی هیچ دەستكەوتێكی ماددیان لێ چاوەڕوان بكات.

سەرەڕای ئەوانەش، بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی هەوڵدەدات ئەو كەسانەی بە ئامانج گیراون لە رێی ئامرازی قەناعەت پێكەری روون و تایبەتەوە رەفتاریان بگۆڕێت، بەڵام بازاڕسازیی بازرگانی رەنگە پشت بە چەواشەكاری و فێڵكردن لە هەندێک بەكارهێنەر ببەستێت بۆ ساغ كردنەوەی كاڵاكەی و فرۆشتنی. (Cotler&Levy, S,1969,p13)

**1-5: خاڵی هاوبەش و جیاوازی لەنێوان بازارسازیی كۆمەڵایەتی و بازارسازیی بازرگانی:**
**(إبراهیم،2004، ص90).**

بازارسازیی كۆمەڵایەتی: ستراتیژیەتێكی نوێیە بە پشت بەستن بە ئامرازە بازرگانیەكان لە پێناوی بڵاوكردنەوە یان فرۆشتنی بیرۆكەیەک یان رەوشتێكی كۆمەڵایەتی تەندروست لەجیاتی فررۆشتنی كاڵایەک وەک(شیرینی و كاڵا ی دیكە).

پێوەرەكانی جیاكردنەوەی بازارسازیی كۆمەڵایەتی لە بازارسازیی بازرگانی:-

یەكەم: بەرهەم:- ئامانج چییە لە بازارسازی بەرهەمەكە.

دووەم: ئامانجی سە رەكی لە بەرزكردنەوە یان زیادكردن.

بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای پرۆگرامی بازاڕسازی بەمەبەستی راستكردنەوەی بیرۆكەكان لە كۆمەڵگە.

**1-6: ئامانجی سەرەكی لە بازاڕسازی**

1. بازرگانی: ئامانجی دەستبەركردنی داهاتی ماددی.
2. كۆمەڵایەتی: سوودوەرگرتن لە میانەی زیادكردنی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری و رەوشی كۆمەڵایەتی تەندروست

3. پێشبڕکێ: پێشبڕکێیەکە لەنێوان کۆمپانیاکان و دامەزراوەکان لەلایەن بەرهەمەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

بە واتای بازاڕسازی بازرگانی مەبەستی سەرەکی فرۆشتنی کاڵا و قازانجی ماددییە بەڵام کۆمەڵایەتی مەعنەوییە و قازانجی ماددی نییە بەڵکو باشکردنی رەوشی کۆمەڵگە.

سێ جیاوازی بنەڕەتی هەیە لە نێوان بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و بازاڕگەری بازرگانیدا:

1. بازاڕسازیی بازرگانی بەدوای دەستەبەرکردنی پێداویستی و پێداویستیەکانی بازاڕی ئامانجدا دەگەڕێت.
2. ئامانجی سەرەکی بازاڕە بازرگانیەکان قازانجە لەڕێگەی خزمەتکردنی مەبەستەکانی بازاڕی ئامانجدارەوە، لەکاتێکدا بازاڕسازی کۆمەڵایەتی ئامانجیان بەدەستهێنانی پێداویستییە جیاوازەکانی بازاڕە لەڕێگەی بەرزکردنەوەی بیرۆکەیەک بەبێ بەدەستهێنانی قازانجی کەسی.
3. بازاڕکەری بازرگانی بانگ دەکرێن بۆ بازاڕکردنی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان، لەکاتێکدا بازاڕسازی کۆمەڵایەتی هەمان بیرۆکەکان زیاتر لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان.

**1-7: ڕۆڵ و گرنگی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی**

دروستکردنی ڕای گشتی لایەنگری کە داوا لە کۆمەڵگا بکات بە شێوەیەکی ئەرێنی بەشداری بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک، یان کێشەیەک کە کۆمەڵگا تێیدا بەرجەستە دەبێت هەروەها کۆمەڵگا دەهەژێنێت کە دووربکەوێتەوە لە رەتکردنەوە و بێئاگایی و هاندانی هەمووان بۆ ڕۆڵگێڕان لە گۆڕان و گەشەکردندا.( Philip. kotler and Eduardo L. Roberto,1989,p78)

**گرنگی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە توانایەوە سەرچاوەی دەگرێت بۆ:**

**یەکەم**: ئەو کێشانەی بازارسازی دیاری بکەن کەڕووبەڕووی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە دەبنەوە بەشێوەیەکی زانستی بەشێوەیەکی ورد و ڕێکوپێک بۆ یارمەتیدان بۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان و ئاراستەکردنیان لەکاتی خۆیدا.

**دووەم**: تێگەیشتن لەسروشت و دینامیکی بازاڕ و زانینی هێزە سەرەکییەکانی کاریگەری لەسەری، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتنی بازاڕ بەگۆڕانکارییەکانی و توانای دیاریکردنی شێوازی هەڵسوکەوتی گونجاو بۆ وەڵامدانەوەی جووڵەی ئەو گۆڕاوانە و کارلێککردن و مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەکات.

**سێیەم**: بەردەوامی ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن توێژینەوەی بەبازاڕکردنەوە بۆ بڕیاردەری بازاڕسازی دابینکراون، توانای ئاشکراکردنی هەلی بازاڕی نوێ بۆ ڕێکخراوەکە دەدات، وە توانای کردنەوەی ناوچەکانی وەبەرهێنان دەداتەوە لەگەڵ گەرانەوەی پاداشتدا، چونکە توێژینەوەی بازاڕسازی پێویستی بەکارهێنەری بەردەوام هەیە.(معلا،2006، ص19 – 20).

ناکرێت باس لە ڕۆڵ و ئامانجەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بکرێت بەبێ دیاریکردنی ئەو ئامانجانەی کە دەیانەوێت ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بە دەستبهێنن، هەروەها بەبێ تێگەیشتن لە ڕۆڵی پیشەیی کە بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ڕۆڵیان بینیوە، ئەم ڕۆڵانەش دەرئەنجامی ئاڵۆزی ژیانی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی کێشە کۆمەڵایەتیەکان کە بوونەتە خەسڵەتی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان.(القيشاوي، 1997، ص53).

ڕۆڵی کرداریی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوە لەڕۆڵی کرداریی کە بەبازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەیگێڕێت لەنزیکەوە پەیوەندی بەژینگە و کەلتووری کۆمەڵگاوە هەیە چونکە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان جیاوازن لەتێڕوانین و لێکدانەوەیان بۆ مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان،تەنانەت ئایدیۆلۆژیش لەو باوەڕەدان، بۆیە دەتوانین هەندێک لە ڕۆڵەکانی کاری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی سنوردار بکەین بۆ چوار ڕۆڵی کرداری بەم شێوەیە:

**یەکەم: ڕۆڵی مەعریفی**: گەشەی کۆمەڵایەتی بەدوای دابینکردنی کۆمەڵێک زانیاری، زانیاری و بیروڕایە سەبارەت بەبەرهەمی کۆمەڵایەتی بازاڕ بکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی یارمەتیدانی

ڕای گشتی بۆ پێکهێنانی بیرۆکەیەک سەبارەت بە دیاردەوە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان. دەتوانین هەڵمەتی تایبەت بەشێوەیەکی زانستی لەو ڕێگەوە ئەنجام بدەین بۆ چەند پرسێکی وەک:- جگەرەکێشان یان مەترسی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و بریندار بوونی ڕێگا؛(ئەلعەل، 1997، ص16-17)

**دووەم:ڕۆڵی ڕێنمای**: ڕۆڵی ڕێنمایی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بە چڕی پشت دەبەستێت بە دامەزراندنی میدیا و پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ڕێک و بەردەوام کە ئەم ڕۆڵە نوێنەرایەتی ئەو ڕەهەندە بنەڕەتییە دەکات کە بە بەهای کۆمەڵایەتی دیاریکراو، بۆ نمونە:- بەکارهێنانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە هەندێک وڵات بۆ ڕێنوێنی هەڵسوکەوتی بینەرانی ئامانج لە ڕێگەی سەرنجدان بۆ کوالێتی خۆراک، پاکوخاوێنی ئاوی خواردنەوە، نەخۆشییەکان.

**سێیەم: ڕۆڵی کارلێک**: گوزارشت لەڕۆڵی چالاکانەی کۆمەڵایەتی دەکات لەنێو گرنگترین ڕۆڵی کرداریدا، چونکە نوێنەرایەتی یەکێک لەقۆناغە پێشکەوتووەکان دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا لەڕێگەی کردنەوەی ژوورەکە بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ لەبارەیانەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی توانای بەرزکردنەوەی ئەم کێشانەی هەیە بۆ گفتوگۆکردن لە نێوان هەموو گرووپە کۆمەڵایەتیەکان سەبارەت بە هەر دیاردەیەک کە بخرێتە بەرباس و ناونیشان، چەمکی بەهاکان چەمکێکی فەلسەفیی ڕێژەیی و پەیوەست بە مانای چاکە و خراپەیە و لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە، بەڵام بۆ جیاوازی پلە و جیاوازی بەپێی ئەو کەلتوورەی لەم کۆمەڵگایانەدا زاڵە و ئەم بەهایانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت و نەریتی تاکەکان لەسەر ئەم بنەمایە.

ڕۆڵی بەهای بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی توانایەوەیە کە چەند بەهایەک بچەسپێنێت کە خزمەتی بە هۆکارەکانی کۆمەڵگا دەکەن، بۆ نموونە بەهاکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەهاکانی هاوهەڵوێستی مرۆڤ و پشتبەستنی کۆمەڵایەتی، هاوکاری و یەکسانی لەسەر ئەو بنەمایەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی چەند ڕۆڵێکی

هەیە کە لەڕێگایەوە بەشداری لە بواری گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگی ڕۆڵی کارلێک لە بینینیدا وەک ئامانجێک و سیستەمێکی ئەندامە پێکەوەبەستراوەکان بەرجەستە دەکات کە تەنیا لە ڕێگەی تێگەشتن  وە ئەمە ئەو شتەیە کە شێوەی ' پشتڕاست دەکاتەوە.

گشتگیری یان کۆمەڵایەتی وەک خاڵێکی چوونەژوورەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا ئەمانەش دەگرێتەوە:

**یەکەم:** ئامانج و ئامانجی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ئامانجی بازارسازی کۆمەڵایەتییە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی کۆمەڵگا بە بازاڕکردنی چەندین کێشە و بیرۆکە کە سودی لە کۆمەڵگا وەرگرتووە و لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین کە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی کە لە دامەزراندنییەوە خزمەتی کێشەکانی کۆمەڵگا دەکات،

**دووەم:**بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی مەبەستی پێکهێنانی زانینە، واتە زیاتر قوڵکردنەوەی جەماوەر"هۆشیاری کێشەکە یان بیرۆکەی نوێ کە لەگەڵیاندا بکرێت و یەکبخرێنەوە،

**سێیەم:** مەبەستی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ئەوەیە بۆ ماوەیەکی زۆر بیر و نەریت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ناتەندروست و دروستی بینەری ئامانج چارەسەر بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی نوێ یان هەڵسوکەوتی تەندروست و دەنگی کە دەیگرێتە دی.

**چوارەم:** مەبەستی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیە، بە کاریگەری کردنی ڕەوتەکان لە ڕێگەی چەند ئامانجێک، وەک دروستکردنی ئاراستەکردنی پرۆ- ئاراستە، پشتگیریکردنی ئەو ڕەوتانەی کە پێشتر بوونیان هەیە، دژایەتی ڕەوتە نەرێنییەکان و سڕینەوەیان دەکات.

**پێنجەم:** مەبەستی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی باشترکردنی دۆخی ژیانی تاکەکان بە پێشکەشکردنی چارەسەری کرداری بۆ کێشە کۆمەڵایەتیە نەرێنییەکان.

**شەشەم**: ئامانجی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ پشتگیری کردنی دەستپێشخەرییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان کە ئامانجیان دەرکردنی یاسادانانی پاراستنە.

1. پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی مرۆڤ بۆیە زۆربەی ئامانجەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەدوای دروستکردنی هاودەنگییەکی کۆمەڵایەتی فراوانن بۆ مەسەلە بنەڕەتییەکان بەواتایەکی تر دەتوانین ئەم ئامانجانە لەشێوەی ئامانجدا چاک بکەینەوە کە تیۆری و تاکولاری بۆ لێکۆڵینەوە لە بەشی یەکەمدا زیاتر تەوەرە بنەڕەتییەکان دەردەخات کە لەسەر ڕووناکی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەجولێت و بە سەختی کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی:

1- هۆشیاری: یارمەتیدانی تاکەکان، گروپەکان و ئامادەبووانی ئامانجەکە هۆشیاریی خۆیان لە بابەتێک دەست دەخات؛

2. زانیاری: یارمەتیدانی تاکەکان، گروپەکان و بینەرانی ئامانج، ئەزموونی هەمەجۆرتر و دەستەبەرکردنی زانیاری و زانیاری جۆراوجۆریان بۆ ئەوەی بابەتەکە لە ژێر بابەتی هەڵمەتەکە بەئاسانی تێدەگات

3. ئاراستەکان: یارمەتیدانی تاکەکان و گروپەکان و بینەرانی ئامانج مەودایەک لە بەهاکان بەدەست دەهێنن، بایەخ بە هۆکار و هاندەرەکان بۆ بەشداری ئەرێنی لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان یان زیادکردنی گەڕانەوەکانیان.

4. بەشداریکردن: هەمەچەشنیی چالاکی دامودەزگاکان و زیادبوونی پێداویستیەکانیان و بۆ تێرکردنی پێداویستی و خواستەکانی بەکاربەران بۆ مانەوە و بەردەوام بوون، لەبەر ڕۆشنایی بازاڕێک کە ڕکابەرییەکی سەختی بەسەریدا زاڵە، کۆمەڵێک کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لێکەوتەوە، پاشان لە چەندایەتی و چۆنایەتیدا زیادیان کردووە، سەرچاوەکان زیادیان کردووە و مەترسییەکانی خراپتر بووە و کاریگەرییەکەی لە ئاستی ناوخۆییەوە بۆ ئاستی هەرێمایەتی و جیهانی درێژبۆتەوە، ئیتر کێشەکە تەنیا بۆ یەک وڵات سنووردار نییە، کە کێشەی پیسبوونی پیسبوون لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دیاردەی

پیسبوون لەڕێگەی ئەو چەمکە جۆربەجۆرانەی کە پێی بەخشراوە و جۆرەها و سەرچاوە جۆربەجۆرەکانی و هەروەها کاریگەرییەکانی دەگرینە بەر باس کە تێیدا پیسبوونی ژینگە یەکێکە لەهۆکارە سەرەکیەکان کە بەشداری لە دەرکەوتنی چەمکی گەشەسەندنی بەردەوام ژینگە و پیسبوونی ژینگە هەن کە دەبینن باسکردن لە ژینگە مانای قسەکردنە لەسەر چوارچێوەی ژیان و سروشت و ئەوانەش هەن کە گوزارشت لە زاراوەی تێڕوانینەکانی تر دەکەن کە ئاماژە بە لایەنی سلبی ئەم چەمکە دەکەن وەک زیان و پیسبوون و تێکچوونی چوارچێوەی ژیان و کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتییەکان.

## باسی دووەم

## تیۆری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و هەڵمەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ سەرخستنی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی

ئەم تیۆرە لەلایەن ستانلی و ودنس لە ساڵی 1995 دانراوە، رووە سەرەکیەکەی تیۆری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کورتکراوەتەوە لە چۆنیەتی پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئەو بیرۆکانەی کە دەستەبژێری کۆمەڵگە هەڵیدەبژێرن و وایلێدەکەن کە نرخێکی کۆمەڵایەتی دانپێنراوی هەبێت.

تیۆرەکە لەسەر  لەسەر بنەمای بەکارهێنانی کەلوپەلەکانی پەیوەندی جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن و پەیوەندییە کەسییەکان و پەیوەندییە گشتیەکان روداوی دروستکراو بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەی کۆمەڵایەتی بە ئامانجی جێبەجێکردنی گەورەترین توانا لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکە بۆ کاریگەری خستنە سەر خەڵک، بۆ بنیاتنانی هەڵسوکەوت و بیرۆکەیەک کە دەربڕیوە.

تیۆری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی گەشەی کرد لەنێوان تیۆرەکانی دیکەی پەیوەندی لەم چەرخەدا، بۆ کۆکردنەوەی لەنێوان بەرهەمەکانی لێکۆڵینەوەی رازیکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری، لە چوارچێوەی جوڵەی گەشەی کۆمەلایەتی، ئاڕاستە دەروونیەکاندا، ئەوەش بۆ ئەوەی لەخۆیەوە زانیارییەکان و کارلێکەرەکانی ئەوکات کە لەبەردەست تیۆری بەبازارکردنی کۆمەڵایەتی دەبێت، چۆنیەتی گەشەپێدان بە بیرۆکەی کۆمەڵێک لە کەسانی نێو کۆمەڵگە کە پەیرەوی دەکەن، وای لێبکات بەهاییەکی کۆمەلایەتی دانپێنراوی هەیە.(الراوی،2000،ص43).

**1-2: تیۆری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بە چەند هەنگاوێکدا تێدەپەڕێت ئەوانیش:-** (**الشهری**2009**،ص**53)

**هەنگاوی یەکەم:** وروژاندن و هۆشیاری خەڵک بەرەو ئەو بیرۆکەییەی کەلە ڕێگەی هەڵمەتی ڕاگەیاندن دەکرێت، ئەمەش ئامانجی پێدانی زانیاری تۆکمە و چڕە لەبارەی ئەو پرسەی کە ئامانجییەتی بەتەواوی بۆ گۆڕینی هەلسوکەوت و ڕەفتار لە ڕێگەی زیادکردنی زانیاری پێویست و مەبەستدار.

**هەنگاوی دووەم:** پاڵپشتکردنی ئەو بەرنامە و بیرۆکانەی ڕاگەیاندن کە پەیوەندیکردن بە کەسەکان بۆ کارکردن لەسەر بەشە ئامانجدارەکان کە جەماوەر لەو ڕێگەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی(سەردانیکردن، گفتووگۆ، مەیدانی...هتد)لە پاڵ ئەوەش بە بەردەوام لە نیشاندانی پەیامەکان لە ڕێگەیەک لە ڕێگەکانی پەیوەندیکردن.

**هەنگاوی سێیەم:** دروستکردنی وێنەیەکی هزری کە کاربکاتە سەر وەرگر و بەرژەوەندییەکانی جەماوەر و کۆمەڵ، ئەوەش بە وروژاندنی و گرنگیدانی جەماوەر بەم بیرۆکە نوێیانە.

لەنێوان دروستکردنی وێنەیەکی هزری یان بیرۆکەیەک کە دەبێتەهۆی بەستنەوەی بیرۆکە و بەرژەوەندییەکانی جەماوەر، ئەویش چ ئابووری بێت یان کۆمەڵایەتی یان کەسێتی.

**هەنگاوی چوارەم:** نەخشەکێشانی پەیامە نوێیەکان، (ئالۆزتر)، لەسەر بنەمای ئەو کاریگەرییانەی بەدەستهاتوون.

بە ئامانجی گەیشتن بەو ئەنجامە هەڵسوکەوتییە دیاریکراوانەی زیاتر،بۆ دەربڕینی قوڵایی بنیاتنانی بیرۆکەکە کە ڕۆچۆتە خوارەوە لە نێو جەماوەری ئامانجدار.

**هەنگاوی پێنجەم:** پرۆسەی بڕیاردان ئەنجامی ڕەفتاری تایبەت سەبارەت بە بیرۆکە و بابەتی دیاریکراو، ئەمەیش لەنێوان پالپشتیکردنی ئەو بیرۆکانەی کە لەمیانی ڕومالکردنی میدیایی بەرفراوان ڕێگا بدات بە بەشداری جەماوەر لە چالاکییەکان

**هەنگاوی شەشەم:** چڕکردنەوە لەسەر بیرۆکەکە بەدروستکردنی چالاکی لە ڕێگەی بیرۆکەکان

ئەمەش بە ڕاستەوخۆ هانی بینەران دەدات کە کردارێکی دیاریکراو بگرنە بەر بۆ دەربڕینی ئەو بیرۆکەیەی کە بازاڕ کراوە، دوای پشتڕاستکردنەوەی هەنگاوەکانی پێشووی ئامانجەکانی تیۆری بازاڕکردن درێژکراوەیەکی لۆژیکییە بۆ تیۆری قایلکردن و تیۆرەی بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئەم تیۆرییە چەندین شێوازی هەیە کە ڕەنگدەداتەوە لە شێوازەکان یان شێوازەکانی کاریگەری، لەوانە ڕێگاکان یان ئامرازەکانی لێدەرکردنی وەرگرەکان بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکانی بەرزکردنەوە و کەمپینەکان، چ دەربارەی تاک هەروەها ڕێگاکانی هەڵکێشانی وێنەی هزری و هاندانی وەرگرەکان و هاندانیان بۆ گەڕان بەدوای زانیاریدا.

مۆدێلەکانی ئەم تیۆرییە پشت بەستراتیژی قایلکردن دەبەستن کە لەلایەن میدیاوە بەکاردێت و ڕێگە بە ململانێی کۆمەڵایەتی نادەن، ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت بۆ ئەو حاڵەتانەی کە ناکۆکی دەردەکەوێت، بەڵام بە باشی لە شێوەی ئاسایی زانیاریدا جێبەجێ دەکرێت، هەروەها بە باشی کار دەکات لە بازارسازیی بابەتی بەرژەوەندی گشتی ئەم بیردۆزە پێشنیاری ئەوە دەکات کە وێنەی هزری تاکەکان لەسەر بنەمای ئەو زانیاری و بیرۆکەیە بێت کە لە میدیا جۆراوجۆرەکانەوە وەریانگرتووە و پێکهێنانی وێنەیەکی هزری پێویستی بە پرۆسەیەکی کاریگەری و قایلکردن هەیە دوور لە جیاوازی و ناکۆکییەکان وەک تیۆرییەکە دووپاتی دەکاتەوە کە پشت بەستن بە میدیا و پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵگا بەپێی تیۆری بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی.

میدیا هۆشیاریی گشتی لە ڕێگەی کەمپینەکانی میدیاوە بەرز دەکاتەوە بە مەبەستی چڕکردنەوەی زانیاری لە هەموارکردنی ڕەفتار بە زیادکردنی ئەو زانیاریانەی نێردراون، بۆ کاریگەری بەو پێیەی کە خەڵکی حەزیان لە دروستکردنی وێنەیەکی دەروونی دەبێت لە ڕێگەی زانیاری و بیرۆکەکانەوە لێرەدا، پەیوەندیەکە بە دوای ئەوەدایە کە وێنەیەکی هزری

دروست بکات بۆ بەستنەوەی بابەتەکە بە بەرژەوەندی و ئاواتەکانی جەماوەرەوە لەهەنگاوێکی دواتردا ڕێکخەر دەست دەکات بەدارشتنی پەیامی نویَ بۆ گەیشتن بەئەنجامی هەڵسوکەوتی دیاریکراوی وەک بڕیاردان و دواتر قۆناغی دروستکردنی چەند ڕوداوێک دێت بۆ دڵنیابوون لەبەردەوامی بەرژەوەندی لەبابەتی و داپۆشینی لەراگەیاندن و ڕای گشتی و پاشان داوا لە بە بانگەشەکردن بۆ وەرگرتنی بیرۆکەکان کە جەخت لە پەیامی پەیوەندیەکان کراوەتەوە. بینراوە (الراوی،2012).

گەشە و رووداوە خێراکانی جیهانی ئەمڕۆ بوونەتە هۆی دەرکەوتنی زۆر بۆچوون و چەمک و تیۆرکە پێویستە لییان تێبگەین و بزانین جێبەجێکردنیان چۆنە و پێناسەی ورد و پوختە بۆ ناوەڕۆک و رەهەندەکانیان بکەین بە تایبەت ئەگەر بمانەوێت شتیان ەسەر کەڵەکە بکەین و دایانبڕێژینەوە بە جۆرێک کە سوودێکی بەرجەستەیان هەبێت بۆ کۆمەڵگەکان و دامەزراوەکان و تاکەکان.(Jutbring,2017,p75)

بە هۆی ئەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆجییە یەک بە دوای یەکدا هاتووە و هەیە پێویستە دەستنیشانی هێڵ و ئامرازە واقیعییە بەرجەستەکان بکەین بۆ دیارکردنی شوێنەواری ئەرێنی و نەرێنی هەریەک لەو دەستکاریانەی لە نۆرمی فیکری و رەفتاری تاکەکان و دامەزراوەکان روودەدەن.(Solaiman,2015,p90)

بە هۆی ئەو نوێگەرییە کاریگەرانەی لەسەر ژیانی تاک و دامەزراوەکان هەن و دەرکەوتنی بایەخی دەستنیشانکردنی ئاراستە و ناوەڕۆکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە بە هۆی ئەو پێشکەوتنانەوە هاتووەتە دی. بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە و بەدوای یەکداهاتنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە بە کردەوە روودەدات, توێژەران بەدواداچوونی کرداریانە دەکەن بۆ ئەو گۆڕان و هەموارکردنە کۆمەڵایەتییەی دەرهاویشتە رەفتاری و بەکاربەرییەیە.

پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ئاراستەکان و نۆرمەکانی رەفتار لای لایەنە بە ئامانجگیراوەکان پێویستی وەڵامدەرەوەی ئیدراکێکی دیراسە کراوە لە لایەن زانایانی رەفتار و ئابووری و کۆمەڵناسی و پەروەردە و ئەوانی دیکە. هەموو ئەمەش ئامانج لێی رێکخستنی

ڕێڕەوی پرۆسەی گۆڕانکاری و هەموارکردنی کۆمەڵایەتییە لە ڕووەکانی کۆمەڵناسی و بەها و ڕەفتار و بەکاربەرەوە. وەک ئەوەی لە جێبەجێکردنی چەمکەکانی کۆمەڵناسی لە بوارەکانی فیکر و کەس و کاڵا و خزمەتگوزارییەکان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و بووەتە هۆی پاراستن و هاوسەنگی لە بەها و نۆرمەکانی کۆمەڵگە و جێی بایەخە.(Weinerich,2007,p112)

2-2: **بایەخی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان:**

هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان بایەخێکی گەورەیان هەیە لە ڕووی پێشخستن و دەستکاریکردنی ڕەفتاری مرۆڤەوە بە ئاراستەی پەسندکردنی لە لای ئەوانەی پێیان پەیوەستن. ئەو هەڵمەتانە پلانیان بۆ دادەنرێت و جێبەجێ دەکرێن لە لایەن لایەنی لێهاتوو و تایبەتمەند, کە سەر دەکێشێت بۆ هۆشیاری ئەو لایەنانەی کراونەتە ئامانج, لەوانە بەکارهێنانی ڕێگە و شێوازی ڕاست و درووست بۆ بەدیهێنانی ئامانجی لەبەرچاوگیراو, یان دانراو.(Rebecca Firestone,2016,p56)

پاشانیش ئەو هەڵمەتە کۆمەڵایەتییانە هاوکارن بۆ ناسینی نۆرمەکانی هێز و لاوازی لە پرسەکاندا وەک هەنگاوی یەکەم. هەروەها پەیوەستن بە دیارکردنی ڕێڕەوی کۆمەڵایەتی ئەو لایەنانەی بە ئامانج گیراون بەرەو هێنانەدی ئەو ئامانجانەی دەستنیشانکراون وەک هەنگاوی دووەم.

ئەگەر هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکە واقیعی بێت لە پێشنیازکردن و پرۆگرامکردن و ئامراز و جەماوەرە بە ئامانجگیراوەکەی ئەوا دەتوانرێت هەمواری یان دەستکاری نۆرمەکانی ڕەفتاری دامەزراوە و تاکەکان بە ئاراستەکی ئەرێنی جێی خواست بکات لە ماوەی کاتی دیاریکراو و بە تێچوویەکی ماقووڵ.(Robert L. Barker,1987,p213)

سەرەڕای ئەوانەش رووپێوی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیری یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی پەسندە و بەدەست دێت لە میانی ئەو هەڵمەتە کۆمەڵایەتییانە بەو پێودانگەی هەر رووپێوێک ئامرازێکی زانیارییە بۆ بەردەستخستنی زانیاری پێویست و ورد

له بارەی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیموگرافییەکانی هەر توێژێکی دیاریکراو بە جۆرێک ئەنجامدەرانی هەڵمەتەکە بتوانن دەستنیشانی ئەو کاروبار و لایەنانە بکەن کە زۆرترین بایەخیان هەیە و پێویستە سەرنجیان لەسەر چڕ بکرێتەوە و گۆڕانکاری پێویست و نویٚ بکەن ئەگەر پێویست بوو لە ئاراستە پەسندەکان بە کەمترین تێچوو.(Shaw,2012,p78)

**3-2: ئامانجەکانی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان:**

به شێوەیەکی گشتیی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان کار دەکەن بۆ هێنانەدی چەند ئامانجێک لەوانە:(حجازي،1999،ص7)

- پێدانی زانیاری و داتای بەردەست لە بارەی بابەت و پرسەکانی پەیوەست بە ژیان و داخوازییەکانیانەوە بە جەماوەری بە ئامانجگیراو.
- کاریگەری درووستکردن لەسەر هەڵوێست و ئاراستەی جەماوەری بە ئامانجگیراو لە بارەی ئەو بابەت و پرسە دیاریکراو و گشتیانەی کە هەن بە جۆرێک خزمەتی سیاسەتی گشتیی دامەزراوە یان دەوڵەت, یاخود دەزگا جیاجیاکانی بکات.
- قەناعەتکردن بە جەماوەری بە ئامانجگیراو لە بارەی ئەو نوێکاری و هەموارە پلە پلەیەی کە لە هەڵوێستەکان دەکرێت لە هەمبەر ئامانجە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتییەکان یاخود لە بارەی پرسە گشتییەکانەوە، وەک پرسەکانی ژینە و سواڵکردن و بێکاری.. هتد، هەروەها بەکارهێنانی ستراتیژ و تەکتیکی پەسند لە لایان.
- هەموارکردنی نۆرمی رەفتاری جەماوەری بە ئاماجگیراو بەوەی بەدەستهاتووە لە بەردەستە مادییەکان و کەمکردنەوەی قەبارەی زیانەکان لە نۆرمی رەفتاری کڕین و بەکاربردنی دیاریکراو. بە تایبەت لەو کاتانەی قەیران و داکشانی ئابووری هەیە بە تایبەتی لە بواری دەستگرتنەوە و کەمخەرجی لە بەکارهێنانی ئاو و کارەبا و مۆبایلدا.

ئەو ئامانجانە دەکرێت بهێنرێنە دی لە میانی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان و پێویستە ئەو ئامانجانە روون بن، بڕوا پێکەر بن، شەفاف بن و هاوسەنگ بن، لە کاتیٚ جێبەجێکردنیان و

چ له دوای جێبەجێکردنیان. سەرەڕای ئەوانەش پێویستە ئەوانەی ئەرکەکان رادەپڕێنن توانایان هەبێت دەستکاری نۆرمەکانی رەفتار و بەکارهێنانی ئەو کاڵایانە بکەن.

## 4-2: هۆکارەکانی دەرکەوتنی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان:

لێرەدا له چەندخاڵێکدا باس له هۆکاری دەرکەوتنی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین بەم جۆرە:(احمد،2008،ص65)

- سەرەڕای ئامرازەکانی سنووردارکردنی بەکاربردن له هەندێک کاڵا و خزمەتگوزاریدا, گۆڕینی بەردەوام له ژینگەی دەوروبەری کاری دامەزراوەکان یەکێکه لەو بوارانەی پێویستی به پلان و جێبەجێکردنی هەڵمەتی کۆمەڵایەتیی هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو, بۆ نموونه هۆشیارکردنەوەی جەماوەری به ئامانجگیراو له بارەی پرسه کۆمەڵایەتی و تەندرووستی و ئابوورییەکان، لەوانه کەمکردنەوەی ژمارەی بۆنه ئاینییەکان و تێچووی هاوسەرگیری و بەکارهێنانی ئامرازەکانی چاودێری تەندرووستی.
- خستنەڕووی بیرۆکەی نوێ له بارەی بابەتی گرنگ به لای زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەوە, یەکێکه لەو بوارانەی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان کاری لەسەردەکەن. بۆ نموونه هۆشیاری بەئامانجگیراوەکان له بارەی بایەخی بنیاتنانی بیری نوێ سەبارەت بەو پرسانەی بۆیان جێی بایەخ و بنەڕەتین.
- دەرکەوتنی کێشه و گرفتەکان له هەر بوارێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەروەها پێویستی ئامادەکاری هەڵمەتی کۆمەڵایەتی به ئامانجی دابەزاندن و کەمکردنەوەی هەموو شوێنەواره نەرێنییەکانی سەرچاوەگرتوو لەو گرفت و کێشانەی هەن به تایبەت له بوارەکانی مارەیی و چۆنێتی چارەسەری کێشەکانی نەزۆکی و دواکەوتنی گەنجان له هاوسەرگیری و کارکردن له پیشەی دیاریکراودا.
- پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا لەو بوارانەی کاریگەری لەسەر ژیانی تاک و خێزان هەیە پێویستی ئەوە دەهێنێتە ئاراوە پلان و رێنمایی بۆ هەڵمەتی کۆمەڵایەتی گشتیی و تایبەت

هەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی بە ئامانجگیراوەکان لە بارەی بایەخ و سوودی هەریەک لەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆجیانەی پەیوەندی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان بە ژیانەوە هەیە و هاندانیان بۆ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی لە رادەبەدەری ئەو تەکنۆلۆژیایەی سەردەم بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە گەنجان و خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێتەوە.

- پەیوەندی رۆشنبیری و شارستانی نێوان وڵات و دامەزراوە جیاجیاکانی کە پەیوەستن بە هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکانی پێویستی ئەوە دەهێنێتە ئاراوە پلان دابنرێت و ئەو هەڵمەتانە جێبەجێ بکرێن, کە ئامانج لییان بەدیهێنانی هەمواری پلەبەندانەی هەندێک لەو بەها نامۆ و نۆرمە رەفتارانەی کڕین و بەکاربردنی ناپێویستە.
- زیادبوونی هۆشیاری نێوان تاکەکان دەبێتە هۆی هێنانە ئارای پێویستی دووبارە چاوگێڕانەوە بە ژمارەیەک لەو بڕوایانەی هەن سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان و ئەمەش لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی پێشووتری جیاوازە. ئەمە لە رێگەی پلان و رێکخستن و جێبەجێکردنی هەڵمەتی کۆەڵایەتی و ئاراستەکردنی بۆ هێنانەدی ئامانجی سنووردار دەکرێت لەوانە دەستکاری رەفتاری هەندێک لە تاکەکان.
- قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هاندەرێکی بەهێزن بۆ دامەزراوەکانی مارکێتینگی کۆمەڵایەتی تا دەستپێشخەری بکەن بۆ پلانی هەڵمەتی کۆمەڵایەتی گنجاو جێبەجێکردنی وبەستنەوەی بە ئامانجەکانیان کە سەرچاوەی مرۆییو مادی پێویست و بەردەستیان هەیە بۆ بەدیهێنانیان.

### 5-2: چوارچێوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

چوارچێوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی فراوانە و زۆرێک لە بوار و پرسەکانی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵگەکان و خێزان و تاکەکان پێیەوە کاریگەرە لە رووەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی.

بە تایبەتی ژیانی کۆمەڵگەکان چونکە بابەتەکانی گۆڕان پەیوەستە بە هەڵوێستی دایک و باوکان بەرامبەر بە داهاتووی رۆڵەکانیان و دەرچوونی ژن بۆ مەیدانی کار و پاڵنە رو

ئەنجامەکانی. هەروەها گەڕان بە شوێن کاریگەری بەهای نێوان دایک و باوکان و ڕۆڵەکانیان لەو بابەتانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە خێزان و گەنجان و کۆمەڵگە و سەرجەم کەرتەکانەوە هەیە.

واتە چوارچێوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەموو بوارەکانی پەیوەست بە نوێترین لێکەوتەکانی پەیوەست بە ژیانی تاک و خێزان و کۆمەڵگەکان دەگرێتەوە. پەیوەندیی کاریگەری بە تەکنۆلۆژیانی سەردەم پێشکەوتنی بەرچاو لە بواری پەیوەندییەکان و چەمکەکان و بیرۆکەکان و بەهای ڕەفتاری نوێ هەیە کە لە لایەن کۆمپانیا و دامەزراوە فرە ڕەگەزەکانەوە لە شێوەی کاڵا و خزمەتگوزاری سەردەم دەردەکەوێت و دەگونجێت بەکارهێنەر و بەکاربەران بیانکڕن بە تایبەت ئەوەی یەکەم جار لە بازاردا دەخرێتەڕوو.

سەرەڕای ئەوانەش پێویستە دەستنیشانی چوارچێوە و ڕووکاری گۆڕانکارییەکان و دەستکاری کۆمەڵایەتی بکرێت بۆ ئەوەی توێژەران بتوانن پەی بە شوێنەواری ئەرێنی و نەرێنی ئەو بیر و باوەڕ و بەهایانە بەرن کە لەسەر ژیانی تاک و خێزان و کۆمەڵگەکان و نۆرمی ڕەفتاری ژیانیان ڕەنگدەدەنەوە. (العلاق،2011، ص162)

6- هۆکارەکانی شکستی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان:

دەکرێت هۆکارە درێژخایەنەکانی پشت شکستی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان, لە چەند خاڵێکدا کورت بکرێنەوە: لەوانە:

- -لاوازی پلانی زانستی و نەبوونی گونجاوی لە نموونەی تیرۆری بۆهەڵمەتی کۆمەڵایەتی کە ئەمە یەکێکە لەو هۆکار و ئامرازانەی سەر دەکێشێت بۆ دانانی ئامانجی ناپراکتیکی کە ناکرێت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و مەیدانی جێبەجێ بکرێن. چونکە نەبوونی توانا بۆ دانانی نموونەی تیۆری گونجاو و گریمانەی کرداریان و واقیعیانە کە پێویست بێت لە زەمینەی واقیعدا جێبەجێ بکرێت، توێژەران سنووردار دەکات و ناتوانن پلانی زانستی دابنێت بە تایبەتی کەمتەرخەمی لە دانانی ئامانجی شیاو بۆ جێبەجێکردن.

- -ڕەچاونەکردنی بەها و ئاراستەکان و پێوەرە باوەکان لە کۆمەڵگەی بە ئامانجگیراو سەردەکێشێت بۆ ڕەتکردنەوەی تەواوی هەموو هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان و شکستهێنانیان و پێکدادانیان بەو بەربەست و ڕێگرییە کۆمەڵایەتییانەی کە ناکرێت بە ئاسانی و لە میانی کاتێکی کورتدا تێپەڕێندرێن.
- نەبوونی هاوسەنگی لە ئامانجە دانراوەکانی هەڵمەتەکانی کۆمەڵایەتی سەردەکێشێت بۆ دارمان و لەناوچوونی ماددی و مەعنەوی ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی هۆشیاری و پێشبینی ورد بۆ ئەنجامی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان لە پێش و دوای ئەنجامدانیان و بابەتەکە دەبێتە هۆی ڕوودانی حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی ناهاوسەنگی لە نێوان ئەنجامی ماددی و بابەتە مەعنەوی وژیارییەکانی ئەو ئامانجانەی هەن. بۆیە لۆژیکی زانستی وا دەخوازێت ئەوانەی هەڵمەتەکان ڕێکدەخەن پێویستە ڕەچاو ئامانجی مومکین بکەن بۆ جێبەجێکردن و لە ڕووی کاتیشەوە ڕەچاوی پلەبەندی بەدیهاتنی ئامانجەکان بکەن.
- شکست لە هێنانەدی تەواو و گونجاوی لە نێوان ڕەگەزەکانی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لەو هۆکارانەی دەبێتە ڕێگر لە بەردەم بەدیهاتنی ئامانجی هەندێک لە هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان و زۆرجار دیاردە باوەکان پێویستیان بە هەڵمەتی کۆمەڵایەتی درێژمەودا و ئامانجی پلەبەند و زنجیرەیی هەیە، کە تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەکرێت شکستهێنانیان کەمبکرێتەوە. (یوسف،2008،ص277)
- تەرخان نەکردنی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە دەستنیشان کراوەکان و نەگونجاوی لە ڕووی کاتەوە هۆکاری شکستن و بەردەوام هەڕەشەن لەسەر بەردەوامی هەڵمەتەکان و جێبەجێکردنیان و بەدیهێنانی ئامانجی لە بەرچاوگیراو.
- نەبوونی بەردەوامی و لاوازی توانای کادیری مرۆیی کە سەرپەرشتی پلان و جێبەجێکردنی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن, دەبێتە هۆی لادانی هەڵمەتەکان لە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆیان و بەدیهێنانی ئامانجی دیکەی نەویستراو و نەرێنی.

به کورتی، بۆ ئەوەی هەڵمەتی کۆمەڵایەتی سەربکەوێت پێویستە ئەو تایبەتمەندی و ئاکاری کارگێڕی و بازاڕسازییانە هەبن بۆ نموونە: پلانی زانستی، جێبەجێکرنی نموونەیی تیۆرەکان لە واقیعدا، دیارکردنی بەها و ئاراستە و پێوەرە گونجاو و درووستەکان و شێوازەکانی بازاڕسازیی نوێ و کاریگەر، هەروەها دابینکردنی توانای مرۆیی ڕاهێنراو و شیاو لە رووی بازاڕسازی و کۆمەڵایەتییەوە.

7- ئەو پێوەرە بنەڕەتیانەی پێویستن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی: (زعموم،2006،ص99-100)

- ڕەچاوکردنی پرۆگرامێکی زانستیی هەر لە پلاندانان و ئامانج دیارکردن و سیاسەتی پەیوەست بە پرۆسەکە لە رووی مەیدانی و زانستییەوە، ڕەچاوکردنی هەنگاوە زانستییەکانی توێژینەوە، گرتنەبەری بڕیاری گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی پلانەکە بە هەر ئاراستەیەکدا، کە دەستەبەری سەرکەوتنی پرۆسەی گۆڕانی ویستراو بکات.
- روونی و شەفافیەتی ئەو ئامانجانەی پێویستە بەدەستبهێنرێن.
- ئامادەکاری تۆکمە و شیاوی و ڕاهێنانی پێویست بەو تاکانە کرابێت کە پرۆسەکە ئەنجامدەدەن لە پلاندانان، ڕێکخستن، جێبەجێکردن و ئاراستەکردنی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها پێویستە ڕەچاوی پێشینە و چاودێری و پشتیوانی مەعنەوی و ماددی پرۆسەکە بکرێت و لە نوێترین رووداو و گۆڕانکاری پرۆسەکە ئاگادار بن.
- پلەبەندی گۆڕانکاری دەبێت ببێتە بەشێکی سەرەکی لە ستراتیژی پرۆسەکە بۆ سەرکەوتن و هەر لە پلاندانانی پرۆسەکەوە تا دانانی ئامانجە دیاریکراوەکان و جێبەجێکردنی پرۆسەکە پێویستە ڕەچاوی پلەبەندی بکرێت.

پرۆسەی گۆڕانکاری و هەمواری پلانەکان لای تاک و خێزان و کۆمەڵگەکان زۆر گرنگە، پێویستە کاتێکی درێژ تەرخان بکرێت بۆ ڕۆچوون و ڕەگداکوتانیان، چونکە هەندێک لەو پرسانە ڕەگیان قوڵە و ڕەنگە سەدان ساڵ بەو جۆرە مابنەوە.

- ئەركی پلاندانەرە كۆمەڵایەتییەكان و جێبەجێكارانی بازاڕسازی و رەفتارییەكانە كە سنووری گۆڕانی كۆمەڵایەتی ویستراو لەبەرچاو بگرن، ئەو كێشەیە بە وردی دەستنیشان بكەن كە دەیانەوێت چارەسەری بكەن بە گوێرەی ئەو ئامانجانەی دایان ناوە بۆی و بزانن شیاوی جێبەجێكردنە لە رووی توانای مرۆیی و داراییەوە، هەروەها ئامرازی جێبەجێكردنی پلانەكەش دیار بێت بۆ ئەوەی پرۆسەی ویستراوی گۆڕانی كۆمەڵایەتی سەركەوێت.
- بەردەستخستنی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ سەركەوتنی پرۆسەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی بە ئامانجگیراو و دابەشكردنی ئەو سەرچاوانە بە گوێرەی ئەولەویەتی بڕیارلێدراو و بایەخی پرۆگرامی بازارسازیی كۆمەڵایەتی.

8- گۆڕانی كۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە ریكلامی كۆمەڵایەتییەوە:

دیاردەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی یەكێكە لەو دیاردانەی كاریگەرە بە هەڵوێست و شێوازی رەفتاری تاكەكان و خێزان و كۆمەڵگە بە شێوەی گشتیی و روودانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی لە هەر وێنە و رەنگێک بێت كار لەسەر گۆڕینی پلەبەندی لە هەست و سۆز و نۆرمی رەفتاری تاكەكان و خێزانەكان یەک بە یەک دەكات.

گۆڕانی كۆمەڵایەتی لە ئەنجامی هۆكاری پلان بۆ دانراو و لە رێگەی هەڵمەتی كۆمەڵایەتی ئامانج سنوردار و ئەنجامی قەیران و كارەسات و شەڕە و دەبێتە هۆی روودانی گۆڕان چ بە ئاراستەی ئەرێنی بێت یان نەرێنی. ئەمە وەک هەنگاوی یەكەم.

لە هەنگاوی دووەمدا، گۆڕانكاری لە هەست و سۆزە بەرامبەر بە كەلوپەل و پرەنسیپ و كاڵا و خزمەتگوزای و بیرۆكەكان و تەنانەت لە شوێن و كات وەک بەهایەک كاریگەری روونی لەسەر ژیانی هەموو ئەوانە هەیە كە لە كۆمەڵگەدا دەژین.

لەسەر ئەو بنەمایە، پرۆسەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی پەیوەندیدارە بە چەمكی بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی و ئامراز و شێوازەكانی بازاڕسازی كۆمەڵایەتی لە رێگەخۆشكردن بۆ پرۆسەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی مەبەستدار درووست دەكات.

ئامراز و پێداویستییەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزەکانی ئەو چەمکە بە جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەی ئامانجداری دیاریکراو مەبەستدار بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەکار دەهێنێت.

### 6-2: پێودانگی بنەڕەتی بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی:

زۆرێک لە دامەزراوە گشتیی و تایبەتەکان تێبینی ئەوەیان کردووە, هەندێک پێودانگی بنەڕەتی هەن پێویستە بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگیرێن، لەوانە:-(Simon J. Bell & Alicia Glenane,2003,p65)

أ. درووستکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زۆربەی ئەو تاک و کۆمەڵانەی ئامانجی هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتین.

ب. دابەشکردنی کۆمەڵگە و بازاڕی گشتیی بە ئامانجگیراو بۆ چەند بەشێکی سنووردار و لەبەرچاوگرتنی خەسڵەت و تایبەتمەندی دەروونی و دیموگرافی و هەریەک لەو بەشانە. بۆ ئەوەی بزانرێت بە چ شێوازێک بدوێندرێن و ڕەچاوی زمان و سرووشتیان بکرێت.

ج. هەڵبژاردنی سەرکردەکانی ڕا، کە دەگونجێن بۆ گواستنەوەی پەیامی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی. دەستنیشانکردنی ئەستێرەکان کە مەرجی ڕاستگۆیی و ڕێز و متمانەیان لای خەڵک هەبێت.

د. چوونە لای تاک و خێزان و کۆمەڵەکان لە بری ئەوەی ئەوان بانگ بکرێن، چونکە زۆر پێویستە پەیوەندیکردن بەو لایەنانەی بە ئامانج گیراون ڕاستەوخۆ بێت.

هەروەها پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە ئەوانەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەکەن، تێچووی هەوڵەکانی بە بازاڕکردنەکەیان یەکسان بێت بەو سوودانەی چاوەڕێ دەکرێت بەدەست دێن. هەربۆیە وا پەسندە کارەکە بە جۆرێک بێت تێچووی کەم بێت.

**هێڵكاری پرۆسەی بازاڕسازیی كۆمەڵایەتی**




-هێڵكاری پرۆسەی بازارپسازیی كۆمەڵایەتی(ئا:توێژەر).

### 7-2: ڕەگەزەکانی تێکەڵەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی:

سەرنجی بنەڕەتی بۆ بازاڕسازی کۆمەڵایەتی پشت دەبەستێت بە هەوڵی هەمواری هەڵوێستەکان و نۆرمی ڕەفتاری پەیوەست بە بەها و نەریت و کولتووری باو لە کۆمەڵگە و خێزانە بە ئامانجگیراوەکان. بە شێوەیەکی گشتیی تێکەڵەی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی (مارکێتینگ میکس), ژمارەیەک ڕەگەزی هەیە لەوانە:( Simon J. Bell & Alicia Glenane,2003,p342)

1. بەرهەمهێن: مەرج نییە کیانێکی ماددی بێت، بریتییە لە تێکەڵەیەک لە کاروباری ماددی وەک حەبی ڕێگرتن لە منداڵبوون و نامادی وەک ئامرازەکانی ڕێکخستنی دووگیانی و تا دەگاتە خزمەتگوزارییەکانی پشکنینی پزیشکی و پرۆسەی منداڵبوون.. هتد.
2. نرخ: ئاماژەیە بۆ ئەوەی داواکراوە لە لایەن تاک و خێزان و کۆمەڵەوە بۆ نموونە زانین و ڕازیبوون بە پرۆگرامی بە بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی. هەندێکجار نرخ دەکرێت ئاماژە بێت بۆ تێچوویەکی ماددی سنووردار یان وازهێنان لە شتێکی نامادی وەک گۆڕانی هەڵوێست و ڕەفتارێک لە بەرامبەر پرسێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دیاریکراو. یان سازشکردنە لەسەر بەهایەکی دیاریکراو بۆ نموونە بەخەرجدانی کاتێکی زۆر و هەوڵێکی زۆر بۆگۆڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو.
3. دابەشکردن: ئەم ڕەگەزە پەیوەستە بە ڕەگەزی چۆنێتی و ئەو ڕێگەیەی کە بە هۆیەوە بەرهەمهێن دەگاتە ئەو لایەن و تاک و کۆمەڵ و کۆمەڵگانەی بە ئامانج گیراون ئەگەر بەرهەمەکە ماددی بوو واتە دەبێت درک بەوە بکەین ئەو چالاکی و ئەرکانەی هەن دەبێت ڕەچاوی هەندێک شت بکەن بۆ نموونە کۆگاکردنی بەرهەمەکە و گواستنەوە و دەستەبەرکردنی بۆ شوێنەکانی دابەشکردنی و چالاکی فرۆشیارەکان. بەڵام ئەگەر بەرهەمەکە نامادی بوو، پێویستە ڕەچاوی شوێن و شێوە و چۆنێتی دابەشکردنی بکرێت. هەروەهاب بایەخی پرۆسەی بڵاوکردنەوەی فیکردە و چەمکی بەکارهێنانی ئامرازە گونجاوەکان و ناسینی ئەو لایەنانەی بە ئامانج گیراون.

4. برەودان: ئەم رەگەزە مەترسی و کاریگەری زۆرترە لەسەر مەودای سەرکەوتن و شکستی هەڵمەتەکان و پلانی بازارسازی کۆمەڵایەتی، چونکە ئاوێنەیەکە و لە میانیدا سەرجەم چالاکییە بە بازارکردنی کۆمەڵایەتییەکان رەنگدەداتەوە.

5. بەشداری: سرووشتی باو و چووەناویەکی پرۆگرامی بازارسازیی کۆمەڵایەتی جۆرێک لە لە جۆرەکانی هاوبەشی و بەشداری لە نێوان دوولایەن یان زیاتر دەوێت، بۆ جێبەجێکردنی بازارسازیی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە پرسە تەندرووستی و خزمەتگوزارییەکانی کە تایبەتن بە ژیانی تاک و کۆمەڵگەوە. واتە پێویستە هاوکاری لە نێوان ئەمینداریتی پایتەخت هەبێت لەگەڵ سەرجەم رێکخراوەکانی ژینگە و پاراستنی مافی بەکاربەر و کۆمەڵەکانی دیکە و هەماهەنگی و یەکتر تەواوکردن لە نێوانیان هەبێت.

6. پشتیوانی ئەرێنی ئامرازەکانی راگەیاندن: یەکێکە لە پرسە بنەرەتییەکان بۆ سەرکەوتنی پرۆگرامی بازارسازیی کۆمەڵایەتی و ئەویش پشتیوانی ئامرازەکانی راگەیاندنە بۆ هەر بەرنامەیەکی بازارسازیی کۆمەڵایەتی بە ئامانجی روودانی کاریگەری داواکراو و پەسند لە هەڵوێست و رەفتاری کەسەکان لە بارەی پرسێک کە پەیوەندی بە لایەنە بە ئامانجگیراوەکانەوە هەیە.

7.پشتیوانی رەسمی و سیاسی: ئەوە روونە کە ئەو پرسانەی بازارسازیی کۆمەڵایەتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، چوونەتە ناو یەک و ئاڵۆزن بۆ نموونە هاندانی تاکەکان لەوەی پەنا نەبەنە بەر توندوتیژی یان هەر کارێک دەستیان بکەوێت بیکەن تا بتوانن کارێک بدۆزنەوە لەگەڵ خولیای خۆیان بگونجێت و ئەمەش پێویستە بە ئاراستەیەکی رەسمی و سیاسی ئەرێنی هەیە بۆ پشتیوانیکردنی ئەو پرۆگرامەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و بوونی ئەو پشتیوانییە دەستەبەری سەرکەوتنی پرۆگرامی بازارسازی کۆمەڵایەتی دەکات.

## باسی سێیەم

## بواری بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکان لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان

لەسەر بنەمای بەگەڕخستنی هەنگاوی پرۆگرامی و لە پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بە پێی تێروانین و ئامانج.بەمەبەستی باشکردن و ژیانی تاک لە دام و دەزگاکانییدا لە کاتێکدا کۆمەڵگەی مۆدێرن بەدەست چەند کێشەیەکەوە دەناڵێنێ لە دیاردەی نەشیاو کۆمەڵایەتی هەروەها کێشە ژینگەیی و دەروونی و دیاردە مەترسیدارەکان.(فرید2006،ص34)

### 3-1: بەرهەمی کۆمەڵایەتی

بەرهەمی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پێشکەشکردن لەلایەن دامەزراوەوە بۆ بینەرانی ئامانجی کەمپینەکەی بازاڕسازی و بەرهەمەکە زۆر جار نا بەرجەستە دەبێت و لە ڕەفتارێکی تایبەت پێکهاتووە کە تۆ هەوڵ دەدەیت بیگۆڕیت و بڵاوبکەیتەوە و هۆشیاریی زیاد بکەیت، یان چارەسەری پێشنیارکراو بۆ کێشەیەکی.

نموونەکانی بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی بریتین لە:-

- جیاکاری جێندەر.
- جوڵانەوەی فێمێنیزم.
- بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژن.
- هۆشیاری دەربارەی شیردان.
- هاوسەرگیری پێشوەختە.
- هۆشیاریی نەهێشتنی خۆکوشتن.
- هۆشیارکردنەوەی خەڵک بۆ فڕێنەدانی زبڵ لەسەر زەوی.
- چاودێریکردنی تاقیکردنەوەی خوێن و شەکرە لە ماڵەوە.
- پەیرەوی ژەمێکی تەندروست بکە.
- هۆشیارکردنەوە لەبارەی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن.(توێژەر).

بەم شێوەیە ڕەفتار و بیرۆکە و خزمەتگوزاری و بەرهەمەکان دەکەونە نێو چەمکی بەرهەمی کۆمەڵایەتیەوە، بەڵام دەبێت سوود بۆ تاکی ئامانج بگرێتەوە یان سەرنجی تاکی ئامانج ڕابکێشێت بۆ ئەوەی بەشداری کۆمەڵگایەکی دیاریکراو ئەنجام بدات، یان ڕەنگە بەرهەمێکی بەرجەستە بێت وەک پشتگیری بۆ تاک.

وەک بازاڕسازێکی کۆمەڵایەتی، دەبێت لەو بەرهەمە تێبگەیت کە بە هەموو ڕەهەندەکان و کاریگەرییەکانی پێشکەشی دەکەیت بۆ ئەوەی بتوانیت بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بازارسازیی بکەیت و ڕەفتاری خوازراو، ڕەفتاری خراپ نیشان بدەیت و سوودەکانی نیشان بدەیت، ئەو ڕێکارانەی کە پێویستن.

بۆ نمونە گۆڕینی ڕەفتاری ژەمە ناتەندروست و قەڵەوییەکان ڕەهەندی زۆری هەیە بۆ ئەوەی لە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتیدا چاودێری بکرێت، ڕەفتارێک کە بە هۆی نەریتی کەسی و خێزانی و کۆمەڵایەتیەوە دروست بووە.

لێرەدا پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە بەرهەمی کۆمەڵایەتی بە چڕی پشت دەبەستێت بە خوێندن و هەڵسەنگاندنی بینەرانی ئامانج بۆ تیشک خستنە سەر ئەو سوودانەی کە دەتوانێت هانی بدات بۆ پەیڕەوکردنی ڕەفتاری خوازراو.

دەتوانیت کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیاریبکەیت بۆ خوێندن لەکاتی پێناسەکردنی چەمکی بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی:-(إبراهيم،2004،ص23)

تاقیکردنەوەی بەرهەم: ئایا دەکرێت بەرهەم یان ڕەفتاری خوازراو ئەزموون بکەیت پێش ئەوەی بە هەمیشەیی هەڵبگرێت؟

پلەی پاشەکەوت کردنی بەرهەم: چەندێک زەحمەتە یان ئاسانە بۆ هەڵگرتنەوەی ڕەفتاری خوازراو.

پلەی مەترسی: بینەری ئامانج ڕووبەڕووی چ مەترسییەک دەبێتەوە یان چی لەدەست دەدات ئەگەر هەڵسوکەوتەکەی بگۆڕدرێت.

وێنەی مێشک: ئایا ڕەفتارێکی سەرنجڕاکێش یان ناچالاکە.

قبوولكردنی كۆمەڵایەتی: ئایا گونجاندنێک هەیە لەگەڵ نەریت و نەریتەكانی كۆمەڵگا لەگەڵ ئەم بەرهەم یان ڕەفتارە یان بەرهەڵستی دەكرێت بۆ گۆڕان.

ماوەی ڕاهێنان: ئایا پێویستی بە یەک جار یان ڕاهێنانی دووبارە".

تێچوون: ئایا كردارەكە تێچووی ماددەی؟

### 2-3: نرخی كۆمەڵایەتی

توخمی نرخ لە بازاڕسازیی كۆمەڵایەتیدا جیاوازە لە هەموو جۆرەكانی بازاڕسازیی، نرخەكە لێرەدا سەبارەت بەو پارەیە نییە كە دراوە بەڵكو سەبارەت بە كەمكردنەوەی ئەو گرانی و كات و خەرجییە دەروونی و سۆزدارییانەی كە خەڵک هەڵیدەگرن.

نرخەكە ڕەنگدانەوەی ئەو تێچوونەی كە لەلایەن بینەری ئامانجەوە تێی گەیەنرابێت كە لەوانەیە سایكۆلۆجی، كلتوری، سۆزداری، كۆمەڵایەتی، هەڵسوكەوتی، كاتی، مادی، دارایی، و ئەوانی تر بێت.

بە واتایەكی تر، نرخی بەرهەمە كۆمەڵایەتیەكان لە تێچووی مادديی تەنیا تێدەپەڕێت، كە لەوانەیە ئەو پێگەیە بێت كە بەكارهێنەرەكە دەبێت بیبات یان وازیان لێ بهێنێت، یان ڕەوتێكی نوێ بۆ گرتنە بەر.

نرخەكە لەوانەیە ڕەنگبداتەوە كە چەندی دەخایەنێت بۆ ئەوەی كەسێک بگاتە ئەنجامێكی ئەرێنی، یان چەندە هەوڵ دەدات بۆ گۆڕینی ڕەفتار.

بۆنموونە:جگەرەكێشێک لەوانەیە دان بەوەدا بنێت كە جگەرەكێشان عادەتەن گرانە، بەڵام لەوانەیە نرخەكانی هەوڵدان بۆ وازهێنان لە جگەرەكێشان، بەرزبوونەوەی كێشی شاراوە، یان فرێدانی نیكۆتین زۆر بەرز بێت بە هەڵویستی كەسی.

ئەگەر نرخی بەرهەمێكی كۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی بەرهەمەكە تێپەڕێت، ئەوا تێگەیشتن لە بەهای بەرهەمەكە كەم دەبێت و بۆیە پێناچێت لەلایەن خەڵكەوە قبوڵ بكرێت".

ئەگەر خەڵک بۆی دەرکەوت کە ئەو قازانجانەی کە وەردەگرن زیاتر لە بەها و گرنگی ئەو نرخەی کە پێویستە پێشکەشیان بکات، ئەوا بەرهەمەکە قبوڵ دەکەن بۆ ئەزموون و دەستکەوتن و لەوانەیە پشتبەستنی بەردەوام و گرنگ بە بەرهەمەکە.

تێچوونەکانی پەیوەست بە گۆڕانی ڕەفتاری بۆیە بەربەست دروست دەکەن بۆ بازاڕکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کە دەتوانێت پارە، کات، شەرمەزاری، ڕەنج، ئازار یان هەستێک بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی بێت، هەروەها سوودێک هەیە لە ژیانێکی تەندروست و کۆمەڵایەتی باشتر ژینگەیەکی تەندروست، دادپەروەری و یەکسانی، کە دەبێت لە کاتی نەخشەکێشانی کەمپینێکی بازاڕسازی کۆمەڵایەتیدا تیشک بخرێتە سەر.

پێویستە بیر لەو بەربەستانە بکەیتەوە کە لەبەردەم ڕای گشتیدا وەستاون و ڕێگریان لێبکەن لە پەیڕەوکردنی ڕەفتاری دروست و زاڵبوون بەسەریاندا و هەوڵ بدەن سوودەکە لە هاوسەنگی تێچووندا کێش بکەن لە کاتی بەراوردکردنیان.

بۆ نمونە ئەگەر هەڵمەتەکەت بە مەبەستی هاندانی خەڵک بێت بۆ دانیشتن لە ماڵەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و پابەند بوون بە ڕێنماییە تەندروسیتەکان، پێویستە تیشک بخەیتە سەر سوودەکانی دانیشتن لە ماڵەوە و نیشاندانی گرنگی کۆبوونەوەکان.(برهان الدين، 2021،ص78)

### 3-3: شوێن یان دابەشکردنی کۆمەڵایەتی

شوێنەکە یان دابەشکردنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە دابینکردن و گەیاندنی بەرهەمی کۆمەڵایەتی بۆ ڕای گشتی، بە لەبەرچاوگرتنی دامەزراندنی کەناڵەکانی دابەشکردن کە توانای گەیشتنی ئاسان بە بەرهەمەکە دەدات، بوونی لە شوێنێکی نزیکی جوگرافی بۆ بینەرانی ئامانج، و بە لەبەرچاوگرتنی تێچوون و کات.

بۆ نمونە، ئەگەر تۆ هەوڵ دەدەیت بۆ هاندانی بەکارهێنانی جانتا یان جانتای بەکارهێنانەوە لە کۆگاکاندا، بۆ کۆکردنەوەی پارە لە کڕیارەکان بۆ هەموو جانتایەکی پلاستیکی کە بەکار دەهێنرێت، و جانتا یان جانتایەکی بەکارهێنانەوە بۆ نرخێکی کەم پێشکەش بکە بە سوودێک کە دەتوانرێت دووبارە بەکاریان بهێنرێتەوە کاتێک کڕین بە بێ هیچ نرخێک.

یان ئەو نامانەی وەک "جانتای پلاستیکی ژیانی دەریایی دەکوژن" دەتوانرێت لەسەر جانتای یەک جار چاپ بکرێن، جانتاکانی بەکارهێنانەوە جوان و سەرنجڕاکێش بکەن.

ئامانجی پێکهاتەی شوێنەکە یان دابەشکردنی کۆمەڵایەتی ئاسانکردنی گۆڕانی هەڵسوکەوتە بە دڵنیابوون لەوەی کە پشتگیری پێویست بۆ گۆڕان نەک هەر لەبەردەستدا نییە، بەڵکو بۆ زۆربەی خەڵک بەردەستە، خەڵکی کەمتر پێویستیان بەوەیە کە لە ڕێگەی ئاسایی خۆیانەوە بچنە دەرەوە.(سماش،2021،ص90)

### 4-3: بەرزکردنەوەی کۆمەڵایەتی:

بەرزکردنەوە ئەو توخمەیە کە زیاتر پەیوەندی بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتیەوە هەیە، ئامرازێک کە پاشماوەی توخمەکان بە یەکترەوە گرێ دەدات.

بەرزکردنەوەکە ئاماژە بە ڕێکخراوەکە دەکات"بەکارهێنانی هەموو جەستەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی بینەران لەو بەرهەمە کۆمەڵایەتیەی کە پێشکەشی دەکات و سوود و تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکە ڕوون دەکاتەوە و چۆن سوودی لێوەربگیرێت و ڕای گشتی قایل بکات.

لەبەر ئەوە دەبێت بزانیت کام کەناڵ و دەزگا یارمەتیت دەدات کە باشتر بە بینەرەکانت بگات و سەرنجیان ڕابکێشە سەر کەمپەینی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی.

ئایا تۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنیت؟ یان تەلەڤزیۆن؟ یان ڕادیۆ؟ یان لافیتەکان و بیلبۆردەکان؟ یان بۆنەکان، وەک کۆنسێرت، پێشانگا و بۆنە کۆمەڵایەتی و فەرمیەکان ؟ چۆن سەرنج ڕادەکێشیت بۆ بەرهەمی "ڕەوشت"، نرخ و ئەو شوێنەی کە دەتەوێت ئەو هەڵسوکەوتە ئەنجام بدرێت".

لێرەدا، بەرزکردنەوە پێویستی بە پارەیەکی زۆر نییە، دەکرێت بە کەمترین نرخ ئەنجام بدرێت، وەک وشەی دەم، قایلکردنی خەڵک لە ڕێگەی گفتوگۆیەک لە نێوان دوو کەسدا بە شێوەیەکی کاریگەر وەک بازرگانی، یان بە دەسپێشخەرییەکی سادەیی وەک شریتی هۆشیاری شێرپەنجەی مەمک.(لعبادی،2020،ص65)

**3-5: جەماوەر**

ڕای گشتی ئاماژە بە هەر کەسێک دەکات کەپەیوەندی بەو کێشە یان گرفتەوە هەبێت کە ئێمە بازاڕ دەکەین بۆ چارەسەرکردنیان و دابەش دەبێت بەسەر بینەرێکی دەرەکی و جەماوەرێکی ناوەکیدا.

بینەری دەرەکی بینەری ئامانجە، ئەوانەی ئامانجیان گۆڕینی ڕەفتارەکانیانە، جگە لە بینەرە لاوەکیەکان، ئەوانەی پەیوەندیان بە بینەری ئامانجەوە هەیە و هەروەها بڕیاردەران و بەرپرسان و میدیاکان و ئەوانی تر.

بینەری ناوەخۆ لەلایەن قەوارەکان و ئەندامانی تیمەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت کە پلان و کەمپینەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی پەرە پێدەدات و جێبەجێی دەکات.

بۆ نمونە:-کەمپینەکەت بۆ ڕێگرتنە لە بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لەناو گەنجاندا و ئامادەبووانی ئامانجتان خوێندکارە گەنجەکانی قوتابخانە و زانکۆکانن و جەماوەری ناوەندیش دایک و باوک و سەرکردە لە زانکۆ و قوتابخانە و پۆلیس.

کێشە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکان زۆر ئاڵۆزن بۆ تاکە دامەزراوەیەک بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر خودی خۆی دروست بکات، لەبەر ئەوە پێویستە لەگەڵ ڕێکخراو و دامەزراوەکانی تر لە کۆمەڵگەدا هاوکار بن کە ئامانجی هاوشێوەیان هەبێت یان نزیک ببنەوە لە بەرنامەکەتان و ئەو ڕێگایانە دیاری بکەن کە دەتوانن پێکەوە کار بکەن.

بۆ نموونە سندوقی دژە ئالوودەبوون و خراپ بەکارهێنانی دەتوانێت لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری، لەگەڵ رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان و گەنجان، میدیا و هەندێک کۆمپانیای کەرتی تایبەت پشتگیری و چاودێری گەنجان و هەروەها پەیمانگایەکی پزیشکی و یانە وەرزشییەکان هاوبەشی بکات.(احمد،2008،ص40)

**3- 6: سیاسەتی گشتی لە کۆمەڵگادا**

ئەگەر ژینگە پاڵپشتی بەرنامەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی نەبێت، ئەستەمە ئەو گۆڕانە خوازراوانە بهێننەدی، چونکە هەموو ئەو دامەزراوە و سیاسەتانەی کە تێیدا کار دەکەن تەواوکەری یەکترن.

بەرنامەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی گۆڕانێک لە هەڵسوکەوتی گشتیدا دەهەژێنێت، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی سیاسەتەکان بێت لە کۆمەڵگادا یان یارمەتی نەدات بۆ هێنانەدی ئەم گۆڕانە، ڕەنگە ئەمە ببێتە پاساوێک بۆ ئەوەی ڕای گشتی ڕەفتارەکانیان نەگۆڕن.

بۆ نموونە ئەگەر بەرنامەیەک هەبێت بۆ زیادکردنی ڕێژەی سکرین بۆ ژنات بۆ شێرپەنجەی مەمک ئەمەش پێویستی بەهەوڵی گشتگیر هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش لەلایەن میدیاکانەوە و حکومەت کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و پەیمانگای نەتەوەیی ئۆنکۆلۆژیەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، دابینکردنی بیمەی تەندروستی گونجاو.

سەرچاوەکانی پارەدان،لە کوێ پارە بەدەست دەهێنیت بۆ دامەزراندنی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی بەرنامەکان بۆ کەمپینەکەت، ئەم پر سیارە گرنگە کە وەک توخمێکی بنچینەیی بیر بکەینەوە لە تێکەڵەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی.

زۆربەی ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان لە ڕێگەی بەخشین یان دەرماڵە لە دەزگا و ڕێکخراوە جیهانیەکان، بەخشینی حکومەت یان ئەو کۆمپانیایانەی کە بەرنامەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی هەڵئەگرن، پەرە بە بەرنامەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەدات.

بۆنموونە، لە هەڵمەتی پشکنینی پێشوەختەی شێرپەنجەی مەمکدا، دەکرێ هەندێک پشتگیری حکومەت بگەڕین، یان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک کۆمەڵەی شێرپەنجەی ئەمریکی پشتگیری بکرێت.(الیاس،2007،ص78)

# بەشی سێیەم

# بایەخدان بە پرسی جێندەر لەنێو دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژناندا

**باسی یەکەم:جێندەر)چەمک و پێناسە)**

3-1: چەمکی جێندەر

3-2: پێناسەی جێندەر

3-3: جیاوازی نێوان ڕەگەز و جێندەر

3-4: مێژووی سەرهەڵدانی جێندەر

3-5: چەمکی ڕەگەز

**باسی دووەم:مێژووی سەرهەڵدانی جێندەر لە کوردستان**

3-1:مێژووی خوێندنی جێندەر لە کوردستان

3-2: دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان

3-3جۆرەکانی دامەزراوە

3-4:ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە بواری ژن

3-5: کاریگەری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لەسەر پرسە جێندەرییەکان لە هەرێمی کوردستان

**باسی سێیەم: تەوەری چوارەم: جوڵانەوەی فێمینیزم (Feminism) لە جیهان و کوردستان**

3-1: فێمێنست کێیە؟

3-2: قۆناغ و شەپۆلەکانی تێپەڕینی هزری فێمینیزم

3-3: شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم

3-4: شەپۆلی دووەمی فێمینیزم

3-5: شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم

3-6:جوڵانەوەی فێمێنیزم لە کوردستان

3-7:تیۆری فێمینستی میدیای

## بەشی سێیەم:

## باسی یەکەم

## جێندەر)چەمک و پێناسە)

### 1-3: چەمکی جێندەر

ولیامز Williams جێندەر بە رەفتارو هەڵوێست و رۆڵ و چالاکیە گونجاوەکان بۆ نێرومێ پێناسەدەکات. ئەو جەخت لەسەر پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە لە پێناسەکردنی جێندەر.

ئەو پێیوایە کە مرۆڤ بە نێر یان بە مێ لە دایک دەبێ، بەڵام پەروەردە هەر یەکێکیان دەکات بە کوڕ و کچ بۆ ئەوەی دواتر ببن بەپیاوو ژن، بە شێوەیەک کە پەروەردە دەبێتە میکانیزمێک کە لە رێگەیەوە بنەماکانی رەفتار بۆ هەردوو رەگەزەکە دیاریدەکات. ئەم ڕەفتارە وەرگیراوە، دواتر دەبێتە پێکهێنەری ناسنامەی جێندەری و ڕۆڵە جێندەرییەکان دیاری دەکات.(ولیامز 1999،ص38).

یەکێتی چەمکی جێندەر (یونیفام 2000) پێیوایە جێندەر پرۆسەیەکە بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە تێکهەڵکێشەکانی نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا. ئەم پەیوەندییانە کاریگەردەبن بە چەند هۆکارێکی ئابووری، و کۆمەڵایەتی، کولتوری، سیاسی، ژینگەیی لە ڕێگای کاریگەرخیستنە سەر بەهای کارکردن، بەهۆی ڕۆڵی وەچەخستنەوە و بەرهەمهێنان و رێکخراوەیی، هەریەک لە ئافرەت و پیاو پێیهەڵدەستن. (أبوبکر و شکری 2002،ص 94.)

ئەگەر بمانەوێت پێناسەی چەمکی جێندەر بکەین، دەبێ ئەوە بزانین کە تا ئێستا شارەزایان و توێژەران ڕێکنەکەوتوون لەسەر پێناسەیەکی ورد و ڕەها بۆ ماناکردنی، هەریەک بەجۆرێک لەڕووی تیۆری و زمانەوانییەوە پێناسەی دەکات. لە زماندا وشە و زاراوەی :(Gender) وشەیەکی ئینگلیزییە و لە بنەڕەتدا لە وشەی(Genus) هاتووە، بنەچەیەکی لاتینی هەیە بەمانای(جۆر، چەشن، بنەچە) دێت لەڕووی نێر بوون و مێ

بوونەوە، وەکو چەمکێکی زمانەوانی بۆ پۆلێنکردنی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفەرمان) بەکاردەهێنرێت. ئەمەش بەرامبەرە بە وشەی(Genre) ی فەرەنسی بەمانای جۆر. بەمانای بوونی جیاوازی و جۆراوجۆری ڕۆڵ و ئەرکی هەریەک لە ڕەگەزەکان (ئۆکین،2018، لا136).

## 2-3: پێناسەی جێندەر:

جێندەر پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتورییە، واتە پرۆسەیەکی بەرهەمهێن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیە بە بەردەوامی، ئەم شێوەیەش بەگوێرەی کەلتورو کات جیاوازی هەیە کە بەشێوەی ڕۆڵ و ڕفتارەکان مومارەسەدەکرێ نەک هەرتەنها بەقسەکردن. (حوسو،2009،لا 619).

هەروەها بەڵگەنامەیەکی UNDP پێناسەی دەکات وەک "زاراوەی جێندەر ئاماژە بە خاسیەت، لەبەر ئەوەی ئەم تایبەتمەندیانە ئەو ڕەفتارانەن کە فێر دەبن دەگۆڕین و هەر ئێستا بەتێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن و بەپێی کەلتوورەکان جیاوازن/https://www.undp.org " )

هەردوو چەمکی (Man) و (Woman) پیاو و ژن بەکاردەهێنرێن وەک ئاماژەیەک بۆ هەردوو ڕەگەز لەسۆنگەی فەرهەنگ و تێڕوانینی کۆمەڵگە و ڕۆڵ و پێگەکانیان، کە دەرفەتی ئەوەی هەیە شرۆڤەی جیاجیای بۆ بکرێت. کەواتە دەکرێت لە کلتور و شارستانیەتێکەوە بۆ شارستانیەتێکیتر گۆڕانکاری و گەشەسەندن بەسەر ماناکانیان دابێت. بەڵام هەردوو چەمکی (Male)و (Female) ناسنامەی ڕەگەز و گوزارشتە لە سیفاتە بایۆلۆجیەکان.(ئەکرەم،2019،لا41).

جێندەر کە هەندێکجار دەستەواژەی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ بەکاردێت، بریتییە لە کۆمەڵێک خەسلەت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندیدارن بە پیاوبوون و ئافرەتبوون، یاخود پەیوەندی نێوان پیاو و ژن و کوڕ و کچ دەگرێتەوە.

بەمانایەکیتر بریتییە لە جیاوازی دروستکراوی کۆمەڵایەتی نێوان ژن و پیاو کە گۆڕانکاری بەسەردادێت، لە کاتێک بۆ کاتێکیتر و لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە

بەگوێرەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئابوری و کاریگەری داب و نەرت، کولتور و پێگەی ئەو کۆمەڵگەیە. ناسنامەی جێندەری ئەوە دەستنیشان دەکات ئێمە چۆن دەبینرێین و چاوەڕوانی چ هەڵسوکەوتێکمان لێدەکرێت وەک پیاو و ژن، ڕەفتار و ڕۆڵ و پێگەی هەر یەک لە پیاو و ژن لە کۆمەڵگە چۆن و چی دەبێت؟

بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی (تەندروستی جیهانی) ئەم زاراوەیە سودمەندە بۆ ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەریەکێک لە پیاو و ژن هەڵیبگرن وەک (ڕەگەزێکی تێکەڵی کۆمەڵایەتی) و هیچ پەیوەندیەکی بەجیاوازی ئەندامەکانی جەستەوە نییە و ئەوە تەنها هەستی مرۆڤەکانە کە خۆی بە (نێر یان مێ) دەزانێت(https://www.who.int/).

(Gender Identity) کە فەرهەنگێکی بەریتانییە بۆ پێناسەی جێندەر دەڵێت: ناسنامەی جێندەر پەیوەست نییە بە کاتی لەدایکبوون و دیاریکردنی (نێر و مێ)، بەڵکو کاریگەرە بە فاکتەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ دروستبوونی جیاکاری جێندەری، ئەمەش گۆڕانکاری بەسەردادێت بەفشار و کاریگەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ گەشەی منداڵ.(مەحموود،2017،لا15).

ڕەگەز ڕاستییەکی بایۆلۆجی مرۆڤە، کە بریتیە لە دروستکراوی سروشتی بەبێ ئەوەی خودی مرۆڤەکە ڕۆڵی لەهەڵبژاردنی ڕەگەزەکە هەبێت، هاوکات جیاوازییەکانی بایۆلۆجی و فسیۆلۆجی و دەروونی نێوان هەردوو ڕەگەزی پیاو و ژن دەگرێتەوە، وەک: کرۆمۆسۆمات، هۆرمۆنات، بەشێک لە ئەندامانی جەستە لەناوەوە و دەرەوە. پیاو سپێرم بەرهەم دەهێنێت، ژن دوو گیان دەبێت و منداڵ دەهێنێتە دونیا و شیر بە منداڵ دەدات.

### 3-3: جیاوازی نێوان ڕەگەز و جێندەر

جێندەر بریتییە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو جۆری ژن و پیاو، کە لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی بنیاد نراون نەک بایۆلۆجی. چونکە مرۆڤ (نێر، مێ)ی هەیە و تایبەتە بە جیاکردنەوەی جۆر و ڕەگەز (جنس).

هاوكات ڕەگەزی سێیەم بوونی هەیە، بەڵام ڕەگەزی سێیەم بە بەراورد لەگەڵ هەردوو ڕەگەزی یەکەم و دووەم، حاڵەتی دەگمەنە. ئەمانە جیاوازی بایلۆجین کە هەمیشەیی و نەگۆڕن. کەچی پەیوەندی جێندەری لە گۆڕاندایە لە کاتێک بۆ کاتێکیتر، لە کۆمەڵگە و شوێنێک بۆ کۆمەڵگە و شوێنێکیتر. هاوکات لە نەریت و کلتورێک بۆ نەریت و کلتورێک جیاوازن. مرۆڤ بە نێر یان مێ لەدایک دەبێت، بەڵام فێر دەکرێن کە کچانە بن یان کوڕانە گەشە بکەن بۆئەوەی ببن بە ژن یان پیاو. فێری هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکان دەکرێن، ڕادەهێنرێن چۆن دەڕواننە ڕەگەزی بەرامبەر، ڕۆڵ و تایبەتمەندی و چالاکی هەر یەکەیان کامانەن؟

بەمانایەکیتر ژن بوون و پیاوبوون دوو چەمکن زادەی کەلتووری کۆمەڵایەتین نەک بایلۆجی، ئەوەی تایبەتمەندی بایلۆجییە نێربوون و مێبوونە نەک ژن بوون و پیابوون، هەریەک لەم ڕۆڵ و پێگەیەی ئەم دوانە هەیانە کۆمەڵگە پێی بەخشیون نەک بایلۆجیا. کەواتە ئەوەی کە دەبێتە جیاوازیکردن، خودی تێڕوانین و جیاوازی تێگەیشتنی کۆمەڵگەکانە بۆ هەردوو ڕەگەز و چەمکی جێندەر.(الکوردی،2000، ص16).

لەچەند خاڵێک جیاوازی نێوان ڕەگەز و جێندەر کورت کراوەتەوە:

| Gender جێندەر | Sexڕەگەز |
| --- | --- |
| | |

| | |
|---|---|
| سروشتییە، واتە پێناسەکردنی بایۆلۆجی بەپێی پێکهاتەی هۆرمۆنی و کرۆمۆسۆمی و کۆئەندامی زاوزێی ناوەکی و دەرەکی.<br>پێناسەکردنی کۆمەڵگە و کەلتوور و فەرهەنگە بۆ هەر یەکێک لە ڕەگەزەکان و چۆنیەتی گەشەکردن و هەڵسوکەوتیان ڕەگەز بونیادێکی سروشتی هەیە.<br>جێگیرە و ناگۆڕێت، لەکاتێک بۆکاتێکیتر، لەشوێنێک بۆشوێنێکیتر. | ئاماژەیە بۆ ڕۆڵ و ڕەفتار و دەربڕین و ناسنامەی کچان، ژن، کوڕ، پیاو و کەسانی جۆراوجۆر کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بنیات نراون.<br>کاریگەری لەسەر چۆنیەتی هەستکردن بە مرۆڤەکان و یەکتر و چۆنیەتی مامەڵەکردن، کارلێککردن، دابەشکردنی دەسەڵات و سەرچاوەکان لە کۆمەڵگادا هەیە.<br>ناسنامەی جێندەر لە دووانەییەکدا قەتیس نییە (کچ/ژن، کوڕ/پیاو) و هەروەها ئیستاتیک نییە؛ بە درێژایی بەردەوامییەک بوونی هەیە و دەتوانێت بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕێت. |

### 4-3: مێژووی سەرهەڵدانی جێندەر

ئەگەر چاوێک بخشێنین بە مێژووی چەمکی جێندەر، دەردەکەوێت دوای هاتنە کایەوەی شەپۆلی دووهەمی فێمینیزم، لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو (چەمکی جێندەر) لەلایەن فێمێنیستەکانەوە وەک ئامرازێک بۆ شیکار و تێگەیشتن لە پەیوەندیەکانی نێر و مێ و دابەش بوونیان بەسەر نێرایەتی و مێینایەتیدا، فێمینیستەکان بۆیان گرنگ بووە بڵێن هەموو ئەم ڕۆڵانە دروستکراوی کولتوری و کۆمەڵایەتین نەک بایەلۆجی.

لە ساڵی ١٩٥٥دا، جۆن مۆنی بۆ یەکەمجار دەستەواژەی "جێندەر"ی بە شێوەیەک بەکارهێنا کە ئێستا هەموومان بە شتێکی ئاسایی دەزانین: بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکی

مرۆڤ، بوارێکی نوێی توێژینەوەی لە زانستی سێکسیدا کردەوە و بواری بەخشی بە بیرۆکە پزیشکییەکان سەبارەت بە سێکسییەتی مرۆڤ.(سەعید،2022،لا2)

لەحەفتاکانی سەدەی بیستدا کۆمەڵێک لێکۆڵەرەوەی ئەمریکی ئەم وشەیەیان هێنایە ناو بواری لێکۆڵینەوەوە، ئەم چەمکە لەگەڵ شەپۆلی دووهەمی فێمینیزم هاتە کایەوە و لەلایەن فێمینیستەکانەوە وەک ئامرازێک بۆ شیکار و تێگەیشتن لە پەیوەندیەکانی نێر و مێ و دابەش بوونیان بەسەر نێرایەتی و مێینایەتیدا بەکارهاتووە.

وشەی جێندەر بۆیەکەمینجار لەلایەن "ئان ئۆکلی"یەوە لە ساڵی 1972 لە فۆرمێکی زانستیدا بەکارهاتووە و هێنراوەتە ناو لێکۆڵینەوەی زانستییەوە، هەروەها یەکەم کەس بوو کە جیاوازی خستە نێوان هەردوو زاراوەی "ڕەگەز "sex – و زاراوەی "جۆر ."Gender - ئەو پێیوایە کە زاراوەی "ڕەگەز" بە مانای ئەو جیاوازییە بایەلۆژییانە دێت، کە لە ئەزەلەوە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەبێ ویست و ڕۆڵبینینی خۆیان لەگەڵیان لەدایک دەبێت، بەبێ ئەوەی لە توانایاندا بێت گۆڕانکاری لە کۆی دابەشکارییەکانیان و پێکهاتە تایبەتییە جیاکەرەوە جەستەییەکانیاندا بکەن.

لە بەرامبەریشدا "ئۆکلی" پێیوایە کە زاراوەی "جێندەر" لە ڕووی ماناوە تەواو جیاوازە لە زاراوەی "ڕەگەز"، چونکە لە دیدگای ئەوەوە زاراوەی "جێندەر" بە مانای ڕۆڵ و ڕایەڵی نێوان نێر و مێ دێت، کە لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کەلتووری و ئایینییەوە بنیات دەنرێ؛ واتا زەمینەی لەبارە بۆ دەستکاریکردن، دابەشکاری، دیاریکردن و پێسپاردنی ئەرکەکان لە نێوان نێر و مێدا لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی. لێرەوە تێرمی جێندەر ئاماژەیە بۆ کردە کۆمەڵایەتی و کولتوری و ژینگەییەکان، کە مرۆڤ بەسەر نێرایەتی و مێینەیەتیدا دابەشدەکرێت و پەروەردە و بەکۆمەڵایەتی دەکرێت. ئەوەی ژن و پیاو دابەش دەکات ئەوەیە چی پیاوانەیە و چی ژنانەیە زۆرتر وەک دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی سەیردەکەن، نەک وەک کارکردنێکی بایۆلۆژی. (ئەوکلی، 1972،ص134).

له حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە، جێندەر بەتەنها وەکو چەمکێک نەمایەوە، بەڵکو لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا زیاتر لە ڕێگەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەت کۆمەڵناسی دەرکەوت وەک هەوڵێک بۆ ڕاڤەکردنی ڕۆڵ و پێگە و ئاستەنگەکانی هەریەک لە ژن و لە پیاو. هاوکات بووە وێردی سەر زمانی چالاکوانانی بواری ژنان و ڕێکخراوەکان، زۆر بەخێرایی پەلی هاوێشتە ناو هزرو چەندین بیریار و لێکۆڵەر و دەروونناس و کۆمەڵناس، توێژینەوە و بەدواداچوونی تایبەت بەخۆیان لەم بوارەدا پێشکەش کرد. ئیتر وردە وردە چەمکی جێندەر گەشەی سەندو لە ناوەندە فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمیەکاندا زیاتر بەکارهات. لە راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی قاهیرە لەساڵی (1994) نزیکەی (51) جار چەمکی جێندەر بەکارهات. دواتر لەهەموو پەیماننامە و ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی زیاتر چەمکی جێندەر بەکاردەهێنرا. لە کۆنگرەی پەکین لەساڵی (1995) چەمکی جێندەر (233) جار بەکارهاتووە.

له ساڵی ١٩٩٤ کۆنگرەی دانیشتوانی قاهیرە کە لەو کاتەدا ناڕەزاییەکی بەرچاویان بەرزکردەوە لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ٥١ جار دووبارە کرایەوە و لە بەرامبەر مانا نادیارەکانی ئەم چەمکە نوێیەدا لە ڕووی پیاوەتی و ژنایەتییەوە بە ڕەگەز وەرگێڕدرا و بە وشەی جێندەر ٢٤٥ جار دووبارە کراوەتەوە و هانی شاندەکانی زۆرێک لە وڵاتان دەدات کە داوای پێناسەی ورد بۆ واژەکە بکەن و گروپێکی کار بۆ پەرەپێدانی وەرگێڕانێکی وردی لێ دروست بوو بەڵام سووربوونی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ تێپەڕاندنی بە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی بەبێ وە لیژنەی پێناسە هاتە دەرەوە بۆ دانان بە پێناسەنەکردنی ئەو چەمکە کە مانای ئەوە بوو کە ئەو چەمکە پێویستە بە مانای بەکارهێنانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکاربهێنرێت.(ئەکرەم، 2019، ل49).

بە درێژایی سەدەکان باوەڕ وابووە کە جیاوازی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی ژن و پیاو سروشتی و نەگۆڕە و بە جیاوازی بایۆلۆجی و تایبەتمەندییەکان پێناسە دەکرێن بریتین لە بیرۆکە و بەهاکان دەربارەی نێر و مێ.

## 5-3: چەمکی ڕەگەز :

ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار لەلایەن ئان ئۆکلی لە ساڵی ١٩٧٢ بەم مانایەی خوارەوە بەکارهاتووە: "وشەی سێکس دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بایۆلۆجی نێوان نێر و مێ، بۆ جیاوازی ئاشکرای نێوان ئەندامی سێکسی، و جیاوازی لە پەیوەندیان لەگەڵ کرداری زاوزێ جۆریەکە بریتییە لە بەخششێکی کەلتووری، ئاماژە بە پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی پیاوسالاری و مێینەیی دەکات.

جێندەر بۆ ڕەگەز دەگێڕدرێتەوە کە بە ڕەگەز وەردەگێڕدرێت و لە بنچینەدا گوتەیەکی کەلتووریی و سیاسیە کە جیاوازە لە سێکس وەک ئەوەی لە ڕووی بایۆلۆجییەوە دەدرێت و مانای ئەو ڕۆڵ و جیاوازیانە دەگەیەنێت کە کۆمەڵگاکان بڕیار دەدەن و بۆ ژن و پیاو توێژینەوەی جێندەری توانامان دەدات بە قەرەبووکردنەوەی ماهۆی بایۆلۆجی لەگەڵ بینای کلتوریدا، بۆ ئەوەی ببینین جیاوازی نێوان ژن و پیاو لە ڕووی کولتووریی و ئایدیۆلۆژییەوە بنیاتنراوە و پێویستییەکی بایۆلۆجی نییە سەرەڕای ئەوەش ئەم چەمکە ئامرازێکە کە لە ڕاستیدا لە ڕووی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی ڕۆڵەکانەوە لە بوارەکانی گەشەکردندا ئەنجام و توێژینەوەی کردووە.(ئەحمەد،2010،لا67)

ئامانجی یەکەم لە بەرزکردنەوەی کێشەی ڕەگەز ئازادکردنی عەقڵ و تێگەیشتن بوو لە پێشڕەوییەکان و کلیشەیی سەبارەت بە ڕەگەزەکان، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو جیاوازییە فیزیۆلۆژییانەی لەلایەن سروشتەوە دەستنیشانکراون و پاشان بۆ تێپەڕاندنی پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو تا ئاستێکی شارستانی و عادەتی کە ئەو سنوورانەی کە لە چوارچێوەی بەستەڵەکی و ڕەفتاری تایبەت بە کێ نێر و مێدا بێدەنگکراون دوور دەخاتەوە لە نێوان سروشتی و کولتووریدا لە پەیوەندی ڕەگەزیدا لە ڕاستیدا، ئەم جیاکارییە پێویستی بە ناسینەوەی ئەوەی ئاساییە، جیاوازی سێکسی نێوان ژنان و پیاوان و ئەو جیاوازییە کەلتووری و کولتوورییانەی کە لەسەری بنیاتنراوە نوێنەرایەتی دەکات و پەیوەندییە

کۆمەڵایەتیە ماناداره‌کانی نێوان ژن و پیاو قبوڵ دەکات، واتە پەیوەندی ڕەگەزی.(عەلی،2018، لا54)

بەم شێوەیە جیاوازی نێوان چەمکەکانی سێکس و ڕەگەز بووە هۆی گەشەکردنی ئامرازێکی شیکاری بەسوود لە ڕوونکردنەوەی بیرۆکە و توخمەکانی پەیوەست بە یەکتر، و بەپێی ئەم جیاکارییە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جنس پەیوەندی بە بایۆلۆجی و فیزیۆلۆجی هەیە، لەکاتێکدا کۆمەڵێک فاکتەر و مەرجی تر بریتین لەمێژوویی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ڕەگەز کەرۆڵی نێرو مێ لەڕێگەی تێڕوانینی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە دیاری دەکرێت

ئەم جیاکارییە بووە بە جۆرێک لە بەخێوکردن لەسەر ئاستی جیهانی، بەڵام دەربڕینێکی ڕووکاریی پیشان داوە کە بێشک بابەتێکی بێ گومانە لەو کاتەوە، توێژینەوە زاراوەی "جێندەر" ی بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییە تایبەتییە کۆمەڵایەتیەکانی ژن و پیاو و زاراوەی سێکس بۆ ئاماژەدان بە تایبەتمەندییە پێناسەکراوەکانی بایۆلۆجی، بە شێوەیەکی سەرەکی توانای پیاوانە بۆ پیتاندن و توانای ژن بۆ شاردنەوە و لەدایکبوون ژانرەکە بریتییە لە کەلتووری کە بە پەروەردەکردن و گۆڕانکاریی فێرکراوە و ئاماژە بە ڕۆڵەکانی کۆمەڵایەتی دەکات کە تێیدا هەردوو ڕەگەز دەتوانن یەکسان بن.

دەرئەنجامی ئەو سەرەنجانەی خرانەڕوو توێژەر پێی وایە-:

-سێکس جیاوازی بایۆلۆجی لە نێوان ژن و پیاودا دیاری دەکات لە کاتێکدا ڕەگەز پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکات.

-جێندەر نە ئاماژە بە ژنان دەکات و نە ئاماژە بە پیاوان دەکات، بەڵکو پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکان و هەروەها ئەو ڕێگایانەی کە ئەم پەیوەندییە دروست دەبێت.

-پەیوەندیەکانی جێندەری بە فاکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و هۆکارەکانی تر دیاری دەکرێت و لە ژێر کاریگەری گۆڕانی ئەو فاکتەرانەدا دەبێت.

-هەر کولتوورێک هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەگەزییە و هەڵسوکەوتی ژن و پیاو پێناسە دەکات و ماف و بەرپرسیارێتی و سەرچاوە و ڕۆڵەکان لەنێوانیاندا دابەش دەکات .

-کۆمەڵایەتیبوون ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جیاوازیان پێشکەش دەکات و تەنانەت بە شێوەیەکی ئاشکرا تێیان دەگێرێت.

-دەتوانین لەو داتایانە بکێشین کە ڕەگەز مانای شارستانیانەیە کە کولتوورەکان لەسەر سێکس گفتووگۆ دەکەن و مەبەستیش لە بەرزکردنەوەی کێشەی ڕەگەز بریتییە لە جێبەجێکردنی ستراتیژێکی هەڵوەشاوە بە مەبەستی ئازادکردنی عەقڵ و عەقڵ لە پێشینەکان و تێگەیشتنەکان، دەتوانین بڵێین کە ڕەگەز جیاکاری کەلتووری نێرینە بەسەر مێینەدا، وە ڕەگەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ کەلتووری درێژ دەبێتەوە نەک سروشت ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیش هەلومەرجی ژیانی ڕۆژانەی هەردوو ژن و پیاو دروست دەکات و ئەو شوێنەی کە لە کۆمەڵگادا داگیری دەکەن بەجۆرێک لە چوارچێوەیەکی تایبەتی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسی و ئابووریدا و لەژێر دەزگا و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکاندا ماونەتەوە.

## باسی دووەم:

## مێژووی سەرهەڵدانی جێندەر لە کوردستان

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بابەتەکانی یەکسانی ژن و پیاو و مافی ژنان یەکێ لە بابەتە گەرم و پێشینەکانی رۆژنامەگەری کوردی بوونە. لە گەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو نووسینانەی لە سەر مافی ژن و داخوازی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا و گرنگیدان بە خوێندن و پێشکەوتنی ژنان کە لە سەر لاپەرەی رۆژنامە و گۆڤار کوردییەکان بە نێوی کچان و ژنانی کوردەوە بڵاوکراونەتەوە تاوەکو حەفتاکانیش لە لایەن پیاوانی رۆشنبیری کوردەوە نوسراون. ئەم نوسەرە پیاوانە بەم کارەیان لە لایەکەوە بەرگرییان لە مافی ژنان دەکرد و لە لایەکی ترەوە بەم کارەیان هانی ژنانیان دەدا بێنە کۆری رۆژنامەگەری و نووسینەوە. (موکریانی،1995، لا45).

سورەیا بەدرخان، یەکەم ژنی کوردە لە وتارێکی (ژنی کورد و رۆڵی کۆمەڵایەتی)، لەبارەی جێندەر نووسیوە، لە ساڵی ١٩٣٥ لە شانزەهەم کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئەنترۆپۆلۆژی-دا پێشکەشیکردبوو بە زمانی فەرەنسی لە برۆکسل. (مەهدی،2021،لا110).

بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2010 بەشێوەیەکی فەرمی وشەی جێندەر لەنێو یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهاتووە، لە یاسای ژمارە 14 ساڵی 2010 لە ماددەی دووەم، ئەرک و ئامانجەکان برگەی دەیەم، بەمشێوەیە:-(بایەخدانی تایبەت بە بوارەکانی کولتوور و هونەر و وەرزش و ژنان، کارکردن لە پێناو بڵاوکردنەوەی کولتووری جێندەر (جۆری کۆمەڵایەتی).(سایتی پەرلەمان) https://www.parliament.krd/media.

وەزیری پێشووتری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، د.کاوە محموود، باسلەوەدەکات، لە ساڵی 2011، ئێمە لە وەزارەتی رۆشنبیری، دەستمانکرد بە کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی یەکسانی جێندەر، لە رێگەی کۆڕ و سیمینار لەنێو وەزارەت، پاشان کارمانکرد بۆ دامەزراندن و کردنەوەی یەکەی جێندەر لە وەزارەتەکەمان، ئەو

هەنگاوەشمان نا، دواتر بوو بە بڕیار و لەزۆرێک لە وەزارەتەکان ئێستا یەکەی جێندەر هەیە. (چاوپێکەوتن،راستەوخۆ، رێکەوتی چاوپێکەوتن10ی ئایاری2022).

**1-3:مێژووی خوێندنی جێندەر لە کوردستان**

لە ساڵی 2010، زانکۆی بریستل بە هاوکاریی بریتیش کاونسڵ و وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکەمین سەنتەری تایبەت بە خوێندنی جێندەری لە زانکۆی سلێمانی دامەزراند، ناوی سەنتەرەکە بریتی بوو لە سەنتەری خوێندنی جێندەر و توندوتیژی .

د.نەزەند بەگیخانی و پرۆفیسۆر جیبل هەیگ بۆ ئەو مەبەستە چەندین جار سەفەری کوردستانیان کردوە و لەگەڵ بەرپرسانی زانکۆی سلێمانی کۆبووینەوە کە ئەوکات بەڕێز دکتۆر عەلی سەعید سەرۆکی بوو، بە هاوکاریی بەڕێزیان و سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی بەڕێز دکتۆرە نەجات رەحیم و بە پشتگیری و ئامادەیی قونسولی گشتی بەریتانیا بەڕێز کریس باوەرز یەکەمین سەنتەری خوێندنی جێندەر لە ساڵی 2011 بە فەرمی لە کوردستان کرایەوە. چەند مانگێک دوای ئەوە، بڕیاری فەرمی لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەرچوو بۆ ئەوەی وانەی جێندەر بخرێتە مەنهەجی خوێندن لە زانکۆی سلێمانی. (بەگیخانی،2019،لا1).

ئامانجی سەرەکیی لە بەئەکادیمیکردنی پرسی ژن و دامەزراندنی سەنتەری جێندەر لە زانکۆکان بریتیی بوو لە برەودان بە توێژینەوەی زانستی و مێتودۆلۆژیی تا بەشێوەیەکی بابەتی و لەسەر بنچینەی فاکت و واقیع داتای بەڵگەئامێز بخرێتە بەردەم دەسەڵاتداران بە ئامانجی راهێنان و دانانی ستراتیژییەتی گونجاو و یەکسانیخواز بەرەو چاککردنی بارودۆخی ژن لە کوردستان. ئامانجەکانی دیکە بە کورتی بریتی بوون لە وتنەوەی وانەی جێندەر و راهێنانی گەنجەکان لە زانکۆ بە پرنسیپەکانی مافی ژن و یەکسانیی جێندەری، هەروەها دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان زانکۆ و بەڕێوەبەرایەتیەکانی توندوتیژی و دامودەزگا حکومیەکانی دیکە و رێکخراوەکانی ژنان و میدیا بۆ هۆشیارکردنەوەی رای

گشتی و راهێنانی کادیران و سازدانی کۆنفرانسی زانستی و فیکری دەربارەی ئەم پرسە ئاڵۆز و کێشەئامێزە.

کردنەوەی سەنتەری جێندەر لە زانکۆی سلێمانی دەرفەت و وەرچەرخانێکی گرنگ بوو بۆ ئەوکات و لە رۆژنامەی تایمز هایەر ئێدیوکەیشنی بەریتانی وتارێکی تایبەتی لەسەر نووسرا وەکو شایانێک لەم هەنگاوە گرنگەی ژنانی کوردستان، بەڵام هەرزوو سەنتەرەکە کەوتە بەر رەخنە و فشار و هێرش نەک تەنها لە لایەن ناحەز و توندڕەوە ئیسلامییەکانەوە، بەڵکو لە لایەن چینی بەناو رۆشنبیر و ئولیگارشیە کولتورییەکانیشەوە، ئۆلیگارشیە بەناو کولتورییەکانیش کەوتنە نووسینی وتار دژی سەنتەرەکە. (بەگیخانی،2019) . https://www.rudaw.net/sorani/opinion/170420191

سەنتەری کوردستان بۆ جێندەرناسی، یەکەمین سەنتەری ئەکادیمییە لە کوردستان کە لە بواری جێندەرناسیدا کاردەکات و بە سەنتەری دایک دەناسرێت. ئەم سەنتەرە لەلایەن ئاژانسیUNDP, UN Women) ، ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان، وەزارەتی پلاندانان و زانکۆی سۆران(دامەزراوە و لە چوارچێوەی ئەو پرۆژانەیە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بە مەبەستی جەختکردنەوە و گشتگیرکردنی یەکسانی لە کۆمەڵگەدا کاریان لە سەر دەکات.

سەنتەرەکە لە رێکەوتی ٢٠١٥\٥\٢٤ بەپێی فەرمانی زانکۆیی دامەزراوە و لە سێ بەش پێکدێت؛ راهێنان، توێژینەوە و پێداچوونەوە. دوای کردنەوەی سەنتەری جێندەرناسی لە زانکۆی سۆران، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕیارێکدا داوای لە سەرجەم زانکۆ حکومی و تایبەتەکان کرد سەنتەری تایبەت بە جێندەرناسی بکەنەوە، ئێستاش لەکۆی ٣٤ زانکۆ، ٣١ یان بڕیارەکەیان جێبەجێکردووە و سەنتەری تایبەت بە جێندەرناسییان کردووەتەوە.(عوسمان، 2022،چاوپێکەوتن).

ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان لە پاییزی 2017 بە فەرمانێکی رەسمی بڕیاری کردنەوەی سەنتەری جێندەرناسی لەسەرجەم زانکۆکانی کوردستان دەرکرد. وەزارەتی

خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەنگاوەکانی سەرەتادا لەسەر ئاستی وەزارەت لێژنەیەکی باڵای تایبەت بە پرسی یەکسانی جێندەری پێکهێنا، دواتر لە هەموو زانکۆ حکومی و ئەهلییەکانی هەرێمی کوردستان سەنتەری جێندەرناسی دامەزراند، بۆئەوەی بابەتی جێندەر لە بەش و پسپۆڕییە جیاجیاکانی زانکۆکان بخوێندرێت. ئێستا بەها و بنەماکانی یەکسانی جێندەری لە تەواوی سیستەمی پێداگۆجی ڕەنگی داتەوە. خوێندنی بابەتی جێندەر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی ئەرێنی پێشوەچوونە، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونی حکومەتی هەرێم و سێکتەری خوێندنە بۆ بایەخدان بە پرسی جێندەر(https://gov.krd).،هاوکات یەکەی جێندەر لەسەرجەم وەزارەتەکان کراوەتەوە، کاردەکەن.

بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕێژەی مامۆستایانی ژن (3640)ە، لەکاتێکدا ڕێژەی پیاوان(10819) کەمترە لە نیوە.

بەڵام ڕێژەی خوێندکاری کچ لە ڕێژەی کوڕان زیاترە، ژمارەی خوێندکاری کچ (85835)ە لە کاتێکدا ژمارەی خوێندکاری کوڕ (64735)ە، هاوکات سەرۆکی چوار زانکۆ لە هەرێمی کوردستان ژنن.(وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی).

### 2-3: دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان

کۆمەڵگە کە کۆی کایە جۆربەجۆرەکانی لەدەورویشتی خۆی کۆکردۆتەوە، ئەستەمە بە بێ ڕێکخستن بەڕێوە ببرێ، ئەوەی کردەی ڕێکخستنی کایەکانیش بەڕێوە دەبات بریتین لە "دامەزراوەکان"، هەرکۆمەڵگەیەک دامەزراوەکان تێیدا کاراو بەهێزبوون و بە سیستم کرابوون پرۆسەی پێشکەوتنی مەعنەوی و ماددی و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی لەئاستێکی بەرزدا دەبینرێن.(حەمە، 2021، لا54)

"دامەزراوە" لەڕووی زمانەوانی و چەمکەوە هەندێک ئاڵۆزە، بەڵام لە ڕوانینە گشتییەکەیدا واتا بەو پێگە فەرمییە دەگوترێ دامەزراوە کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بیناکردووە، بەجۆرێک وەک میلی کاتژمێر کارو کردەکانی

جێبیەجێکردووە، تەواوی چوارچێوەی کارکردنی بە سیستەم کردووە، دامەزراوەی بەسیستەمیش هەمووکاتێک بەدوای نوێگەریدا دەگەڕێ، واتا بەبەردەوامی بیر لەو میکانیزمە نوێیانە دەکاتەوە کە پێشتر پەی بە جێبەجێکردنیان نەبراوە، خەسڵەتێکی سەرەکی دامەزراوەش بریتییە لە "پێشبینی و دونیابینی بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری باشتر لە قۆناغەکانی پێشخۆی ".(سدیق، 2007،لا89)"

هەروەها "موریس هوریو"ش لەبارەی دامەزراوەوە دەڵێت "دامەزراوە" بەمانای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دێت کە ملکەچە بۆ چوارچێوەی بەڕێوەبردن و سوود لە هێزی دەسەڵات وەردەگرێ و ئیشدەکات بۆ مانەوەی خۆی.(حلوي، 2004، ص54).

بەڵام زۆرینەی ڕاکان کۆکن لەسەر ئەوەی "دامەزراوە" کتومت لە پێکهاتەی جەستەی مرۆڤ دەچێت، پێکدێت لە کۆمەڵێک تۆڕی دەمارو ئامرازی هەناسەدان و خانەکانی پێکهاتەی فسیۆلۆژی، کە هەمووان پێکەوە دەتوانن کائینێکی چالاک لەسەر پێیەکانی خۆی ڕاگیر بکەن، هەر جۆرە شکست و خاوبوونەوەیەک لەهەریەک لە پێکهاتەکانی جەستەدا پێتە پێش کاریگەری دەبێ لەسەر کەوتن و لاوازبوون و نائەکتیڤبوونی خودی دروستکراوەکە.(شفیق،2015، ص24).

### 3-3جۆرەکانی دامەزراوە

دامەزراوەکان ئەگەر لەناو کایەو بوارەکاندا پۆلێن بکرێن لق و پۆپی زۆریان لێدەبێتەوە، بەڵام بەگشتی ئەگەر بمانەوێ هەر قسەیەک بکەین لەبارەی دامەزراوەکانەوە دەبێ دوو کۆمەڵەی سەرەکی بهێنینە بەردیدی خۆمان، بەومانایەی دامەزراوەکان دابەش دەبن بەسەر دوو کۆمەڵەی سەرەکیدا: (ڕەفیق،چاوپێکەوتن،2022).

**-کۆمەڵەی یەکەم:**

لە کۆمەڵەی یەکەمدا چەند دامەزراوەیەک لەخۆی دەگرێ کە بەستراونەتەوە بە یاساو ڕێنماییەکان، لەوانە: "دامەزراوە حکومییەکان، دامەزراوە مەدەنییەکانی وەک ڕێکخراوەکانی

کۆمەڵی مەدەنی و میدیاکان، کۆمەڵە پیشەییەکان"، کە بە کۆمەڵەی یەکەم دەوترێ دامەزراوە قازانج نەویستەکان.

**-کۆمەڵەی دووەم:**

کۆمەڵەی دووەمی دامەزراوەکان لەو کۆمەڵانە پێکدێن کە بەشێکیان ئازادانەتر کاروبارەکانیان ڕایی دەکەن و پێشیان دەگوترێ کۆمەڵە قازانج ویستەکان، لەوانە:

" کۆمپانیاکان، بانکەکان، سوپەرمارکێتەکان، چێشتخانەکان، نەخۆشخانەکان، دەرمانخانەکان."

سەرەڕای ئەم دوو کۆمەڵەیەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکردن، زانستی کۆمەڵناسیش بازنەی دامەزراوەکانی فراوانتر نیشاندەدات و پێیوایە کە (خێزان و مزگەوت و کڵێسا)کانیش دامەزراوەن، چونکە لە چوارچێوەیەکی بەسیستەمکراودا کاروبارەکانی خۆیان ڕێکخستووە.

**4-3:ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە بواری ژن**

وشەی کۆمەڵگای مەدەنی لەزمانی ئینگلیزی بەمانای" "civil Society و لەزمانی فەرەنسیش بەمانای"Civil Societe " ەوە دێت. وشەی Civis لە زمانی لاتینیەوە هاتووەو لەسەردەمانی کۆندا وەک شوناسێکی سیاسی بۆ گوزارشتکردن لە " کۆمەڵگەی هاولاتیان"ەوە بەکاردەهات https://www.ngosource.org .

بەگوێرەی یاسای ژمارە(1)ساڵی 2011، یاسای ڕێکخراوە ناحکوومیەکان لە هەرێمی کوردستان هاتووە، ڕێکخراوی نا حکوومی، کە کۆمەڵێک کەسی ئاسایی، یان مەعنەویی،بەگوێرەی حکوومەکانی ئەم یاسایە خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە و هەوڵ بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجێک دەدات، کە دابەشکردنی قازانجی تێدا نییە.

سایتی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکوومیەکان،(https://gov.krd/dngo/publications)

کاروئەرکی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوە: فشار هێنان بۆ سەر حکومەت و کەرتی تایبەت، لە پێناو وەڵامدانەوەی داواکاری و دابین کردنی مافە گشتیەکان داواکاری هاولاتیانەوە، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان لە پێناوی بەشداری کردنی کاراوچالاک لە کاوروبارەکانی پەیوەست بە ژیان وگوزەرانیانەوە.(ئاژگەیی، 2019،سایتی ئاوێنە).

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بە دەسەڵاتی پێنجەم لە ڕیزیبەندی دەسەڵاتەکان دادەنرێت،

لە دوای شەری یەکەمی جیهانی و لە ساڵی 1919 بۆ یەکەمین جار مێژوو، یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ئەستەنبوڵ دامەزرێنراوە. کۆمەڵێ لە هاوسەرانی گەورە پیاوانی نێودار و رۆشنبیر و کاربەدەستی کورد لە بەهاری 1919 دا کۆمەڵەی پێشخستنی ژنانی کوردیان (Kurt Kadinlari Teali Cemiyeti) لەو شارەدا دامەزراند. ئەم کۆمەڵەیە لە سێبەری کۆمەڵەی پێشخستنی کوردستاندا(Kurdistan Teali Cemiyeti) ، کە زوربەی هەرە زۆری سەرکردە بەنێوبانگ و رۆشنبیرە کوردەکانی ئەو سەردەمەی لە ریزەکانی خۆیدا کۆ کردبوە، سازکرا و دەست بەکار بوو. ئەنجووم خانمی هاوسەری موستەفا پاشای یامولکی سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە و لە شەوی مەولودی ئەو ساڵەدا وتارێکی بە نێوی کۆمەڵەکە و ژنانی کوردەوە پێشکەش کردووە. دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە لەم سەردەمە زووەی مێژووی ڕێکخراوەییدا لە نێو کورداندا هەنگاوێکی سەرنج راکێشە.(ئەحمەد،1991، لا 216 – 222).

یەکەمین سەنتەری مەدەنی لەبواری ژنان، سەنتەری خاتووزین بووە، لە هەولێر لە ساڵی 2000 دامەزراوە مۆڵەتی لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، چونکە ئەوکاتە مۆڵەت لە وەزارەتی ناوخۆ بۆ ڕێکخراوی ناحکوومی وەردەگیرا.

ڕێکخراوی ئاسوودە لە ساڵی 2000 دامەزراوە یەکەم ڕێکخراوە کە زۆر بە ڕوونی لەنێو ستراتیژییەتی ڕێکخراوە ئاماژەیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و بایەخدان بە جێندەر کردووە.

بەگوێرەی دوایین ئامار کە لە بەشی تۆمارکردنی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکوومیەکان وەرگیراو، لە هەرێمی کوردستان(5121) ڕێکخراو تۆمارکراوە، لەنێوانیاندا نزیکەی (380) ڕێکخراو بەناوی ڕێکخراوی ژن تۆمارکراوە، بەرپرسی تۆمارکردنی ڕێکخراوە ناحکوومیەکان ئەوەشی خستەڕوو: بەشێک لە ڕێکخراوەکان لەپاڵ چەمکی ژن هەندێ بوار و ناوی دیکەیان بۆ زیادکردووە بۆیە مەرج نییە هەموو ئەو ڕێکخراوانەی بەناوی ژن تۆمارکراون کار لە بواری ژن بکەن .

جیاکردنەوەی چەمکەکانی مافی مرۆڤ و ڕەگەز مومکین نییە، چونکە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی نادروست بۆ یەکسانی ژن و پیاو لە مافەکانی مرۆڤدا دابین دەکات هەروەها لەبەیاننامە و پلاتفۆرمی 1995ی پەکین بۆ کار لە برگەی یەکەمی بەیاننامەکەی ئەرکەکەیدا هاتووە کە " یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان بابەتێکی مافی مرۆڤە و مەرجی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە و هەروەها پێویستییەکی پێویست و پێویستە بۆ یەکسانی و پێشکەوتن و ئاشتی.(Yeldiz,2004, p.60).

### 3-5: کاریگەری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لەسەر پرسە جێندەرییەکان لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردیدا دەیان جیاکاریی و ناڕەوایەتی هەیە. ئەمەش هۆیەکەی بۆ دوورکەوتنەوە لە بەهای مرۆیی و هاووڵاتێتیی دەگەڕێتەوە، بەجۆرێک، لە ڕێگەی چەندین پێودانگی کۆمەڵایەتییەوە پلەی مرۆڤێک لە یەکێکی تر باڵاتر و مرۆڤێک بەڕێزتر و خاوەن مافتر و پارێزراوترە لە مرۆڤێکی تر.

لە نێویاندا پێودانگی ژنێتی و پیاوێتی بووەتە مایەی جیاکاریی جێندەریی و سیستەمێکی پلەبەندی وای دروستکردووە، کە پیاو لە سەرەوەی هەڕەمەکەیە و ژن لە بنکەکەیدایە.

لە پلەی سەرەوەی دەسەڵاتەکاندا لە هەرێمی کوردستاندا، لە نموونەی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران، دیوەخانی کاراکتەرە سیاسییەکان، سەرۆکی پارتە سیاسییەکان، سەرۆک عەشیرەتەکان، پارێزگارەکان، سەرمایەدار و بازرگانەکان، مامۆستایانی ئایینی، فەرماندە سەربازییەکان و تا دوای، جێگەی بەتاڵی ژنی تێدا دیارە. واتا لەو شوێنانەدا کە بڕیارەکانی تێدا دەدرێت و سیاسەتەکانی تێدا دادەڕێژرێت و باوەڕەکان ڕەنگرێژ دەکرێت جێگە و پێگەی ژن تێیدا تەنگ و بە نرخی نەبوونە.

بەشێکی زۆر لە دامەزراوە گرنگەکانی کۆمەڵگە لە دەستی پیاواندایە، هەموویان موڵکی نێرینەن، وێڕای ئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ژن و پیاوی بیروباوەڕی فێمینیستیی و ڕێکخراو و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هەن داکۆکی لە مافەکانی ژنان دەکەن و درک بەو ستەمە دەکەن کە بەسەر ژن سەپێندراوە؛ بەڵام گۆڕانکاری کراوە و ململانێش هەیە لەبەرامبەر کارکردن لەسەر پرسی جێندەر.

"گۆرانکاری گەورە لە کوردستان روویداوە و دوای راپەرینی 1991، یاسای تایبەت بە خێزان و ژنان هەیە و رێکخراوەکانی ژنانیش گۆڕانکاری گەورەن لە پرۆسەی دیموکراسی، پێویستە خەڵک ئەو راستیەش بزانێ رێکخراوەکان بەشێک نین لە حکوومەت ئەوان پلان و بەرنامەی خۆیان هەیە بۆ گەشەپێدانی دۆزی ژن".چاوپێکەتن،د.کاوە محموود، راستەوخۆ،2022)

بەگوێرەی ئاماری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان،140 ژن بەرپرسیارێتی کەناڵە جۆراوجۆرەکانی دامەزراوە و رێکخراوەکان دەکەن، ژمارەی ئەندامانی سەندیکا 8870 ئەندامە، لەنێو ئەم ژمارەیە 1715 ژنن .

کەمتەرخەمیو لاوازی بایەخدانی دەزگاکانی راگەیاندن بە رۆڵ و پێگەی ژنان لە میدیادا لە لایەکو کەمی رێژەی ژنان لە ناوەندی بڕیارسازیو سەرجەم ئۆرگانەکانی راگەیاندن بەگشتی، کەمیی رەخساندنی دەرفەت لە بەردەم ژنانی میدیاکاردا، قەتیسکردنی ژنانی میدیاکار لە نێوەندی کارە رووکەشیو لاوەکییەکانی هەن، سەیرکردنی ژنان وەک جەستەو

سێکس و مێینەیەک زیاتر وەک لە توانا و لێهاتووییان وەک مرۆڤ، پێشێلکردنی مافەکانی ژنان لەلایەن کەناڵەکانی راگەیاندنەوەو متمانە نەبوون بە عەقڵو هزرو توانای ژنان بەگشتی لە لایەکی تر، هەموویان هۆکار یان گرفتی تری سەرەکی ژنانن لە نێوەندی کەناڵەکانی راگەیاندندا.(رحمان،2018،لا25)

کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی، بەتایبەتی گشتییەکانیان تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی لەبەر بنەمای هزری و پرۆژەی یەکسانیخوازییەوە کار لەسەر پرسی ژن بکەن. بەشێک لەوانە مەبەستییان لە وروژاندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە ژنان و توندوتیژییەکانی دژی ژن تەنیا سەرنجراکێشانی خوێنەران و رەواجپێدانی بڵاوکراوەکانیانە، چونکە بە هزرێکی ژنانەوە ناڕواننە پرسی ژن و دواجار راگەیاندنکارەکانیان رۆڵەی گۆشکراوی هزری پیاوسالارانەی باوی کۆمەڵگەن و تا ئێستا زۆرێکیان نەیانتوانیوە لەو تەوقەی بەندوباوی کولتووری کۆمەڵایەتی پیاوسالارانە رزگار بن.

لە کۆی گشتی خاوەندارێتی کەناڵە بینراوەکانی کوردستان کە 158 کەناڵە، تەنها سێ ژن خاوەنداریتی کەناڵە بینراوەکان دەکەن. کە رێژەیەکی زۆر نا یەکسانە، ناتوانین بەهیچ تیۆر و بواریک هەلسانگاندنی بۆ بکەین.(توێژەر).

## باسی سێیەم

## جوڵانەوەی فێمینیزم (Feminism) لە جیهان و کوردستان

فێمینیزم (Feminism) وشەیەکی لاتینیە لە وشەی فیمینا (Feminia) هاتووە کە بە واتای ژنە، ئەم زاراوەیە لە زمانی ئینگلیزی لە جیاتی زاراوەی (Womanize) بەکارهاتووە.

کەواتە جێندەری(Female) یش هەر لەو وشەیە هاتووە کە بەمانای (مێ) دێت. کەواتە لە بنەمادا دەکرێ وشەی (Female) لە فیمیلیزم (Femalesm) هاتبێت. (بەرزنجی، 2006،لا11).

فێمینیزم وەک ڕەوتێک بۆ داواکردنی مافەکانی ژن سەرەتا لە فەرەنساوە سەری هەڵداوە. وەک چەمکیش یەکەمجار لە فەرەنسا لەسالآنی 1880 یاخود هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم دەرکەوت، پاشان لە بەریتانیا لەساڵی 1890، دواتر لە ئەمریکا لەساڵی 1910 و سالآنی دواتریش پەرەی سەند. وشەی فێمینیزم وەک چەمکێکی سیاسی بۆیەکەمجار ساڵی 1890 لە ژمارە (1)ی ڕۆژنامەی (La frowned) لەلایەن (Marguerite Durand) بەکارهاتووە.

فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی لە ساڵی 1894 وشەی فێمینیزم و لەساڵی 1895 وشەی فێمینیستی خستە نێو لیستەکانیەوە. پێش ئەوکاتە بەگشتی زاراوەی (مافەکانی ئافرەت) بەکاردەهێنرا.(سولتانی، 2011، ل89)

فێمینیزم واتە زانستی ژنناسی بەمانای ئەو میکانیزم و فاکتەرەیە کە بەشێوەیەکی زانستی خەبات دەکات بە ئامانجی مافەکانی ژن. یاخود ڕزگارکردنی ژن و بەرگری لە مافەکانی دەگەیەنێت، بەرگریش دروست نابێت بەبێ هێز، هێزیش نایەتە ئاکام بەبێ پرسێکی سەردەم. کەواتە فێمینیزم دروست بوو لە پرسیاری سەردەمەکان بەرامبەر بە مافەکانی ژن و، هەوڵدان بۆ گەیاندنی ئەو پرسیارانە بۆ ئاستێکی باڵا بۆئەوەی کاریگەریی لەسەر گوێی کاسی ئەو مرۆڤ و فاکتەرانە بێت کە نایانەوێت گوێیان لەو پرسیارە چارەنووسسازە بێت.(شێخانی،2022،ل46)

فێمینیزم ئەو ڕەوتەیە کە لەچوارچێوەی گروپێکدا خۆی ڕێکخستووە بۆ چوارچێوەی وشەیەکی زانستی بەمەبەستی گەیاندنی خواست و مافی ژنان لە کەنارەوە بۆ سەنتەر.(عبدوللا، 2007، ل53).

فێمینیزم بزوتنەوەیەکی ڕێکخراوە، ئامانجی بەدیهێنانی ئازادی و مافەکانی ژنانە، بۆبەدەستهێنانی مافەکانی دەخوازن گۆڕانکاری لەبونیادی دامەزراوە کۆمەلایەتیەکان بکەن.

فێمینیزم شۆڕشێکە دژی پەراوێزخستنی ژنانە لەبوارەکانی ژیاندا، هەوڵ دەدات بۆ سەلماندن و بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکانی ژیان. ئەم بزوتنەوەیە

فره ئامانج و ڕەوتە تێدەکۆشن بۆ لەناوبردنی ئەو خراپە و ستەمانەی کە دژ بە ژن دەکرێت و دەخوازن بۆ نەمانی کۆمەڵگەیەک کە ڕەگەزی نێر سەردەستە و ژن لێی دەچەسێتەوە. (ساڵح، 2005، لا22)

ئایدۆلۆژیای فێمینیزم بە پشت بەستن بە بەڵگەی مێژوویی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ژنان لە هەموو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بەدرێژایی مێژوو بەشێوەی جیاواز لەلایەن کۆمەڵگەی پیاوسالاریەوەی توندوتیژییان لەگەڵ کراوە. مەبەست لەپیاوسالاریدا ئەم شێوە ڕوانگەیەیە کە پێیوایە ژن لەباری سروشتییەوە بۆ ئەوە دروست کراون کە ژێردەستەی پیاوبن و پیاو ڕێگەی پێدراوە هەموو دەسەڵاتێک بەسەر ژندا بچەسپێنێت و بڕیاری بەسەردا بدات و ژنیش ملکەچی فەرمانەکانی پیاوبێت، بەهۆیەوەش لاسەنگی دێتە ئاراوە. لاسەنگی بەواتای نایەکسانی دێت. نایەکسانیش واتە هەبوونی پرس و دۆز و کێشەیەک کە پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە، چارەسەرکردنیش پێویستی بە هەوڵ و خەبات و شۆڕش و تێکۆشان هەیە. فێمینیزمیش وەک ڕەوت و شۆڕشێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ستەم و نایەکسانیە دروست بوو و سەری هەڵدا.

دەستەواژەی فێمینیزم دەکرێت بۆ وەسفکردنی بزوتنەوەی سیاسی، کلتوری یان ئابوری بەکاربهێنرێت کە ئامانج لێی بەدەستهێنانی مافی یەکسان و بەرگریکردن بێت لە ئافرەتان.

فێمینیزم ئاوێتەی تیۆرەکانی سیاسەت، کۆمەڵناسی و فەلسەفە دەبێت لەبوارەی کە بایەخ بە جێندەر دەدەن، وەک چۆن ئاوێتەی ئەو بزوتنەوانە دەبێت کە بەرگری لەمافی جێندەری یەکسان دەکەن بۆ ژنان و ئەو هەڵمەتانەی بۆ بەرژەوەندی و مافەکانی ژنان دانراون و دامەزراون.(گۆران، 2008، لا10)

ئەگەرچی دەستەواژەکانی "فێمینیزم" و "فێمینیست" تا ساڵانی حەفتاکان زۆر بڵاو نەبوون، بەڵام لەزمانی ڕۆژانەی گشتیدا پێشتریش بەکاربراون، بۆنمونە کاترین هێبورن لە ساڵی 1842 لەفیلمی ژنی ساڵ دا باسی بزوتنەوەی فێمینیزم دەکات. (قەرەداخی،2018، لا34).

### 1-3: فێمێنست کێیە؟

فیمێنیست مرۆڤی ژنناسە، کەسانی مرۆڤ دۆستن، ئەو مرۆڤەیە دەزانێت کەوا پێویستی بە پەیمانی کۆمەڵایەتیی نوێ هەیە، لەچوارچێوەیەکی مەعریفیانە، ئاشتیخوازانە و مرۆڤانە بۆ پێناسەکان دەگەڕێت. ئەو مرۆڤەیە دەزانێت ژن هەتا پێناسەی خۆی دیاری نەکات ناتوانێت پێناسەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری بۆ کەسانی دیکە نیشان بکات و هەوڵی فەراهەمهێنانی بدات. پێناسە نیشانکردنیش لە ناسینی خودەوە سەرچاوە دەگرێت وەکو ئەوەی مرۆڤێک چۆن خودی خۆی دەناسێ؟! و چۆن خودی خۆی دەناسێنێت؟! پاش هەردوو تەوەری ناسین چۆن گوزارشت لەو ناسنامەیە دەکات. (سالح، 2005، لا22-23)

### 2-3: قۆناغ و شەپۆلەکانی تێپەڕینی هزری فێمینیزم

فێمینیستەکان و لێکۆڵەرەوان مێژووی ڕەوت و بزوتنەوەی فێمینیزمیان دابەشکردۆتە سەر سێ قۆناغ و شەپۆل کە ئەمانەی خوارەوەن: (شەریفی 2015، لا 321).

### 3-3: شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم

ئەم قۆناغە دەکەویتە نێوان سالانی (1850-1960) کە بە قۆناغی مێژووی سەرهەڵدانی فێمینیزمی لیبڕال، فێمینیزمی مارکسیست، سۆسیال فێمینیستەکان ناسراوە. کە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی چالاکییە فێمینیستیەکان و درێژکراوەی چالاکیەکانی ژنان لەسەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەشێوەیەکی سەرەکی جەختی کردەسەر بەدەستهێنانی مافەکانی ئافرەت لەنێو هەڵبژاردنەکاندا (واتە ئافرەت مافی دەنگدان و خۆ کاندیدکردنی هەبێت).

هەروەها هاندان و هەوڵەکان بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسان بوون لەنێوان ئافرەتان و پیاواندا لەبواری مافی بەڵێننامەکان، مافی خاوەندارێتی لەمولک و ماڵدا، قەدەغەکردنی هاوسەرگیری زۆرەملێ. (بەرزنجی،2006، لا51)

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، چالاکوانان جەختیان دەکردەوە لەسەر بەدەستهێنانی مافە سیاسیەکان و گەیشتنی ژنان بوو بۆ ناوەندەکانی سیاسەت و بڕیار. بەتایبەتی

بەدەستهێنانی مافی بەشداریکردن لە دەنگدان و خۆپالاوتن لە هەڵبژاردنەکان. لەنێو ئەو ئافرەتانەی کە لەو سەردەمەدا چالاکبوون (ڤۆڵتارین دی کلێر، مارگەریێت سەنگەر) هەڵمەتی بەدەستهێنانی مافە سیاسی و ئابوریەکانی ئافرەتانیان ڕێکدەخست. لەساڵی 1854 فلۆرەنس نایتینگال ڕێکخراوی پەرستارانی ژنی دامەزراند و بەسوپاوە گرێدران.

لەبەریتانیا زۆر چالاكتر و کاریگەرتر چالاکیەکان بۆبەدەستهێنانی مافی دەنگدا دەستی پێکرد، داواکاری ئافرەتان بۆ دەنگدان هیچی دیکە نەدەتوانرا پشتگوێ بخرێت، یاسای نوێنەرایەتی خەڵک لە شوباتی ساڵی 1918 دەرچوو، گەرەنتی ئەوەی کرد کە ئافرەتی تەمەن سەرووی 30 ساڵ کە خاوەنی خانوویەکن، مافی دەنگدانیان هەبێت. دواتر یاساکە لەساڵی 1928 مافی دەنگدانی بە پیاو و ئافرەت یەکسان کرد و ئەم مافە بۆ هەموو ئافرەتانی تەمەن 21 ساڵ و سەرووتر دەستەبەرکرا. یەکەم هەڵبژاردن لە مانگی دوانزەی هەمان ساڵ ئەنجامدرا، چاکسازییەکانی هەڵبژاردن و دەنگدان ڕێگەی بە ئافرەتان دا خۆیان بۆ پەرلەمانیش هەڵبژێرن.

هاتنەدی ئەو مافەش زۆربەی لەبەر ڕۆڵی ئافرەتانی بەریتانی بوو لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، کە وەک کۆشسکارانی بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی ئافرەتان ناوزەد دەکرێن.(هەمان سەرچاوە،2006، لا55)

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، سەرکردەکانی ئەم بزوتنەوەیە بریتی بوون لە ئیلیزابێس کادی ستانتۆن و سوزان بی ئەنتۆنی، کە هەریەکە هەڵمەتێکیان گێرا بۆ هەڵوەشاندنەوە و بنبڕکردنی کۆیلایەتی پێش ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بدەن بۆ ئافرەتان. سەرکردە گرنگەکانیتر بریتی بوون لە لوسی ستۆن و ئۆلۆمپیا براون و هێلین پیتس. لە شەپۆلی یەکەمی فێمینیزمی ئەمریکی ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان بەشدارییان تێدا کرد، ئەم شەپۆلە وادادەنرێت لەسەرەتای دانانی دەستوری ئەمریکا لەساڵی 1919 کۆتایی هاتبێت، چونکە لەستوردا مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ ژنان لەسەرتاسەری وڵاتدا چەسپێنرا.(سدیق، 2007،لا19).

**3-4: شەپۆلی دووەمی فێمینیزم**

ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان سالانی (1960-1990) تیایدا بیرۆکەی ڕادیکال فێمینیست سەریهەڵدا. شەپۆلی دووەمی فێمینیزم بریتییە لە قۆناغی چالاکیەکانی سەرەتاکانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تا کۆتاییەکانی هەشتاکان.

شەپۆلی دووەمی فێمینیزم نایەکسانییە کەلتوری و سیاسییەکان بە دوو ڕووی یەک دراو وەسف دەکرد. بزوتنەوەکە هانی ئافرەتانی دەدا لە ژیانی تایبەتی و کەسییەکانی خۆیان بگەن کە بە سیاسەت کراوە، هەروەها ژیانیان ڕەنگدانەوەی پێکهاتەیەکی ڕەگەزی دەسەلاتە.

ئەگەر شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم جەختی کردبێتە سەر مافە ڕەهاکانی ئافرەت وەک مافی دەنگدان، ئەوا شەپۆلی دووەمی فێمینیزم زۆر بایەخی بە پرسەکانی دیکەی وەک یەکسانی و کۆتاپێهێنانی جیاکاری دەدا.

لێکۆڵەر ئەمێلدا ویلهان وای دادەنێت ئەم شەپۆلە بەردەوامی شەپۆلی یەکەمی فێمینیزمە کە لە ئەمریکا و بەریتانیا بزوتنەوەی مافی دەنگدانیان دەست پێکرد. شەپۆلی دووەمی فێمینیزم تا دەستپێکی ناولێنانی قۆناغی شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم درێژەی هەبوو. لێکۆڵەر ئێستیل فرێدمان بەراوردی شەپۆلی یەکەم و دووەمی فێمینیزم دەکات کە جەختیان لەسەر بزوتنەوەی مافەکانی دەنگدان دەکردەوە، هەرچی شەپۆلی دووەمە جەختیان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی نایەکسانی لە مافە کلتوری، کۆمەلایەتی و سیاسیەکان دەکردەوە.(ئەکرەم،2019، لا56).

لەکتێبی "لوغزی مێینە"ی بێتی فرێدان لە ساڵی 1963، ڕەخنە لەو تێڕوانینە گیراوە کە ژن تەنیا لەچوارچێوەی ماڵ و ماڵداری و منداڵداریدا قەتیس بکرێت.

دەستەواژەی "ئازادی ژن" یەکەمجار لە ئەمریکا لەساڵی 1964 بەکارهات، لەساڵی 1966 لەچاپەمەنیدا بەکاربرا.

**3-5: شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم**

شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم لەسەرەتای ساڵی نۆهەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکرد و تائێستاش بەردەوامە، قۆناغی سەرهەڵدانی پۆست فێمینیستیە و توێژینەوە دەکەن لەسەر دۆزینەوەی وەڵام بۆ پاڵنەر و هۆکارەکانی دروستبوونی نایەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا بەدرێژایی مێژوو.

شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم وەک وەڵامدەرەیەکی ئەو داخوازییانەی کە شەپۆلی دووەمی فێمینیزم نەیتوانیبوو بەدی بهێنێت. وە هەوڵی خۆبەدوورگرتنی دەدا لەو پێناسە جەوهەرییانەی کە شەپۆلی دووەم دایانبوو بۆ مێیەتی کە جەختی دەکردەوە لەسەر ژنانی چینی سەرەوە و ناوەڕاست لەسپی پێستەکان.

شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم لەناوخۆیاندا گفتوگۆیان دەکرد لەبارەی جیاوازی نێوان جۆرەکانی فێمینیست، وەکو دەروونناس کارۆل گیلیجان کە باسی جیاوازی زۆری دەکرد لەنێوان پیاو و ژن.

ئەو سەرکردە فێمینیستانەی کە ڕەگییان لەنێو شەپۆڵەکەدا داکوتابوو وەک گلۆریا ئەنزالدوا و بێل هوکس و چیلا ساندوڤل، چێری مۆراگا و ئۆدری لۆرد و ماکسین هۆنگ و گەلێک فێمینیستی دیکەی ڕەنگ جیاواز(Tong R, 1992,p30) .

فێمینیستەکانی سەر بە شەپۆلی سێیەم لە چەندین پێشینەی جۆراوجۆرەوە هاتوون لە چەندین چین و کەلتوور و جێندەر و سێکسی جیاجیاوە هاتوون، هەندێکیان پێیان باشتربوو ناو لەخۆیان نەنێن فێمینیست، چونکە وشەی فێمینیست بە هەڵە لێک دەدرایەوە وەک زاراوەیەکی تایبەت یان ئەوانەی ڕقییان لە پیاو دەبێتەوە یان بەقسەی چەند ڕەخنەگرێک. زاراوەکە واتە بژاردەیەک (نوخبە) دەگەیەنێت. (قەرەرداخی،2008، ل78).

### 3-6:جوڵانەوەی فێمێنیزم لە کوردستان

لە سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، لە پێناو بە دەستهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و وڵاتێکی ئاوەدان، بەبێ جیاوازی لەنێوان ژن و پیاو، ئەوە لە دوای ئەوە سەرەڕای هەبوونی هەموو جۆرە سەرکوتکارییەک بەرامبەر بە

نەتەوەکەمـان، دوور لـە هەمـوو شـێوازێکی مرۆڤانـە هەر لـە ئەنفـال و کیمیاباران و وێرانکردنـی دێهاتەکان و برسـیکردن و قەڵاچۆکردن و بەعەرەبکردن و پاکتـاوی ڕەگـەزی... هتـد. شـۆڕش بەردەوامبـوون لـە قوربانیدان، ژنان بەشـێکی سـەرەکی بـوون لەو خەبـات و فیداکارییە چ لە شاخ، چ لە ڕێگای ڕێکخستنەوە.

ژنان ماندوونەناسانە تێکۆشاون بۆ ئازادی کوردستان، لەهەمان کاتیشدا سەرکردایەتی سیاسی کورد درکی بە هێز و توانـای ئەم چینە بەرچـاوەی کۆمەڵگا کردووە و بۆ بەرز نرخاندنی پێگەیـان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان و ژنان لەنێو پارتە سیاسـییەکانی کوردسـتاندا دامەزراوە، بۆ داکۆکیکـردن لـە مافـە ڕاەواکانـی نەتەوەکەمـان بـە گشـتی و ژنان بە تایبەتی خەبـات بـەردەوام بـوو تـا ڕاپەڕینەکـەی بەهـاری سـاڵی ١٩٩١ی باشـووری کوردسـتان و دروسـتبوونی بـەرەی کوردسـتانی بـۆ بەڕێوەبردنی کوردستان تا هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ و دامەزراندنی پەرلەمـان و پێکهێنانـی خولـی یەکەمـی پەرلەمـان و کابینـەی یەکەمی حکومەتـی هەرێـم، خەباتـی ژنان لە شـاخەوە گوێزرایەوە بۆ شـار و لەگـەڵ بەرگریکـردن لـە نیشـتیمان و نەتەوە ئەرکی سەرشـانی زیاتر بوو، ئەمەش هەوڵدان بوو بۆ بەرگریکردن و بەدیهێنانی مافی ژنان و بەگەڕخستنی تواناکانیان و چەسپاندنی پێگەی ڕەگەزی مێ لە گشت بوارەکانی ژیاندا.(ڕێکخراوی ئێمە،2020، لا31).

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕێکخراوەکان هەوڵ و کۆششـیان خسـتەگەڕ سـەبارەت بە داکۆکیکردن و تواناکانی ژنـان لـە ڕووی فێرکـردن و پێگەیانـدن و ئاشـناکردن بـە ئـەرک و مافەکانیان و خستنە ڕووی توانا و بەگەڕخستنیان لە گشت بوارەکانی ژیاندا، جۆری چالاکی ئەم ڕێکخراوانە بریتی بوو لە کۆڕ و سیمینار و کردنەوەی خولی جۆراوجۆر و پرۆژەی جۆراوجۆر، ئەم بوارانەی کە کاری لەسەرکراوە وەک:

-یاساکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان، ژنان و بەشداری سیاسی و کارگێڕی، دەزگاکانی تایبەت بە پرسەکانی ژنان، بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا، بواری تەندروستی، بواری

کۆمەڵایەتی، بواری کار و وەبەرهێنان، بەشداری ژنان لە پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، شانازییە نەک لەبەر ئەوەی کە ئەوان بە دەنگەوەهاتوون بۆ پێدانی مافە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسییەکان بە ژنان، بەڵکو وایان کرد کە ژن ئەو مرۆڤەیە کە مافی ژیانی هەیە و هاوسەرگیری بکات، دەنگ بدات و بڵێت نەخێر هەرکاتی دەیەوێت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەو چالاکیانەی ژنان توانیویەتی وا لە ژن بکات کە باوەڕی بە بوونی خۆی هەبێت وەک پیاو.(ڕێکخراوی ئێمە،2020، لا36).

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە لە سەرەتای دروستبوونی حکومەتی هەرێمەوە کوردستان بە چەند بارودۆخێکی جیاوازدا تێپەڕیوە، بێگومان بارودۆخی ژنانیش لەو نێوەندەدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بە پێی ئەو قۆناغە، کە دەکرێت لەو سۆنگەیەوە شیکارییەک بۆ پرسی ژنان بکەین سەبارەت بە هەنگاوەکانی بەرەوپێشچوونی دۆخی ژنان و تەشەنەکردنی ڕۆڵیان لە ڕووی یاسایی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیی، تەندروستی، حکومەتی هەرێم لە ژێر ڕۆشنایی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی عێراق بەو پێیەی ئەندامە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لە نێو ئەو پابەندیانەیدا، پەسەندکردنی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لە نێویاندا ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژی ژنان، (سیداو و پلانی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان) لەو بوارەدا، بە لەبەرچاوگرتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی ئەم هەواڵانەی خستەگەڕ.(یەحیا، 2021، لا11)

**7-3:تیۆری فێمینستی میدیایی**

ئەم تیۆرە لەسەر دەستی پرۆفیسۆری هۆڵەندی لە چاندنی گشتی ڤان زۆنن گەشەیکردووە، لە توێژینەوەکەی تیشک دەخاتەسەر رەگەز و هەمەجۆری، سیاسیەت، کەلتووری جەماوەری، لەگەڵ میدیای دیجیتاڵ و کۆمەڵایەتی لە خوێندنەکانی فێمینسیتیدا.

ڤان زۆنن تیوری فێمینستی لە ساڵی 1994 تاقیکردەوە و یەکەم کەس بوو ئاماژەی بەوەکرد کە توێژینەوەی فێمینستی نەیبووە لە بواری خوێندنی میدیا، رەچاوی ئەوەی کرد کە بەشێوەیەکی سەرەکی تیۆرەکەی خۆی بە شەپۆلی سێیەمی فێمینیزمی دادەنێت. (عەبدوڵلا، 2007، لا90)

ڤان زۆنن ئەوەی بۆ دەرئەکەوێت کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان (ڕەگەز کلیشە، پۆرنۆگرافی وئایدیۆلۆجیا، پەیوەندی) دا هەیە، بەڵام هەر ئەو میدیایە بەکۆمەڵەیە کە دەبێتە هۆی زۆربوونی ڕەگەزی چاودێریکراو پێکهاتەی ناسنامە لە ڕیکلام و فیلم و تەلەڤزیۆن.

ڤان زۆنن تێگەیشتنێکی پۆست مۆدێرنیستی هەیە بۆ زانست وەک شتێک کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دروستکراوە و لە ئەزمونی کۆمەڵایەتیدا دروست کراوە. توێژینەوەی زانستی فێمینیستی هەمیشە سێ ڕوانگە لەخۆدەگرێت: تاک، کۆمەڵایەتی و کاریگەرییە کولتوورییەکان.

بۆ ئەوەی لە مانا جیاوازەکانی نێوەڕۆکی میدیا تێبگەن بۆ ڤان زۆنن، کەلتوور وەک "ڕێگاکانی ژیان" سەیر دەکرێت یان وەک ئەو قسە دەکات بۆ تیۆریست جۆن کۆرنۆر، "مەرجەکان و ئەو فۆرمانەی کە مانا و بەهایان لە نێو کۆمەڵگەیەکدا پێک هات و دروست کرا(https://guilsboroughschoolmedia.wordpress.com/) "

لێکۆڵینەوەکانی میدیای فێمینیستی جەخت لەسەر چۆنیەتی جێندەر دەکاتەوە لە نێو میدیادا پەیوەندی دەکرێت بۆ ڤان زوونێن " جێندەر ئەوەیە، ئەگەر نا، پێکهاتە گرنگەکەی کولتوور بە تایبەتی لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بەرهەمهێنانی مانا بە کۆمەڵەکانی میانگیری پێداچوونەوەیەکی مێژوویی بۆ لێکۆڵینەوەکانی میدیای فێمینیستی.

تیۆری فێمێنیستی وردییەکی بێمەرجی هەیە لەسەر شیکردنەوەی ڕەگەز وەک میکانیزمێک کە بونیادی ماددی و جیهانی ڕەمزی و جیهانی ئێمە ئەزموونەکانی ئەوان" (ڤان زۆنن،1994،لا56). چەندین ساڵە فێمینیستەکان ڕەخنە لە گۆڤارەکانی ژنان دەگێرن وەک ماڵپەرێکی بازرگانی زیادەڕۆیی ژنایەتی خزمەت دەکات، بۆ ڕاکێشانی ژنان بۆ ناو

کلتورێکی بەکاربەر لەسەر ئەو بەڵێنەی کە ئەو بەرهەمانەی دەیکڕن بۆ خۆیان کەم دەکەنەوە.

کاتێک تێڕوانینێکی فێمینیستی پیادە دەکرێت، بۆ ئاشتکردنەوەی ئەو چێژەی کە ژنان لێی وەردەگیرێن بەکارهێنانی گۆڤارەکانی ژنان، و دروستیی سیاسی دەورو بەری بنیاتنانەوەی هەژموونی شوناسی جێندەر ڤان زۆنن مشتومڕی کرد، کە گۆڤارەکانی ژنان وانەبێژن کە بە ژنان دەڵێن چۆن دایکێکی تەواو بن، خۆشەویست، ژن، ماڵ دروستکەر، بەخشندەیی جوان، سکرتێر - هەرشتێک گونجاو بێت لەگەڵ پێویستیەکانی سیستەمەکە.

فێمینیستەکانی ساڵانی 1970 ژنی دروستکراوی میدیایان بینی، ژن، دایک، خاوەن ماڵ،بابەتی سێکس وەک کەسێک تەنها هەوڵ دەدات بۆ پیاو جوان بێت.(رووف، 2010،لا30).

ڤان زۆنن هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە هەندێک ستراتیژ بۆ شیکردنەوە یارمەتیدەر نەبوون بۆ یەکسانی ئابووری، بە ئاماژەکردن بە ژنە باڵادەستەکەی ئەمریکا بواری ڕۆژنامەگەری کە دواتر بار و مووچەی کەمکردەوە ڤان زۆنن مشتومڕی ئەوە دەکات کە ئەم پێشکەوتنە پێچەوانەیە لە ئەنجامی کەموکوڕییەکان لە شیکردنەوەی میدیای فێمینیستی لیبراڵ و ڕادیکاڵ و سۆسیالیستدا کەموکوڕییەکان گرنگی بە چەمکی جێندەر دەدات وەک "پۆلێنێکی دووگیانی لەگەڵ مانای هاوڕەگەزخواز و جیهانی و پەیمانی میدیا جەماوەرییەکان بە ئامڕازبوون بۆ پێداویستییە کۆنترۆلەکانی هەر یەک لە کۆمەڵ و باوکسالاری وە کاپیتالیزم یان بە واتایەکی تر، شرۆڤەکانی تری میدیای فێمینیستی ڕەگەزیان بە دوانەیی و بە یەک مانا سەیر کردووە. ڤان زۆنن ڕەخنەکەی لە بەتلەر دەچێت.

هاوکێشەی ڤان زوونێن بۆ گریمانەیەکی تیۆری لە پێناسەی هاردینگ بۆ ڕەگەزەوە دەست پێدەکات "وەک پۆلێنێکی شیکەرەوە کە تێیدا مرۆڤ بیر لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانیان بکەنەوە و ڕێکبخەن، نەک وەک دەرئەنجامێکی سروشتی جیاوازی سێکس، یان تەنانەت

تەنیا وەک گۆڕینەرێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بۆ تاکی تاک بە شێوازی جیاواز لە کولتوورەوە بۆ کەلتوور" (هاردینگ، 2000، لا70).

ئەم چەمکی ڕەگەزە باس لەوە دەکات کە هیچ کەسێک پێناسە نەکراوە بە مانای جێندەر، بەڵام کە بە پێی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی یان مێژوویی دەگۆڕێت هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکات کە مانای ڕەگەز دەبێت لە بەردەوامی "ململانێ و دانوستانە دووبەرەکیەکان، دەرەنجامی هەبوونی تێکەوتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە دوورەکان" (ڤان زۆنن، 1994،لا78).

## بەشی چوارەم
## کردەنیینامەی توێژینەوەکە

**باسی یەکەم: ڕێککارەکانی کردەنیینامەی توێژینەوەکە**

**یەکەم: کورتەیەک لەبارەی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان**

**باسی دووەم: خستنەڕووی خشتەی زانیارییەکان**

**باسی سێیەم:چاوپێکەوتنی پسپۆرو شارەزایانی بواری میدیا لەبارەی ڕۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی**

**دەرئەنجامی توێژینەوەکە**

**ڕاسپاردەکانی توێژینەوە**

**پێشنیارەکانی توێژینەوە**

## بەشی چوارەم باسی یەکەم

## کردەنیینامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: کورتەیەک لەبارەی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان

### 1.بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان

بەرێوەبەرایەتیەکە لەسەرەتا بەناوی بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەسەر ئاستی دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێم لە ساڵی 2007 بە فەرمانی سەرۆکی حکوومەتی ئەو کات دامەزراوە(نێچرڤان بارزانی)دامەزراوە.

لە ساڵی 2010 کرا بە بەرێوەبەرایەتی گشتی و ناوەکەی گۆڕا بۆ (بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە خێزان و ئافرەتان)، لە ئێستا هەشت بەرێوەبەرایەتی هەیە، لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی حکوومەت، 28 نووسینگە و 1350 کارمەندی مەدەنی و سەربازی هەیە.لەسەر فۆرمێکی فەرمیی حکومی کاردەکەن، لەناو دامەزراوەی فەرمییدا دابەشکاری لەسەر بنەمای یەکسانی جێندەری زیاتر لە دابەشکاری پۆست و بەرپرسیارێتییەکاندا رەنگیداوەتەوە. (ئاری رفیق)/https://www.bgtakrg.org

### 2.ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان

ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان ساڵی 2011 دامەزراوە، یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی باڵای خانمان لە 15ی حوزەیرانی 2011 بوو، بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت و ئامادەبوونی شەش وەزیری کابینەکە: وەزیرانی: (پەروەردە، رۆشنبیریی، دارایی، ناوخۆ، ئەوقاف، داد).

ئامانجی دامەزراوەکە، تواناسازی ژنان و کچان و بەهێزکردنی بەشداریان لە پرۆسەی بنیاتنانی ئاشتی بەردەوام و بەشداریان لە پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا لە هەرێم و لەناوبردنی هەموو جۆرە شێوازێکی جیاکاری لەسەربنەمای جێندەری و کارکردن لە بەهێزکردنی کۆمەڵگە بەرامبەر مەترسییەکانی تیرۆر و ململانێیەکان. (د.خانزاد ئەحمەد)https://gov.krd/hcwa/

**3.یەکێتی ئافرەتانی کوردستان:**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە 1952 دامەزراو، لەسەرجەم پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگای کەرکوک و بەغداد، موسڵ و خانەقین هەروەها لە ئەوروپا ئەنجوومەن (۱۱) ناوەندیان هەیە، پرسی جیندەر پرسی سەرەکی رێکخراوەکەیانە لەبەرئەوەیە تەواوی فۆکەسی هەموو چالاکی و ریکلامێک دەبێت پەیوەست بێت جێندەر و یەکسانی. (ناسک سەعید). https://www.helinmedia.org

**4.یەکێتی ژنانی کوردستان**

یەکێتی ژنانی کوردستان، مەیدانی کارکردنی کوردستانی عیراق و ئەو شوێنانەی ژنانی کوردستانی لێیە، یەکێتی ژنان خەبات بۆ هۆشیارکردنەوە و هاندان و رێکخستنی ژنانی شار و گوند و هەندەران دەکات بەمەبەستی سازدان و خستنەگەڕی هێزو توانا و یەکگرتوویان لە پێناو بەدیهێنانی پرۆگرامەکەیان، یەکێتی ژنانی کوردستان لە ئاوارەیی دامەزراوە لە ساڵی 1989، یەکەمین کۆنگرەی خۆی دوای 10 ساڵ لە سلێمانی بەستووە.

یەکێتی ژنان خاوەن میدیاییەکی بەهێزە، لە ساڵی 1990 یەکەم ژمارەی گۆڤاری تەواری دەرکردووە، تا ئێستا 74 ژمارەی لێدەرچووە، رۆژنامەی ژیانەوە863 ژمارەی لێدەرچووە 74 پەرتووکی لەبواری ژن و بە پێنووسی ژن دەرکردووە.(کنێر عبدالله)https://tawar.org/

**5. رێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان**

لە ساڵی ١٩٩٢ دروستبووە و لە هەرێمی کوردستانی عێراق کاردەکات، ڕێکخراوی خوشکان ڕێکخراوێکی ئیسلامیە لە سە ربنەمای شە رع پەیڕە و کارنامە ی داڕشتوە، باوەڕیان وایە کە باشترین بەرنامە کە ئەتوانێت خزمەت بە کومەڵگەی مروڤایەتی بکات بەرنامەی ئیسلامە کە سیانزە سەدە پێش ئێستا داکوکی لە مافی مروڤ و مافی ئافرەت کردووە"هەوڵئەدەن کە بتوانین جێبەجێکارێکی باشی بەرنامەی ئیسلام بن بو ژیان، جێندەربە مە فهومی یە کسانی موتلەقی ژن و پیاو لای ئیمە رە فزە.(قومرییە بەرزنجی).

**6.ڕێکخراوی ئاسوودە**

ڕێکخراوی ئاسوودە لە ساڵی 2000 دامەزراوە یەکەم ڕێکخراوە کە زۆر بە روونی لەنێو ستراتیژییەتی ڕێکخراوە ئاماژە بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و بایەخدان بە جێندەر کراوە، لەسەرجەم شارە گەورەکان، ئۆفیسی سەرەکی لە سلێمانیە، وەک کۆمەڵگەی مەدەنی، ئاسوودە یەکەم ڕێکخراوی بواری جێندەر بووە، وە یەکێک لە مەرجەکان دەبێت بەرپرسی یەکەم ژن بیت و جێگرەکەی پیاو بێت وەک یەکسانی جێندەر. (خانم لەتیف).https://asuda.krd

**7. ڕێکخراوی ڕاسان**

ڕێکخراوی ڕاسان ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ناحکومی قازانج نەویستە، ئامانجی نەهێشتنی جیاکاری و جیاوازییە لەسەر بنەمای ڕەگەزی وفکری و نەریت و کەلتوور، هەروەها بۆ داکۆکیکردن لە مافی یاسایی و مەدەنی و ڕامیاری و ئابووری بۆ کچان وژنان، لە ساڵی 2004 لە سلێمانی دەستی بەکارەکانی کردووە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری (کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئابووری و بەهێزکردنی ئاستی رۆشنبیری)، لە 5ی حوزەیرانی 2004 ژمارە سفری رۆژنامەی(ڕاسان)، دەرکردووە، ڕۆژنامەیەکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تایبەت بە ژنان کە مانگانە دووجار دەردەچوو، بەردەوام بوو تا 2007 کە 265 ژمارەی لێدەرچووە، بەهۆی بڕینی بوودجە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژنامەی ڕاسان لە کارەکانی وەستاوە، دووم رۆژنامە بووە لە کوردستان تایبەت بووەلابە پرسی ژنان، دواتر کارەکانیان چڕکردەوە لە بواری هۆشیارکردنەوەی (ژنان و کۆمەڵگە) لەسەر مافەکانی ژنان لە یاساو دەستوری کوردستان-عیراق، بەهێزکردنی توانای ئابووری و دۆزینەوەی هەلی کار و هاندان و پاڵپشتیکردنی ئەو ژنانەی کە ئاستی ئابوورییان لاوازە، تەواوی چالاکییەکانی ڕێکخراوی ڕاسان بە هاوکاری ڕێکخراوە

نێودەوڵەتییەکان و کۆنسڵخانەی وڵاتان  لە هەرێمی کوردستان و عیراق ئەنجامدەدرێت. (تانیا کەمال).https://rasanorg.com/

**8.ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان**

ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان لە ساڵی 2007 دامەزراوە، لە 2013 وە خۆی گونجاند لەگەل یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لە فەرمانگە ناوی لە کۆمەڵەوە بوو بە ڕێکخراو، لە سەر ئاستی هەرێم لە زۆربەی شارو شارۆخکەکان کاردەکەین وەک(سلێمانی. دهۆک، هەولێر) چالاکیمان هەیە، لە گەرمیان، ئیدارەی راپەرین، شاری هەڵەبجە)، لە ریگەی گروپی(ژنان دەتوانن) کاردەکەن بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە ریگەی پرۆشەر و بەشداریکردن لە بەرنامە و کاریانکردووە بۆ هەمووارکردنەوەی یاسای ریکلامی کەناڵەکان بۆ ئەوەی ژن وەک کالاّ بەکارنەهێنن. (بەهار مونزر).https://chawyxelk.org/.

**9. ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی**

ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی لە 2008 دامەزراوە، سنووری کارکردنی هەرێمی کوردستانە، فۆکەسی کارکردنیان بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای رەگەز، بازارسازییە کۆمەڵایەتیەکانیان زیاتر لە رادیۆ بڵاوکردۆتەوە، تاڕادەییەکی باش پشت دەبەستن بە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بۆ کەمپەینەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان،لەماوەی ساڵی رابردوو (10) کورتە ڤیدیۆ بەرهەم هێناوە، وە لە مێژووی دروستبوونەوە تا ئێستا (120) بروشەری هۆشیارییان لەبارەی بابەتی یاساییەوە بەرهەم هێناوە. (شۆخان ئەحمەد). https://www.wola-ngo.org/

**10.ڕێکخراوی ئێمە**

ڕێکخراوی ئێمە وەک ڕێکخراوێکی نوێی مافی ژنە لە ساڵی 2013 لەلایەن چالاکوانان ژنانەوە دامەزراوە، کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەستی بە سەرهەڵدان کرد.

ڕێکخراوێکی ناحکومی فێمینیستە و بنکەکەی لە هەرێمی کوردستانە. ڕێکخراوی ئێمە لە ساڵی 2013 لەلایەن کۆمەڵێک چالاکی ژن و پسپۆڕ لە بوارەکانی یەکسانی جێندەری، یاسا، پەروەردە، تەندروستی و تەندروستی دەروونی دامەزراوە. ڕێکخراوی ئێمە پشتگیری لەو ژن و کچانە دەکات کە تووشی توندوتیژی سێکسی و جێندەری و گروپە لاوازەکانی دیکە بوون. ڕێکخراوی ئێمە بانگەشە بۆ بەهێزکردن و پاراستنی ژنان، بەشداری ژنان لە سیاسەت و بڕیاردان، شیاندنەوەی ڕزگاربووانی تاوانەکانی داعش و بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی ژنان دەکات. ڕێکخراوی ئێمە لە دوو پارێزگای هەرێمی کوردستانی عێراق بوونی هەیە و لەگەڵ ئۆفیس و سەنتەری ژنان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە هەولێر و دهۆک.(بەهار عەلی).https://emmaorg.me/

**11. ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن لە کوردستان-عیراق**

ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتی لە عیراق ڕێکخراوێکی نا حکومییە قازانج نەویستە ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە وئۆفیسی سەرەکی لە سلێمانییە، لەسەر ئاستی عیراق کاردەکات بۆ هاندان وپاڵپشتی کردن وپێگەیاندنی ژنان بۆ سەرکردایەتی وڕابەرایەتیکردن لە گشت بوارەکان لە کۆمەڵگای کوردستان وعیراقدا، بەکردنەوەی خول وسیمینار ورکشۆپ وسەرجەم ئەو چالاکییانەی کە لەو بوارەدا ڕۆڵدەگێڕن، سنووری کارکردنیان، هەرێمی کوردستان وعیراقە، ڕێکخراوێکی ژنانە وکار بۆ پرسی ژن ئەکات. (د.بەسمە حەبیب). :https Women-s-academy-for-leadership-in-Iraq

**12. فێمێنیزمی رۆشنگەری**

مێژووی راگەیاندنی فێمێنیزمی رۆشنگەری دەگەرێتەوە بۆ چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی پلاتفۆرمی دابران لە ٢٠١٧، فێمێنیزم دنیابینی و رەوتە لە هەموو دنیا بوونی خۆی سەلماندووە و کاری باشیکردووە و سنورەکانی تێپەرکردووە، لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و سنوری کارکردنی فەرمیان لە تەواوی هەرێمی کوردستان و عێراقە، پرسی ژن بناغەو ناوەرۆکی کارەکانی ئێمەیە و لە سەرجەم کارو چالاکیەکانیاندا ژن سەنتەری

کارەکانە، لەرێگەی سایت و پەیج ی تایبەت بە خۆیانەوە کارو چالاکیەکانمان بڵاوکردۆتەوە و هەوڵی زۆریان بۆ ناساندنی دنیابینی فێمێنستی و رەوتی فێمێنیزمە لە کوردستاندا. (هاوژین رەشید).https://www.facebook.com/feminism.enlightenment

**13. رێکخراوی ڤایۆلێت**

رێکخراوی ڤایۆلێت رێکخراوێکی نا حکومی قازانج نەویستە، گروپێک کچ دایانمەزراندووە و بەرێوەی دەبەن، کار بۆ پەرەپێدانی تواناکانی کچانی گەنج دەکات، لە 2018 وەک گرپێکی کچانە دەستیان کردووە بە کارو چالاکی، لە 2020 مۆڵەتی فەرمی لە بەرێوەبەرایەتی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان وەرگرتووە، سنوری کارکردنی پارێزگا، زیاتر لە پارێزگایەک، هەرێم، عێراق، تاکو ئێستا یەک ئۆفیسیان هەیە لە شاری سلێمانی. زۆربەی کار و چالاکیەکانیان لە ناو قەزای مەرکەزدا ئەنجامداوە، بەڵام چەند چالاکیەکیشمان لە دەوروبەری سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە ئەنجامداوە. (شنۆ نوری). https://www.facebook.com/violet.org

**باسی دووەم:**

**خستنەڕووی خشتەی زانیارییەکان**

سەرجەم ئەو داتا و ژمارانەی لەنێو خشتەکان دانراوە و دواتر شیکردنەوەیان بۆ کراوە، توێژەر لە ڕێگەی سەکۆکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی ڕاگەیاندن، بەرپرسی یەکەمی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی بواری ژن دەستیخستووە.

**خشتەی (1) دابەشبوونی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بەگوێرەی سنووری کارکردنیان**

| ژ | ناوی دامەزراوەو ڕێکخراو | سنووری کارکردن | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | پارێزگا | هەرێم | عیراق | نێودەوڵەتی |
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان | 1 | 1 | | |
| 2 | ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان | 1 | 1 | | |
| 3 | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | 1 | 1 | 1 | |
| 4 | یەکێتی ژنانی کوردستان | 1 | 1 | 1 | |
| 5 | ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | 1 | 1 | 1 | |
| 6 | ڕێکخراوی ئاسوودە | 1 | 1 | | |
| 7 | ڕێکخراوی ڕاسان | 1 | 1 | 1 | |
| 8 | ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان | 1 | 1 | 1 | |
| 9 | ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی | 1 | 1 | 1 | |
| 10 | ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | 1 | 1 | | |
| 11 | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن | 1 | 1 | 1 | |
| 11 | فێمێنزمی ڕۆشنگەری | 1 | 1 | | |
| 12 | ڕێکخراوی ڤایۆلێت | 1 | | | |
| | کۆی گشتی | 13 | 12 | 7 | 0 |
| | ڕێژەی سەدی | 100% | 92% | 53% | 0% |

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی(1) بۆمان ڕووندەبێتەوە، زۆربەی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان لەسەر ئاستی چەند پارێزگایەک کاردەکەن، بە ڕێژەی (100%)، بەشێکیان لەسەرئاستی هەرێمی کاردەکەن بەرێژەی (92.3%)، لەسەرئاستی عێراق بە پلەی سێیەم دێت بەرێژەی (53.8%)ە، دواین ئاماریش کە توێژەر لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکوومیەکانی هەرێمی کوردستان وەریگرتووە، لە هەرێمی کوردستان (231) ڕێکخراوی تایبەت بە ژن تۆمارکراوە، بەشێک لەو ڕێکخراوانە تەنها پاشگری ژن و جێندەریان بەکارهێناوە و چەمکی دیکەشیان لەگەڵ ناوی ڕێکخراوەکە لەکاتی تۆمارکردنەکە

بەکارهێناوە، سەرەرای ئەو ژمارەیە، ئەو ڕێکخراوانەی کاران لەبواری کارکردن و بایەخدان بە پرسی جێندەر ژمارەکەیان زۆر کەمە، بەشێکی پەیوەندی بە تێنەگەشتن و نەبوونی مەعریفەیە لە بواری جێندەر، بەشەکەی دیکەی پەیوەندی بە ئاڕاستەی سیاسەتی کارکردنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکە هەیە، بەهۆی پاڵپشتی دارایی سەرچاوەکەیان پلان و ستراتیژیی کارکردنیان بۆ دادەڕێژرێت، سیاسەتی کارکردنیان ڕوون نیە.

**خشتەی (2) ڕێژەی کارکردنی میدیاکاری بەئەزموون و دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لە بەشی ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان**

| ژ | ناوی دامەزراوەو ڕێکخراو | ڕەگەز | | پسپۆڕی ڕاگەیاندن | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | هەیە | نیە |
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان | 1 | | | |
| 2 | ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان | 1 | | | 1 |
| 3 | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | | 1 | 1 | |
| 4 | یەکێتی ژنانی کوردستان | | 1 | | 1 |
| 5 | ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | | 1 | | 1 |
| 6 | ڕێکخراوی ئاسوودە | | 1 | | 1 |
| 7 | ڕێکخراوی راسان | 1 | | | 1 |
| 8 | ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان | | 1 | 1 | |
| 9 | ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی | | 1 | | 1 |
| 10 | ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | | 1 | 1 | |
| 11 | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن | | 1 | | 1 |
| 12 | فێمینزمی ڕۆشنگەری | | 1 | 1 | |
| 13 | ڕێکخراوی ڤایۆلێت | | 1 | 1 | |
| | کۆی گشتی | 3 | 10 | 5 | 7 |
| | ڕێژەی سەدی | 23% | 76.9% | 38.4% | 53.8% |

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی ژمارە (2) بۆمان ڕووندەبێتەوە ڕێژەی کارکردنی میدیاکاری بەئەزموون و دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لە بەشی ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ڕێکخراوی ژنان، (38.4%)،بەرپرس یاخود بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژن و بواری جێندەری شارەزایی و پسپۆڕی بواری میدیا کەمتر لە نیوەیە، کە ئەمە بۆ خۆی دەرخەری ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لەو بەشە کاردەکەن شارەزایی و ئاشناییان بە ڕێگە و شێوازی تازە و بواری میدیا نییە، بۆیە وەک پێویست

کاریان لەسەر بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەر نەکردووە، بەشێوەیەکی کۆنباو کاریان کردووە، سەرەرای ئەوەی ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە کچان و کوڕان لە بەشەکانی ڕاگەیاندن خوێندن تەواودەکەن، هەلی کاریان نییە.

هەروەها ڕێژەی کارکردن بەگوێرەی ڕەگەز، دەردەکەوێت ڕێژەی کارکردنی ڕەگەزی مێ بەرزترە لە نێر ڕێژەکە 76.9% لە بەرامبەر ئەو ڕێژەیە بۆ ڕەگەزی نێر تەنها 23% لە ڕەگەزی نێرن، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەگەزی مێ زیاتر لە بواری ژن و ڕێکخراوە و دامەزراوەکانی ژنان کاردەکەن، پیاوان کەمتر ڕوودەکەنە ڕێکخراوەکانی ژنان بەهۆی تێڕوانینی کۆمەڵگە، بەشێکیشی پەیوەندی بە شێوازی کارکردنەوە هەیە.

**خشتەی (3) جۆری بڵاوکردنەوەی ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان لەبارەی پرسی جێندەر**

| ژ | ناوی دامەزراوە و ڕێکخراو | یەکسانی جێندەر | جوڵانەوەی فێمێنیزم | هۆشیاری یاسایی | ژن لەناوەندی بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان | 1 | | 1 | 1 |
| 2 | ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان | 1 | | 1 | |
| 3 | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | 1 | 1 | 1 | |
| 4 | یەکێتی ژنانی کوردستان | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 5 | ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 6 | ڕێکخراوی ئاسوودە | 1 | 1 | 1 | |
| 7 | ڕێکخراوی ڕاسان | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 8 | ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان | 1 | 1 | | |
| 9 | ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 10 | ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 11 | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن | 1 | | 1 | |
| 12 | فێمێنزمی ڕۆشنگەری | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 13 | ڕێکخراوی ڤایۆلێت | 1 | 1 | | 1 |
| | کۆی گشتی | 13 | 10 | 11 | 8 |
| | ڕێژەی سەدی | 100% | 76.9% | 84.6% | 61.5% |

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (3) بۆمان ڕووندەبێتەوە بوارەکانی بڵاوکردنەوەی ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان لەبارەی پرسی جێندەر، ڕێژەیەکی زۆر جۆری ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان یەکسانی جێندەرییە بەرێژەی 100%، پاشان هۆشیاری یاسایی بەرێژەی (84.6%)، دواتر

بابەتی جوڵانەوەی فیمێنزم لە کوردستان بەرێژەی (76.9%)، ژن لەناوەندی بڕیار بەرێژەی (61.5%)، هەڵمەتی بازارسازیی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ریێکخراوەکان زیاتر لەم چەند تەوەرەیە، ئەگەرچی زۆرکاتیش لەگەڵ بۆنە و یادە جیهانیەکان بابەتەکان گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، بۆ نموونە لە هەڵمەتی 16 رۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژن، چەندین سپۆتی میدیایی و پۆستەر، چالاکی مەیدانی ئەنجامدەدەن، بەڵام بەردەوامیان نەبووە.

**خشتەی (4)سەرچاوەی مرۆیی بەرهەمێنانی ریکلامی کۆمەڵایەتی**

| ژ | ناوی دامەزراوە و ریێکخراو | بەرهەمی ریێکخراو | کادیری بیانی | هەردووکیان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان | | | 1 |
| 2 | ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان | | 1 | |
| 3 | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | 1 | | |
| 4 | یەکێتی ژنانی کوردستان | 1 | | |
| 5 | ریێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | 1 | | |
| 6 | ریێکخراوی ئاسوودە | | | 1 |
| 7 | ریێکخراوی راسان | | | 1 |
| 8 | ریێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان | | | 1 |
| 9 | ریێکخراوی هاریکاریی یاسایی | | | 1 |
| 10 | ریێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | | | 1 |
| 11 | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن | | | 1 |
| 12 | فیمێنزمی رۆشنگەری | 1 | | |
| 13 | ریێکخراوی ڤایۆلێت | | 1 | |
| | کۆی گشتی | 4 | 2 | 7 |
| | رێژەی سەدی | 30.7% | 15.3% | 53.8% |

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (4) بۆمان رووندەبێتەوە، دامەزراوە و ریکخراوەکان کادیری پێویستیان بۆ بەرهەمهێنانی ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان نییە زیاتر پشتیان بە کادیری دەرەوە و ناوەوەی دامەزراوە و ریێکخراوەکان بەستووە، بەرێژەی (53.8%) ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ناوەڕۆک و پەیامی ریێکخراو و دامەزراوە یان پرسەکە، چونکە کادیری دەرەوەی دامەزراوە و ریێکخراوەکە زیاتر بیرۆکە و بۆچوونی خۆی بەکاردەهێنێت رەنگە

بیسەپێنێت، ئەمەش کاریگەری دەکاتە پەیامی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، ئامانجی سەرەکی نەپێکێت، ڕێژەی پشت بەستن بە کادیری ناوخۆی دامەزراوەکە(30.7%)ە. کادیری بیانی(15.3%)ە.

**خشتەی (5) جۆرەکانی ریکلامی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ پرسی جێندەر**

| ژ | ناوی دامەزراوە و ڕێکخراو | برۆشەر | ریکلامی ڤیدیۆیی | دەنگ | وێنە + پۆستەر | ریکلامی سەرشەقام | رۆژنامە | ئەنیمەیشن | سۆشیال میدیا | پەرتووک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان | 21 | 33 | رادیۆی یەکسانی | 20 | | | | 1 | 51 |
| 2 | ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشە پێدان | 25 | 22 | | 31 | 12 | | | 1 | 8 |
| 3 | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | 3 | 11 | رادیۆی هێلین | 10 | 5 | 46 | | 1 | |
| 4 | یەکێتی ژنانی کوردستان | 3 | 12 | | 3 | | 863 | | 1 | 74 |
| 5 | ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | 20 | 8 | | 21 | | | | 1 | 8 |
| 6 | ڕێکخراوی ئاسوودە | 1 | 40 | 1 | 1 | 1 | | | | |
| 7 | ڕێکخراوی راسان | 5 | 10 | | 134 | 237 | 265 | | 1 | |
| 8 | ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشە پێدان | 56 | 5 | 65 | 26 | | | | 1 | |
| 9 | ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی | 120 | 54 | 10 | 100 | 4 | | | 1 | 5 |
| 10 | ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | 134 | 34 | | 55 | | 13 | | 1 | 21 |
| 11 | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن | 15 | 6 | | 25 | | | | 1 | |
| 12 | فێمینزمی رۆشنگەری | | | | 12 | | | | 1 | 3 |
| 13 | ڕێکخراوی ڤایۆلێت | 12 | 5 | | 12 | | | | 1 | |
| کۆی گشتی | | 415 | 240 | 77 | 449 | 259 | 1186 | 0 | 13 | 170 |
| ڕێژەی سەدی | | 41% | 24% | 7.7% | 44.9% | 25.9% | % | 0% | 100% | 13% |

بەگوێرەی زانیارییە بەدەستهاتووەکانی خشتەی (5) جۆری ریکلامی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ پرسی جێندەر دەردەکەوێت کە رۆژنامە لە پلەی یەکەم دایە وەک یەکێک لە ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بەتایبەت ئەو

ڕێکخراوانەی ئەزموون و مێژووی کارکردنیان زیاترە، لە پلەی دووەم سۆشیال میدیا لاپەڕەی فەرمی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان بەڕیژەی 100% ە، پاشان وێنە و پۆستەر لە پلەی سێیەم بەڕێژەی 44%، برۆشەر بەڕێژەی (41%) دواتر ریکلامی سەرشەقام بەڕێژەی (25.9%)ە، دواتر ریکلامی ڤیدیۆیی بەڕێژەی(24)، ریکلامی کۆمەڵایەتی بەشێوەی دەنگ بەڕێژەی(7.7)، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان تەنها (2) رادیۆی بواری ژن هەیە، ئەنیمەیشن هیچ گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین یەکێک لە بەربەست و گرفتەکانی بەردەم توێژەر و بەگشتی لەبەردەم توێژینەوەکان دەستنەکەوتنی داتا و ژمارەو زانیاری وردە، بەشێکی زۆر لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکان زۆر بەکەمی کاریان لەسەر کۆکردنەوەی داتا کردووە، کە ئەمەش کاردەکاتە سەر ئەرشیفکردن و بەربەست لەبەردەم زۆر هەنگاوی دیکە.

**خشتەی(6) بڵاوکردنەوەی ریکلام بەگوێرەی ئامانجی شوێن**

| ژ | ناوی دامەزراوە و ڕێکخراو | ناوشار | دەرەوەی شار | هەردووکیان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان | | | 1 |
| 2 | ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان | | | 1 |
| 3 | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | | | 1 |
| 4 | یەکێتی ژنانی کوردستان | | | 1 |
| 5 | ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | | | 1 |
| 6 | ڕێکخراوی ئاسوودە | 1 | | |
| 7 | ڕێکخراوی راسان | 1 | | |
| 8 | ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان | 1 | | |
| 9 | ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی | 1 | | |
| 10 | ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | 1 | | |
| 11 | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن | 1 | | 1 |
| 12 | فێمێنزمی رۆشنگەری | 1 | | |
| 13 | ڕێکخراوی ڤایۆلێت | 1 | | |
| | کۆی گشتی | 8 | | 6 |
| | ڕێژەی سەدی | 61.5% | % | 46.15% |

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (6) بۆمان ڕووندەبێتەوە، بەشێکی زۆر لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکان، ریکلامە کۆمەڵایەتیەکانیان لە سەنتەری شارە گەورەکان بڵاوکردۆتەوە

بەرێژەی (61.5%) ئەگەرچی لە ئێستا سۆشیال میدیا کار ئاسانی کردووە بۆ بەزاندنی سنوورەکان، بەڵام جۆرەکانی کەمپەین و هەڵمەتە مەیدانی و چالاکی و بۆنەکان تەنها خەڵکی سەنتەری شارەکان لێی سوودمەندن. ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان لە دەرەوەی سەنتەری شارە گەورەکان 46% ە، رێژەکە کەمترە لە نیوە، ئەویش کاریگەری دەکاتە سەر جەماوەر و بێبەشبوونی لە خزمەتگوزاری بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لەبارەی پرسی جێندەر.

توێژەر بە بەکارهێنانی ئامرازی سەرەنجدان، لە سەردانی مەیدانی وەرگرتنی سێ قەزای وەک سۆران، شێخان، کەلار، رانیە، دەردەکەوێت کە زۆر بەکەمی جۆرەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دەگات بە جەماوەری ئەو قەزایانە کەلە سەنتەری شارەکانەوە دوورن، تەنها لە سەکۆکانی سۆشیال میدیا و کەناڵەکانەوە سوودمەندن.

## باسی سێیەم

## چاوپێکەوتنی پسپۆرو شارەزایانی بواری میدیا لەبارەی رۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی

بە مەبەستی دەرخستنی ڕۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی سەبارەت بایەخدان بە پرسی جێندەر، توێژەر چەند چاوپێکەوتنێکی قووڵی لەگەڵ پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن و جێندەر ئەنجامداوە، دەستنیشانکردنی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لەسەر بنەمای پسپۆری و گرنگیدانیانە لەبابەتی ڕیکلامی کۆمەڵایەتی و بابەتی جێندەر، بەرکەوتنیان و ئاشنابوونیان بە کاروچالاکی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستاندا، چاوپێکەوتنەکە چەند پرسیارێکی کراوەی لەخۆگرتبوو، مەبەست لە ئاراستەکردنی پرسیارەکانیش کۆکردنەوەی زانیاری بوو سەبارەت بەوەی ئایا ڕاگەیاندنی ڕێکخراو و دامەزراوەکانی ژنان تا چەندە گرنگیان داوە بە پرسی جێندەر لە ڕێگەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی.

هەروەها بۆچی هێشتا تێگەیشتن بەرامبەر بە چەمکی جێندەر و بایەخ و گەشەپێدانی جێندەر لە ئاستی پێویستدا نییە، چ هەنگاوێک بگرینەبەر بۆ گەشەپێدانی جێندەر لە کوردستان، پاشان رۆڵی ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکانی تایبەت بە ژن چۆن دەبینی لە گەشەپێدان و بایەخدان بە جێندەر لە ڕێگەی بازاڕسازی کۆمەلایەتی، هەروەها دامەزراوە و ڕێکخراوەکان پشت بە چی ببەستن بۆ گەشەپێدان و بایەخدان بە جێندەر؟

پاش وەرگرتنی ئاماری کاروچالاکی و ڕیکلامە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخراوو دامەزراوەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا و ڕاوسەرنجی پسپۆران سەبارەت بەو چالاکی و هەڵمەتی بازاڕسازییانەی ئەنجامیانداوە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی قووڵەوە، توێژەر بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

### 3-1: کاریگەری و بایەخی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە گەشەپێدانی جێندەر:

لە ئەنجامی خستنەڕووی سەرەنجی پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن و جێندەر، سەبارەت بە کاریگەری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە بایەخدان پرسی جێندەر، پسپۆران و شارەزایان هاوڕان لەسەرئەوەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی شێوەیەکی سەرکەوتووە بۆ گەشەپێدانی

جێندەر لەنێو دامەزراوە و ڕێکخراوەکان، ئەگەربێتوو کەسانی شارەزا و پسپۆر بەشێوەی پلان و بەرنامە بۆدارێژراو کاری بۆ بکەن، ڕەچاوی شوێن و کات و ئاستی هۆشیاری جەماوەر بکەن.

پیشتبەستنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی بواری ژن، بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ گەشەپێدانی جێندەر و بایەخدان بەو پرسە، جیاوازە، زیاد لە چەند هۆکارێک هەیە، لەوانە نەبوونی کادیری پسپۆر و بەشێکنیش پەیوەندی بە نەبوونی ستراتیژی نوێ هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی دۆزی ژن، دامەزراوە و ڕێکخراوەکان بەشێوەیەکی کلاسیک کاردەکەن، بەشێکیشیان کاریان لەسەر ڕێگەی تازە وەک بازاڕسازی کۆمەڵایەتی کردووە بۆ گەشەپێدانی جێندەر.

یەکەم: ئەگەر بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ڕەگەزە سەرەکیەکانی تێدابێت و ڕەهەند و ئاستە جیاوازەکانی تێدا جیابکرێتەوە، ئەو پەیامەی کە تێدا بەکاردەهێنرێت کاریگەر بێت دەتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت، وە بیر لە میکانیزمی سەرکەوتوو و پێشکەوتوو بکرێتەوە بۆ سەرخستنی پرۆسەکە، کە هەمان قۆناخی پەیوەندیکردنە: (پەیام، نێرەر، کەناڵ، وەرگر، زانیاری گەڕاوە)، ئەوا بێگومان بازاڕسازی کۆمەڵایەتی کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر گەشەپێدانی جێندەر، ئەگەرچی کاری زۆر لەسەر ئەو بابەتە کراوە،بەڵام ڕەچاوی ڕەهەندەکانی بازاڕسازی نەکراوە، زۆر بە وردی تاوتوێی نەکراوە، تێچوو و کاتی زۆری بردووە بەڵام بەشێوەیەکی ورد و زانستی و پیشەییانە ئامادەنەکراوە، بۆیە کاریگەری ئەوتۆشی لەسەر جەماوەر دروستنەکردووە، پێویستە بەر لە دەستپێکردنی هەڵمەت و دروستکردنی ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان لە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، بەرنامەڕێژی و پلان بکرێت، ڕەچاوی شوێن و کات و وەرگر بکەین زۆر بە وردی، بپرسین ئەو ریکلامە بۆ وەرگرانی چ ئاستە و لەکوێ بڵاودەکرێتەوە؟ بۆ کێیە؟ وەرگرەکان ئاستی هۆشیاری و خوێندەوارییان چۆنە.

دووەم: ریکلامی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا هەیە، چونکە هەمان تەکنیکەکانی ژانرەکانی میدیای دیکە بەکار دەهێنێ"، لە بواری جێندەر، چەند بوارێکی لاوەکی بوونیان هەیە و پێویستیان بە ریکلامی کۆمەڵایەتیە وەکو پەیوەندی جێندەری Gender Relationsو یەکسانی جێندەری Gender Equality و کەلتووری جێندەری Gender normsو بۆشایی جێندەری .Gender gap بۆ نموونە لە یەکسانی جێندەری کێشەیەکی قوڵ هەیە لە زۆرێک لە وڵاتەکان. بۆ دروستکرنی یەکسانی جێندەری زۆرێک لە میدیاکان لەو وڵاتانە ریکلامی کۆمەڵایەتی بڵاو دەکەنەوە. لە بواری پەیوەندی جێندەریش بەهەمانشێوە، بۆ دروستکرنی پەیوەندیەکی تەندروست میدیاکان ساڵانە کۆمەڵێک ریکلامی کۆمەڵایەتی بڵاو دەکەنەوە.

سێیەم: بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی کە یەکێکە لەو پرۆسە گرنگانەی کە پشت دەبەستت بە پرەنیسب تەکنیکەکانی پەیوەندیکردن و کاریگەرییان هەیە بەسەر بەها و رەفتار، دروستکردنی کاریگەری راستەوخۆ بەسەر جەماوەر، لە روانگەی جیاوازییەوە، کەمپەینەکان بۆ گۆڕینی رەفتاری تاک بە ئاڕاستەی چاکەی گشتی جۆرێکە لە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لەسەر رەفتار و بیرکردنەوەی تاک، بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی میتودێکە کار لەسەر گۆڕانکاری بیرکردنەوە و رەفتار و هەڵسووکەوتی تاکەکان دەکات بۆ باشە، بەرژەوەندی گشتی، بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە ماوەی سی ساڵی رابردوو، لە پێناو چاکەی گشتی بووە، کاریگەری هەبووە، چونکە دواجار بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی پلان بۆداریژراو کاردەکات بەهەنگاوی جیاواز کاردەکات بۆ گۆڕینی رەفتار و بیرکردنەوەی بەشێوەیەکی گشتی، کاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەت و ستراتیژی جیاواز.

چوارەم: ریکلامی کۆمەڵایەتیی کە رێبازێکە پشتی پێدەبەسترێت بە ئامانجی گۆڕینی یان هێشتنەوەی هەندێ هەڵسەوکەوت و نەریت و رەفتاری خەڵک بۆ بەرژەوەندیی گشتیی و تاک، گرنگە بۆ بابەتی جێندەر لەناو کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا. ریکلامی کۆمەڵایەتیی، پرۆسەیەکی پلان بۆ داڕێژراوی درێژخایەنەو سەرجەم رێگەو شێوازەکانی

ریکلامکردن و بازاڕسازیی لەخۆدەگرێت بەئامانجی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی ژیانی خەڵک و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی تێیدا دەژین و هەروەها بەرزکردنەوەی کوالێتیی ژیانمان. ئەو ریکلامانەی کەدەکرێن، بەتایبەتی لەڕێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، هەوڵێکن بۆ کاریگەریی دروستکردن لەسەر هەردوو جێندەر بەمەبەستی گۆڕینی بیرکردنەوەو رەفتارو بیروباوەڕە باوەکان کەببێتە مایەی خزمەتکردن و گەشەپێدانی جێندەری رەگەزی مێینە، بۆئەوەی پێگەو رۆڵی شایستەی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا بەدەستبهێنن و مافەکانیشیان یەکسان بێت لەگەڵ جێندەری بەرامبەر.

پێنجەم: بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ بایەخدان بە پرسی جێندەر بە پێی ئەو نموونانەی کە چاودێریکراوە لەنێو سەکۆکانی سۆشیال میدیا، بایەخدان هەیە، ناتوانین بڵێین نییە، بەڵام ئەوەی جێی سەرەنجە لەرووی بڵاوکردنەوە زۆر سنووردارە، لەڕووی تەکنیک و جێبەجێکردنیەوە زۆر گونجاو نییە بۆ کۆمەڵگە فراوانەکەی ئێمە، رەنگە گونجاو بێت بۆ دەستبەژێرێک بۆ رۆشنبیر و گەنجان، بەڵام بۆ ژن و کچانی دەرەوەی شارە گەورەکان، ئەوانەی لەنێو گوند و ئەو شوێنانەی دەسەڵاتی خێڵ و عەشیرەت هێشتا باڵایە ناگات بەمشێوەیە کە چاوەڕێی بکەین، لەو بڕوایەدا نیم کاریگەری هەبێت، ئەگەرچی رەنج و ماندووبوونی زۆر لەگەڵ دراوە و دڵسۆزانە کاری لەسەر کراوە، بەڵام نەیتوانیوە ئامانجی خۆی بپێکیت.

شەشەم:ئەگەر باس لە بایەخی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بۆ گەشە پێدانی جێندەری بکەین پێویست دەکات بگەرێینەوە بۆ قۆناغی پێش بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و دوایی قۆناغی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ئایا رۆڵی هەبووە لە دروستکردنی رای گشتی؟ پشتگیریکەر کە داوا لە کۆمەڵگا بکات بە شێوەیەکی ئەرێنی بەشداری بکات بۆ گەشەپێدانی چێندەر. بەگشتی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بایەخی هەبووە بەڵام ڕەنگە لە ئاست پێویست دا نەبێت.

حەوتەم: پرسی جێندەر بەگوێرەی پێویست گرنگی پێنەدراوە، ئەمەش کاری کردۆتە سەر تێگەیشتنی خەڵک سەبارەت بە چەمک و پرسی جێندەر، لەبەرئەوەی لە سەرەتاوە هاتنی

ئەم چەمکە بە هەڵە پێناسەکراو و لێکدانەوەیەکی دروستی بۆ نەکرا هاودژیەکی زۆری دروستکردوە، تائێستاش درێژەی کێشاوە. گەشەپێدان و کارکردن لەسەر ئەم چەمکە پێویستی بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی بەرنامەیەکی گەشەسەندنە و دووبارە ئاشناکردنەوەی ئەم چەمکە بە کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی دروست و زانستیانە نە ک چەواشەکارانە.

هەشتەم:چەمکی جێندەر لە رێگەی رێکخراوەکانەوە هاتۆتە نێو کۆمەڵگەی کوردستان، ئەو چەمکە وەک پێویست روون نەکراوەتەوە، راگەیاندنی رێکخراوەکانیش وەک پێویست کاریان لەسەر ناساندنی ئەو چەمکە نەکردووە، جێندەر لەلای تاکەکان وا دەخوێنرێتەوە تەنها ژن لێی سوودمەند دەبن، هەندێکجار بەرهەڵستکاری دروست بووە بەهۆی ئەوەی بە ورد و زانستی کاریان لەسەر نەکردووە، وە گرنگە راگەیاندنی رێکخراوەکان کار لەسەر پرسی جێندەر بکەن، ئەوە بخەنەروو کە ئامانج و مەبەستی جێندەر جیاوازە، تەنها ژن تێدا سوومەند نییە.

نوێیەم: ریکلامە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە پرۆسەی ریفۆم و گۆرانی کۆمەڵایەتی، هەموو پرۆسەیەکی گۆران و ریفۆرمی کۆمەڵایەتیش رووبەرووی "بەرەیەکی دژ" بەم پرۆسەیە دەبێتەوە، جا ئەگەر ئەم ئەم ریفۆرمە بۆ پێشخستنی پرۆژەی یەکسانی جێندەری بێت، ئەوا قەبارەی ئەم بەرەی دژە فروانتر دەبێ، چونکە لەبنەماوە پرۆژەی یەکسانی جێندەری پرۆژەیەکە زۆرینەی کۆمەڵگە هاوکۆک نیە لەگەڵیدا، بۆیە ئاساییە کە زۆرینەی کۆمەڵگە وەک "زۆرینەی دژ"، دەربکەوێ، بەڵام بە تێپەربوونی کات قەبارەی ئەم بەرەی دژە بچووک دەبێتەوە، چونکە قۆناغی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی جێگیر نیەو بەردەوام لە گۆراندایە.

**2-3:رۆڵی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان لە گرنگیدان بە بازارسازیی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەر**

لە ئەنجامی خستنەرووی راو سەرەنجی پسپۆرانی بواری راگەیاندن و جێندەر سەبارەت بە رۆڵی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان لە گرنگیدان بە بازارسازیی کۆمەلایەتی بۆ پرسی جێندەر، پسپۆران شارەزایان هاوران لەسەر ئەوەی دامەزراوە و رێکخراوەکان نەیانتوانیوە

وەک پێویست پشت بە بازاڕسازیی کۆمەلایەتی ببەستن بۆ گەشەپێدانی جێندەر، رەخنە لە دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژن دەگرن کە نەیانتوانیوە سوود لە کەسانی شارەزا وەربگرن بۆ بەرهەمهێنانی ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان.

هۆکاری بەشێک لەو نارِوونی و تێنەگەشتنەیە کە زۆرکات دامەزراوە و رێکخراوەکانی بواری ژن لەکاتی کارکردنیان لەسەر پرسی جێندەر رووبەرووی شەپۆلێکی نارِەزایی و گوتاری رق و کینە دەبنەوە، بەشێک لە پسپۆرانیش رایان وایە کە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی رێکخراوەکانی ژن و فێمێنستەکان هۆکاری بەرەوپیشبردنی رەوشی کارکردنی ژنان و توانیویانە گۆڕانکاری سەبارەت بە تێگەیشتن لە پرسی جێندەر دروست بکەن.

یەکەم: ئەوەی دەبینرێ لە کۆمەڵگای کوردی کێشەی زۆری جێندەری بوونی هەیە و هێشتا ریکلامی کۆمەڵایەتیەکان لەو ئاستدا نین، چونکە ڕێکخراەوکانی ئافرەتان و ژنان بەهەڵمەت ئەنجامی نادەن، بۆ ئەوەی ریکلامی کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری زۆرتریان هەبێ، دەبێ بەهاوکاری بەشە پەیوەندییەکانی زانکۆکان (بەشەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی) بەتایبەت هەروەها هاوکاری دەزگاکانی میدیا و سەرجەم دەزگا حکومییەکان بێت.

زۆرجار کە ریکلامی کۆمەڵایەتی بڵاو دەکرێتەوە بێ ئەوەی لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی کۆمەڵاتی بێت، کاریگەری کەمتر دەبێت، جگە لە نەبوون یان کەمبوونی هەڵمەتی کۆمەڵایەتی، ریکلامی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان بەشێوەیەکی زانستی ئامادە نەکراوە. واتا بیرۆکەی ڕیکلامەکە لاوازە و لە ڕووی دیزاین و مۆنتاژیش بەهەمان شێوە. لە وڵاتە پێشکەوتوەکان کۆمپانیان تایبەت بوونیان هەیە بە ئامادەکرنی ریکلامی کۆمەڵایەتی. بیرۆکەی زۆر کاریگەر هەڵدەبژێرن و بەشێوەیەکی زۆر سەربج ڕاکێش دیزان و مۆنتاژی دەکەن.

دووەم: بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و ریکلامە کۆمەڵایەتیەکانی رێکخراوەکانی ژنان لەهەرێمی کوردستان، لەئاستی پێویستدا نییە، لەئاستێکی نزمدایە، نەک لەڕووی ژمارەو

چەندییەوە، بەڵکو لەڕووی ناوەرۆکەوە. ناوەرۆکی زۆربەی پەیامەکانی بازاڕسازیی لای ئەو ڕێکخراوانە لاوازەو نەیانتوانیوە مافی پرسی جێندەر کە بابەتێکی گرنگە بدەن.

ئەوەی تێبینیدەکرێت، بەشێکی بەرچاوی زۆربەی ئەو ریکلام و بازاڕسازییە کۆمەڵایەتیانەی لەلایەن ئەو ڕێکخراوو دامەزراوانەوە دەکرێن، لەبری ئەوەی لەبەرژەوەندی و خزمەتی جێندەر بن، بۆ بەرژەوەندیی تایبەت و خزمەتکردنی ئامانجی تایبەتی کەسانێک یان چەند گرووپێکی دیاریکراو، یاخود بەئامانجی سیاسیی دەکرێ، ئەو پۆست و بروشەر و کورتە فیلم و ریکلامانەی کراون، بۆ ئەوەی بزانم کاردانەوەی خەڵک و سەرەنجیان چییە؟ سەیری کۆمێنتەکان دەکەم، دەنگدانەوە و فیدباک چییە، با بزانم سەرەنجی خەڵک دەکەم، بەشێکی هەرە زۆری کۆمێنتەکان، دژبەرن و لە ژێر کاریگەری ئاینی و کەلتووری کۆمەڵایەتی بووە، زۆر ڕەشبینیانەیە، پێوستە تۆ وەک دەزگایەک کە خاوەنی پەیامێکی دیاریکراوی، بڵاوکۆدنەوە کۆتایی کارەکەت نییە، کاری تۆ تەنها بڵاوکردنەوە نییە، چونکە هەر پەیامێک لە پەیامدەرێک دەڕوات بۆ وەرگر لە بارودۆخێکی دیارکراو، زانیاری گەڕاوەش گرنگە، پەیامەکەت بۆ ئەوە نیە تۆ تەنها سەیری بکەیت.

سێیەم: هەر دامەزراوەیەک یان ڕێکخراوێک ئەگەر لەسەر بنەمایەکی دادوەرانە بەرنامەو پرۆگرامی خۆی دابڕێژێت بێ جیاکاری کردن و بتوانێت هاوسەنگیەک لەسەر بنەمای کواڵیتی فەراهەم بکات ئەکرێت هەنگاوی یەکەمی ئەو هەوڵەی گەشەپێدان بێت.

پێویستە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی پەیامی جیاواز هەبێت، ناکرێت یەک پەیام بەیەک جۆر،سروشت، ئاڕاستەی جەماوەر بکەیت بەگشتی، بەر لە دەستپێکردنی هەڵمەتەکان پێویستە لەوە بکۆڵیتەوە کە ئایا پەیامەکە بۆ کێیە، لەکوێیە، ڕەچاوی ئاستی تەمەن و شوێنی ژیانی وەرگرەکانت بکەیت، ئەو پەیامەی بۆ ژنی ماڵەوەیە جیاواز بێت لەوەی ئاڕاستەی خوێندکارێکی زانکۆی دەکەیت، ئەو کەرەستەی بەکاریدەهێنیت، بۆ ئاڕاستەکردنی وەرگریش بەهەمانشێوە، دەبێت لەئاستی وەرگر بێت.

پێویستە بیر لەوە بکەیتەوە کە ئایا گرافیک بۆ چ جۆرە وەرگرێکە، کورتە فیلم ئاڕاستەی کێ دەکەیت، دراما و برۆشەر و پۆستەر بۆ کییە و لەکوێ بڵاویدەکەیتەوە، پێویستە کەرەستەو شێوازەکان جیا بێت، تەمەن و ئاستی تێگەیشتن و وەرگر، بە گوێرەی جیاوازی شوێن و تەمەن و بوارەکان کەرەستەو شێوازەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت.

چوارەم: لە هەرێمی کوردستان سەرەڕایی زیادبوونی دەزگا و دامەزراوەی ژنان، بەڵام هێشتا ژن لە ناوەندی بڕیاری میدیایی نین، ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژن وەک پێویست کاریان لەسەرپرسی جێندەر نەکردووە، ئەگەرچی چەمکی جێندەر لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە هاتۆتە نێو کۆمەڵگەی کوردستان، ئەو چەمکە وەک پێویست روون نەکراوەتەوە، ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکانیش وەک پێویست کاریان لەسەر ناساندنی ئەو چەمکە نەکردووە، شێوازی کارکردنیان پلان و ستراتیژی نیە، بەشێوەیەک کاریان لەسەر کردووە، جێندەر لەلای تاکەکان وا دەخوێنرێتەوە تەنها ژن لێی سوودمەند دەبن، هەندێکجار بەرهەڵستکاری دروست بووە بەهۆی ئەوەی بە ورد و زانستی کاریان لەسەر نەکردووە.

گرنگە ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکان کار لەسەر پرسی جێندەر بکەن بەشێوەیەکی فراوان، ئەوە بخەنەڕوو کە ئامانج و مەبەستی جێندەر جیاوازە چەمکێکی تازەیە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و فرەلایەنە، مانای قوڵ هەڵدەگرێت، زۆر ئەستەمە چەمکی جێندەر وەک خۆی تێبگەن، گرفتێکی دیکە ئەوەیە سەرچاوە بە زمانی کوردی لەبارەی جێندەر زۆر کەمە، بەشێکی زۆر ئەوانەی لەنێو میدیای ڕێکخراوەکانن توانست و لێهاتوویان کەمە، تێگەیشتن وەک پێویست نییە، تێکەڵاوی هەیە لەبارەی خستنەڕووی چەمکی جێندەر، هەر کەسە و لایەنە بەجۆرێک قسەی لەسەر دەکات، پێویستە بەشێوەیەکی ورد و زانستی کار لەسەر بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لەبارەی پرسی جێندەر بکرێت.

پێنجەم: میدیا و ڕاگەیاندن زۆر کات بۆتە هۆیەک بۆ بەلارێدابردنی پرسی جێندەر، ڕاگەیاندنەکان کاریان لەسەر کردووە بەڵام ناتەندروستە، تێڕوانێکی هەڵەیان بۆ جێندەر دروستکرد، ئەوانەی ئەو پرسەیان وروژاندووە ئاستی مەعریفیان لاوازە، کادیرەکانی میدیا

وەک پێویست پاشخانی زانیارییان لەبارەی جێندەر نییە، گرنگە ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکان کار لەسەر جێندەر بکەن بە مانا قوڵ و زانستیەکەی بکات، ئەو ناروونیەی هەیە لای جەماوەر کاڵی بکەنەوە.

شەشەم: کەمپەینەکانی بازاڕسازیی ڕێکخراوەکانی ژنان، کاریگەری هەبووە، بەبەراورد بە رابردوو ڕێژەی کوشتن و توندوتیژی دژ بە ژن کەمیکردووە و کارکردنی دامەزراەوە و ڕێکخراوەکان لەبواری یەکسانی جێندەر کاریگەری هەبووە، لەسەر ناساندن و یەکسانی جێندەر، چونکە بازاڕسازی ئامانجی سەرەکی دروستکردنی گۆڕانکارییە لە بیرو فیکری خەڵک، ئەگەر رووپێوییەک وەربگرین، لە ساڵی 1991 سەیر بکەین، ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بابەتی(یەکسانی جێندەر، جێندەرە جیاوازەکان) کەلەلایەن ڕێکخراوەکان کاری لەسەرکراوە، کاریگەری هەبووە، پێویستە ئەوەش بڵێن ئێستا فۆرمی نوێی ریکلامی کۆمەڵایەتی سەریهەڵداوە(سایبەر فێمینێست) بەشێوەیەکی ورد کاری لەسەر دەکرێت، لەنێو دیجیتاڵ میدیا و رادیۆ و تەلەفزیۆن کاری لەسەر دەکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین:ڕێکخراوەکانی بواری ژن کاریگەری زۆریان هەبووە، تێدەگەین کە بابەتە جێندەرییەکان بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو گۆڕانکاری بەسەر هاتووە.

حەوتەم: ئاستی ڕیکلامە کۆمەڵایەتیەکان و بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی نزم دایە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە ساڵێکدا تەنها لە مانگی ئازار دەست دەکرێت بە هەڵمەتی ڕیکلام و بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی ژنان و ئافرەتان لە دوایی ئەم کاتانە کەمترین یاخوود ئەم ڕیکلام و بازاڕسازییە کۆمەڵایەتییە هەربوونی نامێنێ، هۆکاری ئەم ئاست لاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلانی گونجاو ڕێکارییەکانی ڕیکلامکردن و بازاڕسازی.

هەشتەم: زۆرێک لە ڕێکخراوەکان وەک پێویست هەماهەنگ نین سەبارەت بە بایەخدان بە پرسی ژن و جێندەر، بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکان وەک پێویست کاریان لەسەر بایەخدان بە پرسی جێندەر نەکردووە، بەشێک لە هەڵسووڕاوەکانی ڕێکخراوەکان ئاستی مەعریفیان بەرز نییە، کاری ڕێکخراو تەنها ئەوە نییە خۆپیشاندان و لێدوان و بەیاننامە

دەربکات، دەبێت کار لەسەر ئەقڵی ژن و پیاو بکرێت، پێویستە خۆیان لە بابەتە گرنگەکە بدەن، زەمینە بڕەخسێنین، کار بۆ پێگەیاندنی ژن بکەین، ڕێژەی پسپۆری و شارەزای زۆر بکات، ژن بەهێزتر بێت تواناکانی دەربخات، کەسێکی بەرهەمدار دروست بکات.

نۆیەم: کارکردنی میدیای دامەزراوەکانی ژنان مۆدێلێکی زۆر تازەیە و لەسەرەتای ئەو قۆناغەدان کە ببن بە میدیای تایبەتمەند، واتە تا ئێستا ڕێکخراو و دامەزراوەکانی ژنان نەیانتوانیوە جۆرێک لە میدیایان هەبێ، لانیکەم لەبارەی ڕووداو و پرس و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وابکەن ببن بە بانکی زانیاری و جێیی متمانەی گەیاندنی حەقیقەتی ڕووداوەکان، بەومانایەی کاتێک ژنێک ڕووبەڕووی توندوتیژییەکی قورس دەبێتە، هیچ میدیایەکی بەهێزی ژنانی لەو جۆرەمان نییە کە کۆمەڵگەی چاوەکانی بخاتە سەری تا وردەکانی ڕووداوەکە "گەرماوگەرم" لەو میدیایەوە ببیستێ و ببینێ، بۆ ئێستا کاتییەتی میدیایەکی لەو جۆرە بیری لێبکرێتەوە.

دەیەم: فێمێنیستەکان لەماوەی 20ساڵی ڕابردوودا تا ڕادەیەکی باش ئامادەییان هەبووە لە پرۆسەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتییدا بۆ پرس جێندەر، باشترین سەرچاوەی مرۆیی ئەوان بوون لە دەستپێکردن و پەرەپێدانی کردەی بازاڕسازی کۆمەڵایەتییدا".

یانزەهەم: بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی بواری ژن بۆ گەشەپێدانی جێندەر وەک پێویست نیە، بەکاریدەهێن بەڵام ڕەچاوی ڕەهەندەکانی نەکراوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، وەک زانست و هونەر بەکارنەهێنراوە، لە چ کات و شوێن و کات و شێوازێک بڵاویدەکەنەوە، ئایا وەرگرەکان کێین، پەیامەکان یەک جۆرەو گشتین، دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان، بە وردی کاریان لەو پرسە نەکردووە، تەنانەت ئەگەر ماددە و تێچووی زۆر و سەرچاوەی مرۆیی بەکاریدەهێنن، بەڵام کاریگەری نیە و وەک پێویست نیە، چونکە بەدواداچوونی وردیان بۆ وەرگرەکان نەکردووە.

یەکێک لەو بابەتانەی زۆر کات ڕێکخراوەکانی ژن و چالاکوانن لەکاتی کارکردن ڕووبەڕووی گرفت و کێشە دەبنەوە، ئەوەیە لەبڕی بەرەوپێشپبردنی پرسەکە ڕووبەڕووی

کێشە دەبنەوە، چونکە دەستبردن بۆ هەندێ بابەتی هەستیار و بیروباوەڕی خەڵک، بەزیان دەشکێتەوە، بەدژی خۆیان و زیان تەواو دەبێت، بۆیە پێویستە پسپۆڕی راگەیاندن و دەروونناسی و کۆمەڵایەتی و بواری سۆسۆلۆژی لە نێو دامەزراوەکان رۆڵیان هەبێت لە داڕشتنی پەیامی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی.

### 3-3:شێوازە کاریگەرەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان

لە ئەنجامی خستنەڕووی راو سەرەنجی پسپۆڕانی بواری راگەیاندن و جێندەر سەبارەت بە شێوازە کاریگەرەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان بۆ گەشەپێدانی جێندەر، پسپۆڕ و شارەزایانی بواری میدیا و جێندەر، هاوڕان لەوەی کە سەرکەوتووترین شێوە بۆ گەیاندنی پەیامی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ئەو شێوازانەن کە زۆرترین وەرگری هەیە و بەشێوەیەکی خێرا کاریگەری دروست دەکات لەسەر وەرگر، هاوڕان لەسەرئەوەی کە کار لەسەر ئەوە بکەن باشترین ریگە بدۆزنەوە بۆ ئاڕاستەکردنی پەیامەکە، لەرێگەی ئەو ئامراز و هۆکارانەی بەئاسانترین شێوە دەگاتە وەرگر، لەوانە پشت بەستن بە سپۆتە ڤیدیۆییەکان و وێنەی جوڵاو لە رێگەی سۆشیال میدیاوە، بەمشێوازانەی لای خوارەوە:-

یەکەم: پێش ئەنجامدانی هەڵمەتی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی ریکلامی کۆمەڵایەتی، دەبێ بزانرێ کە ئەو چینە ڕیکلامەکانیان بۆ بڵاو دەکرێتەوە کێن؟ تایبەتمەندیان چییە؟ و کام ئامرازی ڕاگەیاندن بەکار دەهێنن. بۆ نموونە ئەگەر ڕیکلامەکە ئاراستەی خێزانەکانی گوندەکان بکرێت، ئەبێ بزانرێ کام ئامراز بەکار دەهێنن. ئەمەش یەکێکە لە بنەماکان سەرکەوتنی ڕیکلامەکە، چونکە ریکلامی کۆمەڵایەتی تەنها بۆ بڵاوکردنەوە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بگاتە چینەکە و کاریگەری دروست بکات.

دووەم: بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی پێویستە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کاربکات، بۆ بابەتی گەشەپێدانی جێندەر بازاڕسازی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی گەورە دەبینێت دەبێت کار لەسەر(پێگەی ژن، رۆڵی ژن و سەرکەوتنی ژن) بکەین. باشترین شێواز و رێگە بۆبازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە گەشەپێدانی جێندەر، لە ڕیگەی سۆشیال میدیا، کەناڵ، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رێکخراوەکانی ژن، کار لەسەر لایەنی فیکری و توانستی بەشداری سیاسی ژن بکرێت، ئەگەر زیاتر روونی بکەینەوە، سەیر دەکەین لە ساڵی 2005 تا ئێستا رێژەی بەشداری ژن لەناوەندی بڕیاری سیاسیی گۆڕانکاری بەسەرهاتووە و زیادیکردووە، ئەم گۆڕانکارییە پەیوەست نیە بە گەشەی دیموکراسی لە ناوچەکە، بەڵکوو کاریگەری هەڵمەت و کەمپەینی بازارسازی راگەیاندن و رێکخراوەکانی ژنانە بەهەموو جۆرەکانیەوە کە توانیویانە رای گشتی سەبارەت بە پرسی ژن بگۆڕن.

سێیەم: ئەو ریکلامانەی لەلایەن رێکخراوو دامەزراوەکانی ژنانەوە بەرهەم هاتوون، بەهۆی ئەوەی ناوەرۆکیان لاواز بووە، یان بۆ بەرژەوەندیی سیاسی و تایبەتی چەند کەس و گرووپێک بووە، نەبوونەتە هۆی دروستکردنی کاریگەریی گەورەو خێرا لەسەر جەماوەر.

چەندین دەیەیە ئەو ریکلامانەی ئەو رێکخراوو دامەزراوانە ئەنجامدەدرێن، بەڵام کاریگەرییەکەی زۆر هێواش بووەو لەشوێنێک بۆ شوێنێکیش جیاواز بووە. ئەگەر ئەو ریکلامانە ناوەرۆکی پەیامەکانیان گونجاوو ئامانجیشیان لەبەرژەوەندیی گشتیی بووایە، بێگومان کاریگەریی خێراو گەورەیان دروستدەکرد لەماوەی کەمتردا، بەئاڕاستەی گۆڕینی بیرکردنەوەو رەفتاری زۆربەی خەڵک لەپێناو یەکسانی جێندەری و دەستەبەرکردنی مافەکان.

چوارەم: هەموو شێوازەکانی ریکلام، کاریگەریی خۆیان هەیە، بەڵام کاریگەرترینیان ئەو ریکلامانەن کە گرتەی ڤیدیۆیین، بەحوکمی ئەوەی بینراوو بیستراوو جوڵەشیان هەیە، کە زیاتر کاریگەریی لەسەر هەست و سۆزمان دروستدەکەن و دەهێڵنەوەو ئەگەر سیناریۆو تەکنیکی باشیان بۆ بەکاربهێنرێت، ئەوا دەبنە مایەی گۆڕینی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتمان

بۆ بابەتە جێندەرییەکان. شێوازێکی تریشی کاریگەر، ئەنیمەیشنەکانن، کە ئەوجۆرەش بەحوکمی ئەوەی بینراوو بیستراون و جولەشیان هەیە، کاریگەرییمان لەسەر دروستدەکەن، وێنەش، زۆرجار کاریگەریی هەیەو هەندێجار ریکلامێکی وێنەیی کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بیرکردنەوەمان بەجێدەهێڵێت و هەستمان دەجولێنێت کە دواجار دەبێتە مایەی گۆڕینی بیرکردنەوەو تێڕوانینمان بۆ بابەتی جێندەریی، لەڕووی ئامرازی راگەیاندنیشەوە، باشترینیان ئەو ریکلامانەن لەڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە دەکرێن، بەحوکمی ئەوەی فراونترین جەماوەری هەیەو گەورەو بچوک، بەجیاوازیی ئاستی خوێندەوارییان، پەیامەکانی وەردەگرن. تەلەڤزیۆنەکان، وەک دامەزراوەی میدیایی متمانەپێکراو، پەیامەکانیان لای خەڵک بەهێند وەردەگیرێت و کاریگەریی لەسەر رەفتارو ستایلی ژیان و بیرکردنەوەمان دەکەن، بۆیە ریکلامەکانیشی، هەمان کاریگەریی لەسەر خەڵک دروستدەکەن و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی دێننە ئاراوە، رەفتارو بیرکردنەوەشمان دەگۆڕن، ستایلی ژیانیشمان دەگۆڕن.

لەدوای تەلەڤزیۆن، سۆشیال میدیاو سۆشیال، پەیوەندییەکان،سایتەکان رۆڵێکی گرنگ دەبینن بۆ ریکلام و بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی. بەگوێرەی بەکارهێنەرێکی یەکجار زۆری ئینتەرنێت ئەکاونت و پێگەیان هەیە لە ماڵپەڕو پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، بۆیە هەم پەیام دەنێرن و پەیامیش وەردەگرن. خاڵێکی تری گرنگیش ئەوەیە خەڵک ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساوە لە سۆشیال میدیا کە ببێتە بەرهەمهێنەری دەقی میدیایی هەمەجۆر، بۆیە زۆرجار خەڵک و چالاکوانی دەرەوەی رێکخراوو دامەزراوەکانی ژنان و ئافرەتایش بازاڕسازیی کۆمەڵایەتیی دەکەن بەمەبەستی گەشەپێدانی جێندەر.

ئەم شێوازەی ئێستا دامەزراوەکان و رێکخراوەکان لەڕێگەی سەکۆکانی سۆشیال میدیا دەیکەن کاریگەری هەیە، بەڵام لە رووبەرێکی زۆر بەرتەسک تەنها گەنجی ناو شارە گەورەکان لەڕووی پەیامەوە لێیی تێدەگەن، کێشەکە زۆر گەورەو فراوانە، دەبێت پرس و را و بە کەسانی شارەزا بکەن، هەڵسەنگاندنی بۆ پەیامەکە بکەن، لە ئاستی پسپۆر توێژینەوەی لەسەر بکەن.

پێنجەم: هەنگاوەکان پێویستی بە بەردەوامی هەیە، پرۆسەکە پێویستی بە ئەقڵیەتی خەباتکردنە نەک وەک پیشە سەیری بکە ین، ئەگەر وەک پیشەیەک مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، نایگەیت بە ئامانجە سەرەکیەکە، ئەم بابەتە پێویستی بە روحیەتی خەباتگیری هەیە، زۆر درێژ مەودایە.ئەوەی گرنگە پێویستە بۆ سەرخستنی بیرۆکە و بابەت و ئامانجە سەرەکیەکە پشت بە سەرچاوەی مرۆیی کاریگەر ببەستین، رووخساری دیار و کاریگەر، ئەو ڤیدیۆیانە لەرێگەی رووخساری ناسراو بکەن کاریگەری زیاتر دەبێت.

ئەمانە هەمووی پێویستی بە وردبوونەوە هەیە، کاری پیشەیی نیە، جۆرێکە لە شۆرشی دەروونی پەروەردەیی و کەلتووری، ئاوا بە ئاسانی چارەسەر نابێ.

شەشەم: بۆ دەست نیشانکردنی باشترین شێوازی ڕێکلامکردنی کۆمەڵایەتی کە کاریگەری هەبێت بۆ گەشەپێدانی پرسی جێندەری،پێویستە رەچاوی ئەمانە بکەین:

1.خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵگە بکەین بزانین باشترین و گونجاوترین ئامراز کامانەن بۆئەوەی ڕێکلامەکان ئاڕاستە بکەین وەک تەلەڤزیۆن،ڕادێۆ، رۆژنامە، دیختیال میدیا.

2.باشترین شێوازی پەیام بۆ ڕێکلام ئامادە بکرێ. لە شێوازی نووسراو و وێنە وڤیدیۆ.

3. شێوازی ڕێکلامەکە پێویستە هۆشیاری بێت.

4.کاتی ئاڕاستەکردن بۆ وەرگران.".

حەوتەم: ناڕوونی و لێلیەکی زۆر لە تێگەیشتن لە پرسی جێندەر هەیە، لە راگەیاندنی دامەزراوە رێکخراوەکانی ژنان، رای گشتی سەبارەت بە پرسی جێندەر زۆر لاوەکییە، پێویستی بەکارکردنی زیاتر هەیە، ئەو کۆمەڵگەیانەی لە قۆناخی راگوزەریدان، ئاشنابوون بە بابەتە مۆدێرینەکان پێویستی بەکاری زیاتر هەیە، دۆخی هەرێمی کوردستان لەناوەڕاستی قۆناخی راگوزەردایە، پێویستە رێچکە و رێرەوی زیاتر هەیە، لاوازی تێگەیشتن لە پرسی جێندەر، ئەو دۆخەی کۆمەڵگەی پێدا تیپەردەبێت هۆکارە، خودی ئەو کەسانەی رابەری جێندەرناسین، دۆخی سیاسی و ئابووریش هۆکارە، وەک پێویست نییە، دۆخە سیاسیەکە

زۆر کاریگەری بەسەر سیستەمی گشتی، سیاسەت هۆکاری وەچەرخانی ئەو سیستەمە گشتییە، تاک کەوتۆتە ژێر رکێفی ئەو سیستەمە.

هەشتەم: کەمووکورِی لە گوزەرانی خەڵک یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە زۆر کات کاردەکاتە سەر بایەخدان و تێگەیشتن، هەڵە تێگەیشتن لە مانای چەمکەکە، هۆکاریی دیکە، میدیا هۆکاری دیکەیەو سەرەکیە، کەسانی ئەکادیمی و پسپۆران، بەشێکن لە کەمووکورِییەکە،پسپۆریمان لەبواری جێندەر کەمە، وەک بواری ئەکادیمای زۆر کەمە، حکوومەت پاشان رێکخراو و دامەزراوەکان، ئەو دوو لایەنە رۆڵی سەرەکیان هەیە لە گەشەپێدانی جێندەر، حکوومەت کەمتەرخەمە لە بایەخدان بە پرسی جێندەر، ئەگەر بێت و بە دروستکردنی و دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای خانمان و زیادکردنی رێژەی ژن دابنێت ئەوە چارەسەر نییە، بەدانانی بەرنامەو پلان و ستراتیژی، ناکرێت یەکسەر وەک رۆژئاوایی کاربکەین، هەر کۆمەڵگەیەک کەلتوورێک فێمێنزمێکی تایبەت بەخۆی هەیە، چونکە ئامانجی سەرەکی جێندەر برییتە لە دوورخستنەوەی زۆرترین زیان لەسەر ژن و زۆرترین سوود بۆ ژن.

نۆییەم: ئەوەی کە تا ئێستا لە میدیاکاندا بینراوە لەبارەی ریکلامە کۆمەڵایەتییەکان، زیدەترچرِکراوەتەوە لەو سپۆتە میدیاییانەی کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە فەرمییەکان بە سەپۆرتی دارایی رێکخراوە بەخشەرەکان دروستیانکردووەو دواتر لەرێگەی کەناڵە ئاسمانی لۆکاڵییەکانەوە بەخشکراوە، زۆرینەی ئەو سپۆتانە بۆ خزمەتی گێرِانەوەی شکۆی ئافرەت و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری یاسایی و کۆمەلایەتی دروستکراون، وەک ناوەرۆک هەم لەرووی بەشداری رەگەزی ئافرەت و هەم وەک ئامانج تارادایەکی باش جێگەی ستایشە، بەڵام گرفتمان لەگەڵ کەناڵەکانی میدیا هەیە، کە وەک پێویست بایەخیان بە بڵاوکردنەوە بازارِسازیی ئەو سپۆت میدیاییانە نەداوە.

# دەرئەنجام

# دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر بە کۆمەڵە دەرئەنجامێک گەیشت، لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:-

1.سەرەرای هەبوونی دامەزراوە و ڕێکخراوی تایبەت بە بواری ژن، جێندەر، هێشتا ناروونیەکی زۆر هەیە سەبارەت بە تێگەیشتن بە چەمکی جێندەر، دەرکەوتووە وەک پێویست کار بۆ ناساندنی ئەو چەمکە نەکراوە، بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەر و بایەخدانی دامەزراوە ڕێکخراوەکان وەک پێویست نیە.

2. سیاسەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان کاریگەری هەیە بەسەر بایەخدان و کارکردنیان لەسەر گەشەپێدانی جێندەر، بەشێک لە ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکان بەهۆی ئەوەی لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە یاخود سەرچاوەی داراییان ئاڕاستە دەکرێن، کاریگەری کردۆتە سەر شێوازی کارکردنیان لە بایەخدان و بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ جێندەر.

3. دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان، هەڵمەت و ریکلامی کۆمەڵایەتی و داکۆکردنیان زیاتر لە بابەتی(یەکسانی جێندەری، هۆشیاری یاسایی، جوڵانەوەی فێمنیزم لە کوردستان، ژن لەناوەندی بڕیارە)، لەکاتی بۆنە جیهانی و ناوەخۆیی و لۆکاڵیەکان گۆڕانکاری بەسەر پرس و بابەتەکان هاتووە، بەڵام پلانی ستراتیژ و درێژخایەنیان بۆ بایەخدان و گەشەپێدانی جێندەر نەبووە.

4. دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان، بۆ بەرهەمهێنانی ریکلامە کۆمەڵایەتی و بازاڕسازیی زیاتر پشتیان بە کادیری دەرەکی بەستووە، نەیانتوانیوە وەک پێویست پشت بە توانا و لێهاتووی کادیری نێو دامەزراوە و ڕێکخراو ببەستن، ئەمەش کاری کردۆتە سەر پەیامی سەرەکی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان.

6. شێوە و جۆر و ئامرازی بەرهەمهێنانی بەرهەمە کۆمەڵایەتی بۆ بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی بواری ژن، کۆنباوە، کەمتر شێواز و ئامرازی نوێ و سەردەمیان بەکارنەهێناوە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و بەرنامەکانیان.

7.دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان، لەسەر ئاستی شوێن، بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکانیان زیاتر لە سەنتەری شارە گەورەکان بڵاوکردۆتەوە، بایەخیان بە قەزا و شارەدێ و گوندەکان نەداوە.

8.بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو و دامەزراوەکانی ژن لەبواری جێندەر، تەنها پرسی یەکسانی جێندەرییە، بایەخیان بە لایەن و جۆر و بوارەکانی دیکە نەداوە.

9.دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی بواری ژنان، بۆشایی ڕاوێژکاری میدیایی و پسپۆڕ و شارەزایی بواری جێندەریان هەیە، پشتیان بە شارەزایانی بواری (ڕاگەیاندن، جێندەر)، نەبەستووە بۆ سەرخستنی پەیام و بیرۆکەکانیان.

10.کارانەبوونی بەشی ڕاگەیاندن و بازاڕسازیی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان، یەکێکە لە هۆکارەکانی لاوازی و کاریگەری دانەنان لەسەر وەرگر.

# ڕاسپاردە و پێشنیاز

# ڕاسپاردە و پێشنیاز

**ڕاسپاردەکان**

لە سۆنگەی ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر پێگەیشتووە، ئەو پێشنیارو راسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

1. پێویستە دامەرزاوە و ڕێکخراوەکانی ژنان، بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی کار لەسەر بایەخدان و گەشەپێدانی جێندەر بکەن، لەرێگەی ریکلامی کۆمەڵایەتی،بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، چونکە چەمک و بابەتەکانی دیکەی جێندەر هێشتا بۆ تاکەکانی نێو کۆمەڵگە وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە و ڕوونن‌ەکراوەتەوە.

2. پێویستە دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی بواری ژن، کار لەسەر پێگەیاندنی کادیری ناوخۆی بکەن، بۆ ئەوەی لە بەرهەمهێنانی ریکلامی کۆمەڵایەتی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، هەڵمەتەکانی داکۆکیکردن بۆ سەرخستنی پەیام و ستراتیژی دۆزەکەیان ئامانجی زیاتر بەدەستبهێنن.

3. پێویستە دامەزراوە ڕێکخراوەکانی بواری ژن، سوود لە کەسانی شارەزا لە بواری کۆمەڵایەتی، یاسایی و جێندەر وەربگرن، بەمەبەستی راوێژکاری سەرخستنی هەڵمەتەکانی هۆشیاری و داکۆکیکردن.

4. پێویستە دامەزراوە و ڕێکخراوەکان شێوازی ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان گەشە پێبدەن کار لەسەر شێواز و ئامراز و مۆدێلی پێشکەوتوو بکەن بۆ ئەوەی پەیامەکانیان لە کەمترین کات، ئاسانترین شێوە بگات بە زۆرترین وەرگر.

5. کردنەوە و گرنگیدان بە بەشی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژن، بۆ بایەخدان بە پرسی جێندەر و بابەت و بوارەکانی یەکسانی جێندەر، کۆمەڵناسی جێندەر.

6. پێویستە دامەزراوە و ڕێکخراوەکان هەماهەنگی بکەن لەگەڵ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی لەڕێگەی پرۆگرامەکانیان کار لەسەر گەشەپێدانی جێندەر بکەن، بە پشتبەستن بە کەسانی پسپۆر و شارەزا.

**پێشنیازەکان**

1. پێشنیاز دەکەین بۆ توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوە لەبارەی بابەتی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی و پرسی جێندەر، کاریگەری ئەو چەمک و بابەتە تازانە لەسەر گەشەپێدانی جێندەر لە هەرێمی کوردستان بکەن، بە پشت بەستن بە ڕێبازی زانستی ڕووپێوی.

2. پێشنیاز دەکەین بۆ دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی بواری ژن، هەماهەنگی و پەیوەندییان لەگەڵ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەهێزتر بکەن، بۆ ئەوەی هاوکارییان بن لە بڵاوکردنەوەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە بواری جێندەر.

3. ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە بە فراوانکردنی چوارچێوەی توێژینەوەکە، بۆ ئەوەی بتوانرێت هەموو ڕێگەکانی دیکەی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت لە بواری جێندەر و پرسە کۆمەڵایەتیەکان.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

### یەکەم:کتێب:


- ئەحمەد،کەمال مەزهەر.(1981).ئافرەت لە مێژوودا، بەغدا: چاپخانەی مەنسوور.
- ئەکرەم،سورێن.(2019).فێمێنیزم و جێندەرناسی،هەولێر:چاپخانەی شەهاب.
- المیساعد، نورە فرج؛بەرزنجی،عەبدوڵڵا تاهر.(2006) فێمێنیزم فیکر و رەوتەکانی،سلێمانی:چاپخانەی یاد.
- ئێمە،رێکخراو.(2020).دەروازەیەک بۆ بزووتنەوەی فێمێنیزمی، هەولێر: چایخانەی ئازادی.
- ئەنوەر، پەیڕەو.(2021).سەرەتاییەک بۆ جێندەرناسی،هەولێر:چاپخانەی شەهاب.
- ئۆکین،سۆزان، مۆلێر؛سولتانی، رەسول.(2008).ژن لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا، دهۆک:دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی.
- بابایی،پرشنگ.(2005).باری کۆمەڵایەتی ئافرەت لە ڕۆژگاری دێریندا،سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- حسن،شادیە؛ کەریم،سەروەر.(2006).ژن و هۆشیاری سیاسی، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی سابات.
- حەمەسەعید،نەزاکەت حسین.(2020).بازارگەری و بازاڕگەری میدیای، سلێمانی:چاپخانەی کاروان.
- رەئووف،عەزیز.(2007).ئاشنابوون بە فێمینیزم،سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ڕۆژ،کۆسار کەریم.(2017).بەرەوپێشچوونی دۆخی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان 1992 - 2017، هەولێر:چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب.
- سالح،کازیوە.(2005).فیمینستناسی و جڤاکی کوردی،هەولێر:چاپخانەی دەزگای ئاراس.
- سلیمان،لەیلا محمد.(2020).بازاڕگەری،سلێمانی:چایخانەی کۆشکی سەرا.
- سەیدۆ،سالار تەحسین.(2019).ئاسایشی کۆمەڵایەتی،هەولێر:چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- سدیق، ئارام.(2007).دۆزی ژن و هەزارەی نوێ، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
- شێخانی،رۆزا.(2022).ترس لە فێمێنیزم،سلێمانی: چایخانەی کاروان.

- شەریفی،فەرشید.(2012).فیمێنیزم،سلێمانی:چاپخانەی سەردەم.
- علی،ڕێزان خەتاب.(2018).یەکسانی جێندەرناسی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- عەبدوللا،شۆخە.(2007). جێندەر لە سێ کتێبی سویدیدا،سلێمانی: چاپخانەی بینایی.
- عەلی،بەهار.(2008) توندوتیژی دژ بە ژنان، هەولێر: چاپخانەی ئازادی.
- قەرەداغی،مەهاباد.(2018).ئافرەتیزم، توێژینەوەی مێژوویی،هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
- گەیت،مارتن لی.(2015).ژنانی سەردەمی خۆیان – مێژووی فیمینیزم لە خۆرئاوا، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم.
- میل،جۆن ستیوارت؛ سولتانی.(2011).کۆیلەکردنی ژنان، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- ناوخۆش،سەلام.(2020).جێندەری زمانەوانیی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- یەحیا، شەونم.(2021).پرسی ژن لە کۆنتێکستوالیزاسیۆنی سۆسۆپۆلۆجێندەری،هەولێر:چاپخانەی ئادیا.
-ڤینسنت، ئاندرۆ.(2003).جیهانی فیمینیزم،سلێمانی: چاپخانەی سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبریی ژنان.
-نەقش،رەحمان.(2001).کۆمەلێک بابەت سەبارەت بە فێمێنیزم،هەولێر:چاپخانەی منارە.

**دووەم:-گۆڤارە کوردییەکان:**

- مەحموود، جەمیلە شێخ.(2017).جێندەر لە نێوان بۆچوونەکاندا،گۆڤاری تەوار،سلێمانی: چاپخانەی تەوار.
- میترۆ،سەنتەری:ئاسوودە:ڕێکخراوی(2020). ژن و دلرەقی میدیا، توێژینەوەیەکی هاوبەش، سلێمانی:چاپخانەی کارۆ.
- حەمە،هاوڕێ حەسەن.(2021).فێمێنیزم و ئاراستەکانی لە پەیوەندییە نێودەولەتییەکاندا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، هەولێر:چاپخانەی منارە.
- ڕەئوف،لوقمان.(2019).بزوتنەوەی فیمینیزم، گۆڤاری ئایدیا، ئاماژە بە ژمارەی گۆڤار و سالی چاپ نەدراوە، هەولێر: چاپخانەی کارۆ.
- ناوخۆ،وەزارەتی.(2019). سیاسەتی یەکسانی لەنێوان ئافرەت و پیاو لە ئەرک و مافدا، زنجیرە (9)، چاپی یەکەم، هەولێر:چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.
- قەرەداغی،مەهاباد.(2019).شیکار، گۆڤارێکی وەرزی هزرییە، سالی حەوتەم ژمارە (28)، هەولێر:چاپخانەی حاجی هاشم.
- قانع،مەریوان وریا.(2006).سەرەتایەک دەربارەی فیمینیزم،گۆڤاری رەهەند، ژمارە18، سلیمانی:چاپخانەی رەنج.

- رحمان،ئەرسەلان.(2018).توندوتیژی دژ بەژنان ژن لەمیدیادا،گۆڤاری ژن مەگەزین ژمارە 18، سلێمانی:چاپخانەی کەکۆن.
- قەرەداغی،مەهاباد.(2020). شیکار، گۆڤارێکی وەرزی هزرییە، ساڵی هەشتەم ژمارە (29)، هەولێر:چاپخانەی حاجی هاشم.
- مەهدی،هەردی.(2021).ژنی کورد و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، شازدەم کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئەنترۆپۆلۆژیا برۆکسل، گۆڤاری رامان(285-286) هەولێر:چاپخانەی رۆژهەڵات.

**سێیەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

- ئازگەیی،شۆرش خالید.(2019).دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی،سایتی ئاوێنە.https://www.awene.com/article.
- حامد،فرح.(2009).دراسة مختصرة حول مفهوم النوع الاجتماعي الجندرمؤسسة امرأة العراقية - www.iraqws.com/iraq/site/iraqwof.org.......23/4/2010
- محمود، د.کاوە(2015). رۆڵی دامەزراوە رۆشنبیرییەکان و دامەزراوە ئایینییەکان لە ئاشتی کۆمەڵایەتیدا، سایتی سەنتەری میترۆ.https://www.metroo.org/

لینکی ویاساییەکان:

- بەگیخانی،د.نەزەند.(2019). چەند راستییەک دەربارەی مێژووی سەنتەرەکانی جێندەر لە کوردستان، سایتی رووداو.https://www.rudaw.net/sorani/opinion/170420191

- عەزیز،ئەڤین.(2016). دیکتاتۆریەتی سێکسی،ماڵپەری کولتور مەگەزین.
**http://cultureproject.org.uk**
- رێکخراوە ناحکوومیەکان، فەرمانگەی.(2022)..                                    .
https://gov.krd
- هەرێمی کوردستان،حکوومەتی.(2022).ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان.                     https://gov.krd.
https://gov.krd/
https://guilsboroughschoolmedia.wordpress.com
https://www.merefa2000.com/2021/09/pdf_65.html
https://www.unwomen.org/en/csw/ngo-participation
https://www.ngosource.org
https://www.undp.org/

**چوارەم:نامەی ماستەر بە زمانی کوردی**

- أحمد،لاولاو عبدالعزیز.(2010).جێندەر و کەڵەکەبوونی نایەکسانی سەرمایە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، (نامەی ماستەری بلاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی.
- عبداللە،شەهلە سالح.(2016).،رۆڵی فێمێنیزم لە بەشداری سیاسی ژنان لە هەرێمی کوردستاندت. (نامەی ماستەری بلاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و رامیاری، بەشی زانستە سیاسیەکان.

**پێنجەم:چاوپێکەوتنەکان:**

-پ.د.هێرش رسول موراد، مامۆستای بەشی پەیوەندییە گشتیەکان و بازاڕسازی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.(چاوپێکەوتن، وەتسئاپ: 25ی ئابی 2022.
-پ.ی.د. حەبیب کەرکوکی پەیمانگای زانستی ڕاگەیاندن زانکۆی ڕور بۆخوم - ئەڵمانیا.(چاوپێکەوتن،مێسێنجەر،1ی ئابی 2022).
-پ.ی.د ئاراز رەمەزان احمد، مامۆستای بەشی راگەیاندن، زانکۆی راپەرین.(چاوپێکەوتن راستەوخۆ، 3ـ ئابی 2022).
-پ.ی.د.ژیا عباس قادر،سەرۆکی بەشی کاری کۆمەڵایەتی،زانکۆی سلێمانی.(چاوپێکەوتن، مێسێنجەر،22ی تەممزی2022)
-پ.ی.د.کاروان قادر عەلی، مامۆستای بەشی پەیوەندییە گشتیەکان و بازاڕسازی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.(چاوپێکەوتن، مێسێنجەر، ناراستەوخۆ، 1ی ئاب 2022).
-د. ظاهر حمدامین صابر، بەشی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.(چاوپێکەوتن، راستەوخۆ، هەولێر، 25ـ ئابی2022)
-م.شەهلە صالح عبداللە، سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆی سۆران.(چاوپێکەوتن، راستەوخۆ، 3ی ئاب 2022).
-پ.ی.د.بەهات حەسیب قەرەداخی، مامۆستای بەشی تەکنیکی میدیا، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.(چاوپێکەوتن، وەتسئاپ،ناراستەوخۆ، 22ی ئاب 2022).
-ئاری رەفیق، ماستەر لە کۆمەڵناسی، ی.بەڕێوەبەری گشت بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژبە ئافرەتان. و خێزان لەوەزارەتی ناوخۆ.(چاوپێکەوتن،راستەوخۆ، هەولێر، 7ی تەمووز2022).

-م.دنیا صلاح الدین مردان مامۆستا له بەشی کاری کۆمەلایەتی چالاکوان و راهێنەری کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵناسی و سیاسەتی کۆمەلایەتی جێندەر.(چاوپێکەوتن، ناراستەوخۆ، مێسێنجەر،24ی ئاب2022).

-کاوە مەحموود، وەزیری پێشووی رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.(چاوپێکەوتن، راستەوخۆ، هەولێر، 1ی ئایار2022).

-خانم رەحیم لەتیف، سەرۆکی رێکخراوی ئاسوودە.(چاوپێکەوتن، ناراستەوخۆ، مێسێنجەر، 22ی حوزەیران2022).

-تانیا کەمال قادر، سەرۆکی ریکخراوی راسان.(چاوپێکەوتن، ناراستەوخۆ، مێسێنجەر، 16ی حوزەیران2022).

-ناسک سەعید، بەرپرسیی بەشی راگەیاندن، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.(چاوپێکەوتن، هەولێر، راستەوخۆ، 6ی حوزەیران 2022).

-سەیران محەممەد،بەرپرسی راگەیاندن، یەکێتی ژنانی کوردستان.(چاوپێکەوتن، راستەوخۆ، سلێمانی، 1ی ئاب2022)

-شۆخان ئەحمەد، بەرێوەبەری رێکخراوی هاریکاری یاسایی.(چاوپێکەوتن، راستەوخۆ، هەولێر، 21ی تەمموز 2022).

-هاوژین عبدالله،بەرپرسی راگەیاندن، فێمێنیزمی رۆشنگەری(چاوپێکەوتن، ناراستەوخۆ، مێسێنجەر، 23ی ئاب2022).

-شنۆ نوری، بەرپرسی راگەیاندن، رێکخراوی ڤایۆلێت.(چاوپێکەوتن،راستەوخۆ،سلێمانی، 7ی تەمموز2022).

-خانزاد ئەحمەد، ئەمینداری ئەنجوومەنی بالآی کاروباری خانمان و گەشەپێدان.(چاوپێکەوتن،راستەوخۆ،هەولێر 24ی ئایار2022)

-بەسمە حەبیب، سەرۆکی ئەکادیمای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن.(چاوپێکەوتن،راستەوخۆ،سلێمانی، 10ی تەمموز2022).

-قومرییە بەرزنجی، رێکخراوی خوشکانی ئیسلامی.(چاوپێکەوتن،ناراستەوخۆ،مێسێنجەر، 17ی ئاب2022).

-بەهار عەلی، بەرێوەبەری رێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی.(چاوپێکەوتن، راستەوخۆ،هەولێر، 2ی ئاب2022).

-رێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان، بەهار مونزر.(چاوپێکەوتن، ناراستەوخۆ، مێسێنجەر،3ی تەمموز2022).

-د.نیشــــــــتمان عوســــــــمان، بەرپرســــــــــی یەكەی جێنــــــــدەری، زانكـــــــۆی سۆران.(چاوپێكەوتن،راستەوخۆ،هەولێر،25ی ئایار2022).

**كتێبەكان بە زمانی عەرەبی-**

- إبراهيم، محمد.(2004).التسويق الاجتماعي،عمان:دارالوائل للنشر.

- البكـري فـؤاده عبـد املنعـم.(2007).التسـويق االجتامعـي وتخطيـط الحمــلات الإعالميــة، القاهـرة:عـامل الكتـب.

- البكرى،ثامر ياسر.(2001).التسويق والمسئوولية الاجتماعية، عمان:دار وائل للنشر.

- الصـميدعي، محمـود هاشـم.(2012).مـداخل التسـويق المتقـدم، عمـان: دار زهـران للنشـر و اللتوزيع.

- العـلاق، بشـير.(2011). التسـويق الاجتيماع،جامعـة الـدول العربيـة، القـاهرة: المنظمـة العربيـة للتنمية الادارية.

- العوادلى سلوى.(2001). التسويق الاجتماعى، مصر:دار النهضة العربية.

- القيشاوي،ذوقان.(1997).التسويق الإجتماعي،عمان: دار بيروت النشر.

- حجازي،محمد حافظ.(1999).مقدمية في التسويق، مصر: دار الوفاء للنشر و التوزيع.

- حسـو، د.عصـمت محمـد.(2009). الجنـدر، الابعـاد الجتماعيـة و الثقافـة، عمـان: دار بيـروت النشر.

- زعموم،خالـد.(2006).التسـويق الاجتمـاعي بـين النظريـة و التطبيق،الامـارات العربيـة المتحـدة: مكتبة الجاميعة الشارقة.

- شريين،أبوبكر؛ أميمة شـكري.(2002).امـرأة والجنـدر-الغـاء التمييـز الثقـايف واالجتمـاعي بنـي اجلنسني،دمشق: دار الفكر.

- شوي،اورزولا، ياسين؛بو علي.(1995).أصل الفروق بين الجنسين، اللاذقية: دار الحوار.

- عبدالعزيز،سامى.(2013). التسويق الاجتماعى و السياسى،مصر: دار النهضة العربية.

- عبيدات، محمد ابـراهيم.(2004).التسـويق الاجتمـاعى، الاخضـر والبيئ،عمـان: دار وائـل للنشـر والتوزيع.

- عرجان، لارا.(2010).التسويق الإجتماعي في قطاع النجاح، مصر: مطبعة الحرة.

- فريد كريمان.(2006).المسئولية الاجتماعيـة و التسـويق الاجتمـاعى، مصـر:الطبعة الاولـى، دار النهضة العربية.

- معلا، ناجي.(2006).بحوث التسويق،مدخل منهجي تحليلي، عمان: دارالوائل للنشر.

- وليامز،سوزان.(1999).دليل "أوكسفام" للتدريب على الجندر،الجزء الاول،بيروت: مطبعة معنين الامام.
- يوسف،ردينة عثمان.(2008).التسويق الصعى و الاجتيماعي، عمان:دار المناهج للنشر و التوزيع.
-صميدعى،محمود يوسف.(2003).التسويق الاعلامي المبادئ والاستراتيجيات،عمان – الاردن:دار المناهج للنشر والتوزيع.

**-مجلة**

- ابراهيم، مراد؛حبيب،هيرش رسول.(2021)تاثير اعلانات الستويق الاجتماعي في سلوك الجمهور بخصوص الوقاية من فيروس كورونا،مجلة جامعة دهوك،(العلوم الانسانية و الاجتماعية)،كوردستان:عدد.24

-أرض،العون القانوني.(2015).نبض النوع الاجتماعي.عمان: مجلة الكترونية.
-أزرويل، الزهراء: البزري دالل، فاطمة.(1995).المرأة العربية بني الواقع والتصور، القاهرة: دار نور، االمرأة العربية للنشر.
-زهير،حلوي؛ جمال الدين،حيى.(2004).مفهوم القرار التنفيذي عند موريس هوريو، المجلة المغربية، مغريب، دارة المحلية والتنمية، عدد 167.
-كردي،أحمد السيد.(2020).أهمية التسويق وأهدافه، كنانة أونلاين، www.Kenanaonline.com.
-الكوردى،عالية فرج.(2000).الجندر بين المصطلح و النظرية، عرض تاريخى و التحليلي، مجلة المجتمح، العدد 1661.
-محفوض، سمر.(2019) صورة المراة فى الاعلان و الاعلام العربى فى سياق النزعة الاستهلاكية المفرطة، الصحفية المثقف.
-الموقع الألكترونية للجامعة الأمريكية للتسويق الإجتماعي – www.auis.edu.iq.

**-رسائل ماجستير و الاطروحة دكتوراه:**

-احمد،مروة صبحى.(2008).تقيم دور حملات التسويق الاجتماعية فى دعم المشاركة المجتمعية،قاهره:(رسالة ماجستر غير منشوره).كلية الاعلام، جامعة القاهرة،.
-برهان الدين،بوران.(2021).تخطيط حملات التسويق الاجتماعى،القاهرة:(رسالة دكتوراه) كلية الاعلام، جامعة القاهرة.

-زناد،رياض.(2011).دور التسويق الاجتماعي في تفعيل برامج الادماج الاشامل للاشخاص ذوي الآعاقة في الجزائير، الجزائر:(رسالة ماجستر غير منشورة)، كلية العلوم الاقتصادية و علوم التسيير، جامعة منتوري قسنطنية الجزائير.
-سماش، أيمن.(2021).أثر التسويق الاجتماعى على سلوك المستهلك الجزائرى فى ظل جائحة كورونا، الجزائر: (رسالة غير منشورة)، جامعة العربى بن مهيدى، الجزائر.
-شفيق ئارى رفيق.(2015).دور منظمات المجتمع المدني فى تعديل التشريعات القانونية لتحقيق المساواة بني الجنسين، مصر:(رسالة ماجستر غير منشوره). دراسة ميدانيـــة في مدينة أربيـــل - اقليم كـو ردستان العـــراق،، علم الاجتيماع، كلية الاداب - جامعة المنصورة.
-غباشى، نفين احمد.(2002).تائثير برامج التسويق الاجتماعى لقضية التلوث الصناعى فى مصر:(دكتوراة غير منشورة)،كلية الاعلام، جامعة القاهرة.
-لعبادى،بو عبدالله؛رميصا،زينب.(2020).التسويق الاجتماعي للقضايا البئية عبر مواقع التواصل الاجتماعي، الجزائر: (رسالة ماجستر غير منشورة). كلية العلوم الاجتماعية ة الانسانية،قسم العلوم الانسانية.
- ناصر، نهى السيد أحمد.(2016). دور حملات التسويق الاجتماعي بالتليفزيون في نشر الوعي لدى الجمهور المصري تجاه قضايا التنمية،مصر: المجلة العربية لبحوث الاعلام والاتصال، عدد،14: بحوث علمية متخصصة فى مجال الاعلام والاتصال.
-هبير،يحياوى؛ نضيرة،هيام.(2020).دور حملات التسويق الاجتيماعى فى تحسين صورة الموسسة الاقتصادية، دراسة ميدانية على عينة من الجمهور الخارجى لموسسة سونلغاز، بمدينة ام البواقى، الجزائر:(رسالة ماجستر غير منشوره)جامعة العربى بن المهدى-ام البواقى-كلية العلوم الاجتماعيةو الانسانية، قسم العلوم الانسانية.
-الياس،سليم بطرس.(2007).دور المثقفين في بناء المجتمع المدني، دراسة اجتماعية ميدانية، في اقليم كوردستان العراق، كوردستان:(رسالة دكتوراه غير منشورة) جامعة صلاح الدين، كلية اداب قسم علم الاجتماع.

**-نامەی ماستەر بە زمانی ئینگلیزی**

- MARTAM,IRMA.(2016).STRATEGIC SOCIAL MARKETIN TO FOSTER GENDER EQUALITY IN INDONESIA.
- Pastrana,Nathaly Aya.(2020) Claire Somerville , L Suzanne Suggs.THE GENDER RESPONSIVENESS OF SOCAIL MARKETIN

INTERVENTONS FOCSUED ON NEGLECTED TRPICAL DISEASES,2020.
- ROBERSTON,KIRSTEN.(2013).JESSICA DAVIDSON, GENDER-ROLE STEREOTYPES IN INTEGRATED SOCAIL MARKETING COMMUNICATION: INFLUNCE ON ATTAITUDES TOWARDS THE AD.

-سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی: -

- A hospital makes business its business.(1992).profils in Healthcare marketing.48 (July-Aug).2-13.
- Ajzen, I. and M. Fishbein.(1980).Understanding Attitudes and Predicting Social Behavior. Englewood Cliffs, NJ: Prentice Hall.
- Anderson,Alan R.(1994) Social marketing: Its definition and Domain, Journal of public marketing, Vol. 13, No:1.
- Andreasen ,Alan R.(1995).marketing social change ,san Francisco, CA:Jossey Bass publishers.
- Andreasen, A. (1995),.Marketing Social Change: Changing Behavior to Promote Health, Social Development and the Environment, San Francisco: Jossey-Bass.
- Andreasen,A. (1995).Marketing social change: Changing behavior to promote health, social development, and the enviroment.
- Asch, S.(1951)."Effects of Group Pressure Upon the Modification and Distortion of Judgments," in Groups, Leadership and Men, H. Guetzkow, ed., Pittsburgh: Carnegie.

- Bryant ,C.et al. (1999).Increasing consumer satisfaction.marketing Health Services.

- Backer ,Tet al.(1992).Designing health communication campains: What works? Newbuy park, CA:sage.
- Butler, Judith.(1999). Gender trouble: feminism and the subversion of identi, routledge.
- -Christopher Lovelock.(2001).Services marketing "People, Technology, Strategy", 4thed., Prentice Hall, New Jersey.
- Ciszewski ,Robert L and Philip d. Harvey.(1995).contraceptive price changes ,International Family planning Prespectives December, 150-154,1995.Contraceptive social marketing statistics.Washington.DC DKT,Internatiional.

- Cotler,p.&Levy,S.(1969).Broadening the concept of marketing Journal of Marketing.
- Dan, Meet Rose.(2011).Social marketing Basics, Social of Development and the Environment.
- Felice Davidson Perlulter.(1995). Non Profit, management issues, in Encyclopedia of social work , 19th ed, National Association of social workers , USA.
- Firestone,Rebecca.(2016). The effectiveness of social marketing in global health: a systematic review, Health Policy and Planning.
- Glanz, K, F. Lewis and B. Rimer.(1997). Health Behavior and Health Education. San Francisco: Jossey-Bass.
- Helena M. Alves & M. Mercedes Galan-Ladero. (2019).Theoretical Background: Introduction to Social Marketing, in M. Mercedes Galan-Ladero & Helena M. Alves (eds.): Case Studies on Social Marketing "A Global Perspective", Springer Nature Switzerland AG, Switzerland,
- J,Svensson.(1996). Muslimsk Feminism Nagra Exempel Teologiska Institutionen, Lunds Universitet.
- JOHN ARCHER and BARBARA LLOYD.(2002).Sex and Gender, SECOND EDITION, Cambridge University Press The Edinburgh Building, United Kingdom.
- Jutbring,Henrik.(2017).Social Marketing through Events, Ph. D. dissertation, School of Business, Economics and Law, University of Gothenburg, Sweden.
- Kendall,Diana.(1999).Sociology in our Times, 2nd (ed), Wadsworth Publishing Company, U.S.A.
- Kerim yeldiz.(2004).The Kurds in Iraq (the past, present and future), Plato press, London.
- Kimmel, M. S.(2000). The Gendered Society, Oxford University Press, New York
- korhonen,T. et al.(1998). Impact of mass media and interpersonal communication on smoking cessation attempts. Journal of Health Communication.
- Kotler p.& Roberto, E.(1989).Social marketing. Strategies for Changing public Behavior.New York: the free press.
- Kotler p.& Zaltman ,G. (1971).social marketing An approach planned social change. Journal of Marketing, 35(2).

- Kotler, Philip.(2008).Social Marketing influencing Behaviors' for good,(united kingdom).
- Kotler,Armstrong.(2004): principles of marketing,10th ed,prentice Hall, New Jersey.
- Kotler,Zaltman,G.(1971) Social marketing. An approach to planned social change.Journal of marketing.
- Lin, N. (2001).Social Capital A Theory of Social Structure and Action, Cambridge University Press, New York.
- M. Sadijsade, Darbareje.(1996).Feminism va Tatbigh an ba Masael Islami (Islam and Feminism), (Bonjad Phajoheshhaj zanan, USA.
- MacStravic,S.(1999).Winning consumer loyalty in health car.Chicago,IL:Health Administration press. Tilbury ,M.,&Fisk,T.(1989).marketing and nursing. Owings Mills, MD:National Health publishing.
- Meischke, Hendrika.(n.d).(2011).Social Marketing Theory. Retrieved 7 September.
- Mohammed Kaosar Ahmed, Sultana Jahan.(2014). Feminist Discourse and Islam: Critique, International Review of social sciences and Humanities, (IRSSH), vol6, N02,
- N. Ramazani.(1993).Women in Iran, Middle East journal, 43(3)
- Neslin.(1990). Sales promotion:concept.
- NorthWest Public Health Observatory(2006).Population Targeting: Tools for Social Marketing, Synthesis "bringing together policy, evidence and intelligence, Iss. 3, December.
- Oakley A.(1974).Women's Work: The Houses wife, Past and Present. New York: Pantheo Books.
- O'Brien, Jodi (ed).(2009). Encyclopedia of Gender and Society, (vol) 2, SAGE Publications, U.S.A,
- Olivier Serrat.(2010).The Future of Social Marketing.
- O'Sulivan,&Spangler,K.J.(1998).Experience marketing.State Collge,PA: Venture Publishing.
- Pafu, M. (1995), "Designing Messages for Behavioral Inoculation, 99 in Designing Health Messages: Approaches from Communication Theory and Public Health Practice, eds., E. Maibach and R. Panott. Thousand Oaks, CA: Sage Publications.

- Pasha,Aisha ghaus.(2005).Role of civil society organization in participatory and accountable governance, Global Forum on Reinventing Governmen Towards Participatory and Transparent Governanc, Seoul.
- Philip, kotler and Eduardo L. Roberto(1989).social marketing strategies for changing public Behavior. The free press, Macmillan, Inc,New York,
- Prochaska. J, C. Redding and K. Evers.(1997). "The Transtheoretical Model of Stages of Change" in Health Behavior and Health Education, eds., K. Glanz, F. Lewis and B. Rimer, San Francisco: Jossey-Bass.
- Richard K. manoff (1985).social marketing.New Imperative for public Health. Praeger, New York.
- Ross, John A. and Stephen L. Isaacs.(1988)."Costs, Payments and Incentives in Family Planning Programs: A Review for Developing Countries, "Studies in Family Planning, 19(5 Sept./Oct).
- Shaw,Alina.(2012).Social marketing strategies to prmote for supplementation in the Peruvian high lands, international, journal, vol. 17, Nov.
- Shimp, Terence A. (1997). Advertising, Promotion and Supplemental Aspects of Integrated Marketing Communications, 4th Ed., Fort Worth, TX: The Dryden Press.
- Simon J. Bell & Alicia Glenane(2003).Extending the vision of social marketing through social capital theory marketing in the context of intricate change, University of Melbourne, Australia, Vol. 3.
- Solaiman,Mohammad.(2015).Factors Affecting the Success of Social Marketing: A Case of Bangladesh, Australia and New Zealand Journal of Social Business, Environment and Sustainability.
- Teater,Barbra(2013).Contemporary Social Work Practice: A Handbook for Students Open University Press.
- Tong R (.1992) Feminist Through. London: Roeotledge.
- W. Edward Crighead & Charles B. Nemeroff.(2004). The Concise Corsini Encyclopedia of Psychology and Behavioral Science, 3rd ed.,John Wiley& Sons, Inc, New Jersey.
- Wacquant, L. (2002), "Pierre Bourdieu", in Key Sociological Thinkers, Stones, R. (ed.), Palgrave.
- Weinerich,Neadr kline.(2007). Social marketing at your finger tips A quick guide to changing the world, Book club Edition.

**ئامارە فەرمییەکان:**

-وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

-فەرمانگەی رێکخراوە ناحکوومیەکان هەرێمی کوردستان.

-سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

-ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان.

-بانکی زانیاری بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری و راگەیاندن-وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

# پاشکۆکان

**پاشکۆی ژمارە(1)**

**پێوەری ڕاستی فۆڕمی پرسیارەکانی توێژینەوە:**

| ژ | ناوی پسپۆران | پسپۆری | پرسیاری دروستەکان | پرسیارە نادروستەکان | ڕێژەی سەدی ڕاستیەتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ.د.نەزاکەت حسێن حەمەسەعید | ڕاگەیاندن | 7 | 3 | %70 |
| 2 | پ. ی. د. حەبیب مالله ابراهیم | ڕاگەیاندن | 8 | 2 | %80 |
| 3 | پ.ی.د.ژیا عەباس قادر | جێندەر | 8 | 2 | %80 |
| 4 | پ.ی.د.پاڤێ جەمیل ئەحمەد | ڕاگەیاندن | 8 | 2 | %80 |
| 5 | د.عەبدولسەمەد قادر حەسەن | ڕاگەیاندن | 8 | 2 | %80 |
| **کۆی گشتی** | | | 39 | 11 | %78 |

**پاشکۆی ژمارە(2)**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی-بەشی تەکنیکی میدیا

**ڕۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە بایەخدان بە پرسی جێندەر لە هەرێمی کوردستاندا**
**(ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بە نموونە)**

**ڕێز و سلاو**

**ئەم پرسیارانەی کە لە فۆرمێکدا بۆتان ڕەوانە دەکەین، تایبەتە بە لایەنی مەیدانی توێژینەوەیەکی زانستی، بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ڕاگەیاندن، بەناونیشانی(ڕۆڵی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە بایەخدان بە پرسی جێندەر لە هەرێمی کوردستاندا، ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بە نموونە)، ئامانجی توێژینەوەکە، زانینی ئاستی بایەخدان و پشت بەستنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی بواری ژنە لە کوردستان، بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی لە بایەخدان بە پرسی جێندەر، بەشداریکردنی بەڕێزتان لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و تەرخانکردنی کات، پشتیوانیکردنی بەڕێزتانە لە سەرکەوتنی هەوڵەکانی توێژەر بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی زانستی دروست.**

**سوپاس بۆ هاوکاریتان**

| | |
|---|---|
| **توێژەر** | **سەرپەرشتیار** |
| **ئاڤان فارس ئەسعەد جاف** | **پ.ی.م.هەردەوان محموود کاکەشێخ** |

**فۆرمی پرسیارەکان:**

توێژەر بۆ دەستکەوتنی زانیاری و داتا لەبارەی کاروچالاکی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژن لە چوارچێوەی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی، (10) پرسیاری ئاڕاستەکردوون، چاوپێکەوتنەکان بەشێکیان بەشێوەی راستەوخۆ، ئەوانیتر لەرێگەی لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە ئەنجامدراون.

**یەکەم: پرسیاری تایبەت بە دامەزراوە رێکخراوەکان**

1.کورتەیەک لەبارەی مێژووی دامەزراوە و رێکخراوەکەتان ئاماژە پێبکەن؟

2.سنوری کارکردنی؟ پارێزگا، زیاتر لە پارێزگایەک، هەرێم، عێراق، نێودەوڵەتی؟

3.ئایا میدیاکاری بەئەزموون یان دەرچووی بەشەکانی ڕاگەیاندن لە دامەزراوەکەتان، لە بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکان کاردەکەن؟

4.ئایا تا چ ڕادەیەک پرسی جێندەر بایەخی پێدراوە لەنێو ڕیکلامە کۆمەڵایەتییەکانی دامەزراوە یاخود ڕێکخراوەکەتان، چۆن؟

5.ئایا بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی بواری ژنان زیاتر فۆکەسی لەسەر کام بواری جێندەرە؟

6.ئایا ڕێکلامە کۆمەڵایەتییەکانی دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی بواری ژنان بۆ پرسە جێندەرییەکان زیاتر لە کام فۆرمی میدیایەوە بڵاوکراوەتەوە؟

7.میدیای رێکخراو و دامەزراوەکانی ژنان تا چەند بایەخ بە شێوازەکانی بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی داوە بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی جێندەری؟

8.ئایا لە بەرهەمهێنانی ڕیکلامە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ پرسی جێندەر پشت بە کام سەرچاوەی مرۆیی دەبەستن؟

9.کادری ناوخۆیی یان کۆمپانیای تایبەتمەند بەڕیکلام، یان کۆمپانیای بیانی؟

10.ژمارەی ئەو ڕیکلامەکۆمەڵایەتیانەی بەرهەمهتانهێناوەو بڵاوتانکردووەتەوە چەندە؟

**دووەم-پرسیاری تایبەت بە پسپۆرانی بواری راگەیاندن و جێندەر**

1.کاریکەری بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی بۆ گەشەپێدانی جێندەر لە کوردستان چۆنە؟

2. رۆڵی رێکخراوەکان و دامەزراوەکانی تایبەت بە ژن چۆن دەبینی لە گەشەپێدان و بایەخدان بە جێندەر لە رێگەی بازاڕسازی کۆمەلایەتی؟

3.دامەزراوە و رێکخراوەکان پشت بە چ ئامرازێک ببەستن بۆ گەشەپێدان و بایەخدان بە جێندەر؟

4.ئایا دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژن/ئافرەتان بایەخیان بە بازاڕسازیی کۆمەڵایەتی، ریکلامی کۆمەڵایەتی داوە بۆ بایەخدان بە پرسی جێندەر.

-پاشکۆی ژمارە(3)

**سێیەم-فۆرمی سەرەنج و تێبینیەکانی توێژەر**

| ژ | ناوی دامەزراوە و رێکخراو | بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکان | شوێنی بڵاوکردنەوە | جۆرەکەی | سەرەنج و تێبینیەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | | | | | |
| 2 | | | | | |
| 3 | | | | | |
| 4 | | | | | |
| 5 | | | | | |
| 6 | | | | | |
| 7 | | | | | |
| 8 | | | | | |
| 9 | | | | | |
| 10 | | | | | |
| 11 | | | | | |
| 12 | | | | | |
| 13 | | | | | |

**پاشكۆی ژمارە(4)**

**رەزامە ندی بڵاوكردنەوەی توێژینەوە:**

وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
گۆڤـــاری پۆلیتەکنیك
بۆ زانستەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان

Polytechnic Journal
of Humanities and Social Science

No: | ژمارە : ٨٧٩٢
Date: | ڕێکەوت : ١٦ / ١٠ / 2022

**بۆ توێژەرانی بەڕێزان/ ئاڤان فارس اسعد** / بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پ.ی.م.هەردەوان کاکەشێخ مەحموود** / بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**ب / ڕەزامەندی بلاوکردنەوەی توێژینەوە**

بە خۆشحالیەوە ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە کە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری پۆلی تەکنیك بۆ زانستەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتیەکان بڕیاریدا بە پەسەندکردنی توێژینەوەی بەڕێزتان بە ناونیشانی **(ڕۆڵی بازارسازیی کۆمەڵایەتی لەبایەخدان بەپرسی جێندەر لە هەرێمی کوردستاندا (ڕاگەیاندنی دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی ژن بە نموونە))** بۆ بلاوکردنەوە لە گۆڤارەکەمان دوای هەسەنگاندن وە هەبوونی گشت مەرجەکانی بلاوکردنەوە لە توێژینەوەکەتان، چاوەڕێیی کاری داهاتووتانین سەرکەوتوو بن.

**پ.ی.د.یوسف مصطفی رسول**
**سەرۆکی دەستەی نووسین**

**وێنەیەك بۆ /**

- سکرتێری لیژنە
- دۆسیەی تایبەت

# Abstract

This research provides ways to link gender issues with social marketing by institutions and organisations specialised in women's issues in the Kurdistan Region.

The main issue of the study is this: to what extent has social marketing of gender issues in women's institutions and organisations have been affective, and whether they have relied on modern means and methods to advance the issue.

To achieve the objectives of the study, I have relied on content analysis method, in-depth interviews to collect data, and analyse social marketing activities of some women organisations in Kurdistan.

The most important conclusion reached by the research is that the number of organisations working in the field of gender is not substantial, partly due to lack of understanding and knowledge of gender issues. The other part is related to the policy direction: their work is defined by their donors without their control. In addition, their work policy is unclear, the social marketing campaigns are mostly orientated towards gender equality and legal awareness, and the position of women in the decision-making.

The social marketing methods of these women organisations are more conventional and less modern, which affects the message and content of social advertising. Furthermore, most of them are centred in the of big cities, depriving people of towns and districts.

This research is divided into several parts, discussing the concept and history of social marketing and its importance in social change, as well as presenting the concept and history of the separation between gender and sex. It also addresses the emergence of Feminism movement in the world and in Kurdistan, and how women organisations address the issue.

In the last part of the study, in-depth interviews with experts in the field of media and gender are presented to address several essential questions,

including but not limited to, the role of women's institutions and organizations in their attention to gender issues through various media tools.

At the end of the study, the results and recommendations are presented.

Key Words: Role, Social Marketing, Attention, Gender Issues, Women's Institutions and Organization

# The Role of Social Marketing in Addressing Gender Issues in The Kurdistan Region (Media of women's Institutions and Organizations For Example)

A Thesis

Submitted to the Council of the College of Erbil Technical Management College at Erbil Polytechnic University in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Media

By

**Avan Faris Asaad Jaff**

BA. Degree of Media – Salahaddin University-Erbil– 2014

Supervised by

**Asst.Prof. Hardawan Mahmoud Kakashekh**

Erbil - Kurdistan

2023